تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

له شاخه‌وه تا شار

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شیعری نوێی کوردی

ئاماده کردنی:
فه‌خره‌دین ئامێدیان

گۆران
شێرکۆ بێکه‌س
ره‌فیق سابیر
عه‌بدوڵلا په‌شێو
جگه‌رخوێن
هێمن
حه‌سیب قه‌ره‌داغی
سواره ئیلخانی‌زاده
که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د
فه‌رهاد شاکه‌لی
ژیلا حوسێنی
و ...



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. lqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

له شاخه وه تا شار

شیعری نوێی کوردی

لە شاخەوە تا شار

شیعری نوێی کوردی

ئامادە کردنی:

فەخرەدین ئامێدیان

له شاخه‌وه تا شار

«شیعری نوێی کوردی»

ئاماده کردنی: فه‌خره‌دین ئامێدیان

ده‌رهێنانی ناواخن: فه‌خره‌دین ئامێدیان

ده‌رهێنانی به‌رگ: ناسێح ره‌حمانی ـ په‌رتووک

پیتچن: سه‌یران په‌رویزی

نۆره‌ی چاپ: یه‌که‌م

تیراژ: ۱۰۰۰ به‌رگ

په‌خشانگای ئازادی

سلێمانی ـ به‌رده‌رکی سه‌را ـ چوارچرا

ته‌له‌فوون ۰٦۷ ۰۷۷۰۱۵۷۵ ـ ۷۳۰۱۱۲۸۳۸۸

پێڕست

• **پێشەکی** ١٧
١- **گۆران** ٢٩
- دیاری خوای شەڕ ٣١
- یار ٣٢
- تاسەی دیدار ٣٣
- پێشکەی منال ٣٦
- بەری بەیانە ٣٧
- تیروکەوان ٣٨
- نەورۆزی ٦١ .... ٤٠
٢- **هێمن** ٤٣
- ئێوارەی پاییز ٤٥
٣- **جگەرخوێن** ٥٣
- نازکا من هاتە خوارێ ٥٥
- کیمە ئەز ٥٧
٤- **دیلان** ٦١
- نەورۆز ٦٣
- نێرگس ٦٤
٥- **حەسیب قەرەداغی** ٦٩
- تینوێتی ٧١
- نزا ٧١
- کفرەحمەد ٧٢
- باران ٧٢
- چاوم ٧٢
- ملوانکەی شاعر ٧٣

- ئەتهێنمەوە.. ٧٤
- سیزیفی ئەندێشە ٧٥
- ـەزم ئەکرد ٧٥
٦- **سوارە ئیلخانیزادە**.. ٧٧
- شار.. ٧٩
- سروەی بەیانی.. ٨٠
- من زیندووم.. ٨١
- بۆ کچە کوردێ.. ٨٢
٧- **شێرکۆ بێکەس** ٨٥
- زیندووی، مردوو.. ٨٧
- خوێنە کۆلا.. ٩١
- مامە خەمە ٩١
- ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ٩٢
- بالا ٩٧
- قووڵ بوونەوە.. ٩٧
- قەڵەم.. ٩٧
- خۆشەویستی.. ٩٨
- واگۆن.. ٩٨
- بوخچە.. ٩٩
- لە گۆڤارێکی بێگانەدا.. ١٠٠
٨- **عەبدوڵلا پەشێو**.. ١٠٣
- دەفتەری سوور.. ١٠٥
- کرێوە.. ١٠٦
- داگیرسان.. ١٠٦
- سەدان ساڵە.. ١٠٧
- گەر سێوێک بوو.. ١١١

- لەدایک بوون ١١١
- تا چرای ئێمە نەسووتێ ١١١
- دیوەرە و کەر ١١٣
- پێزانین ١١٤
- خوناو ١١٦
- خەلات ١١٦
- گولمێخەک ١١٧
- شایی ١١٧
- بتی شکاو ١١٨
- بۆ کچێکی کاڵ ١١٩
- لەگەلما بە ١١٩
- لەبەر دەرگە ١٢٠
- شەونامەی شاعیرێکی تینوو ١٢٢
- خۆشم دەوێی ١٢٥
- بەفر و پشکۆ ١٢٦
- وانەی دووەم ١٢٦
- وانەی پێنجەم ١٢٧
- وانەی حەوتەم ١٢٨
- ئەو پەڕی تینوێتی ١٢٩
- سەربازی ون ١٣٠
٩- لەتیف هەڵمەت ١٣٢
- کوردستان ١٣٣
- گۆرانییەک ١٣٣
- سەرەتایەک ١٣٤
- لقی هەتاو ١٣٥

- بۆ کچێکی ڕێڕەوی جوان ١٣٥
- سێ هۆنراوە بۆ دایکم ١٣٧
- ئاگاداریەک ١٣٩
- تابلۆیەک لەژووری پێشمەرگەیەکی نەناسراوا ١٣٩
- پەنجەرە ونەکان ١٤٠
- خەوی سەوز ١٤١
- دوابڕیار ١٤١
- گۆرانی ١٤٢
- ئەوین ١٤٢
- گەورەترین برین ١٤٣
- جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟ ١٤٤
- گوڵ ١٤٣
- ئاوات ١٤٥
- ئەوینێکی تر ١٤٦
- ئەڕۆم ١٤٧
- چرا ١٤٧
- چنگێ ئاو ١٤٨
- مەرگ ١٤٨
- بزمار ١٤٩
- وڵات ١٤٩
- ئەنگوستیلە ١٥٠
- تاوان ١٥٠
- نە، دڵی تۆ بەردیش نییە ١٥٠

١٠- قوباد جەلیزادە ١٥٣

- چل میلیون برووسکە ١٥٥
- ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل لەتێکن لە جەستەی خودا ١٥٧

- دوو پارچە شیعر ١٦١
١١- ڕەفیق سابیر ١٦٧
- لاوکی هەڵەبجە ١٦٩
- بۆ تەنیایی ١٧٠
- ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا ١٧١
- بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟.................................. ١٧٢
- ئاشنا بوون.. ١٧٢
- لە هەرکوێ بیت.................. .... ١٧٣
- خەون... خەون............................ .... ١٧٣
- ئازادی.......................... .... ١٧٤
- شەونشین............................ .... ١٧٤
- وەرزەبەردینە...١٧٦
- هونراوەیەک بۆ دایکم..................................... ١٨٠
- جۆلانە.................. .... ١٨٢
- لەگەڵ ئەم کۆچە کۆچ مەکە! ١٨٣
- بە چیت بچوێنم؟.. ١٨٤
- Eva...................... .... ١٨٤
- لەدایک بوون.................. .... ١٨٥
- خۆشم دەوێیت.................. .... ١٨٦
١٢- سابیر سدیق ١٨٧
- ژیان کە پڕە لە خواحافیزی...................................... ١٨٩
١٣- دلشاد عەبوڵلا.......................... .... ١٩٧
- بێژینگ.................. .... ١٩٩
- شەترەنج.................. .... ١٩٩
١٤- جەلال مەلەکشا..................................... ٢٠١
- تەنیا.................. .... ٢٠٣

- تۆلەی چاوپێکەوتن ٢٠٣
- ئاواتێک ٢٠٤
- من رەوتەنیم ٢٠٥
- هەڵەبجە ٢٠٥
- دوو تابلۆی ژیان ٢٠٧
- کوودەتا ٢٠٨
- شیعری تازە ٢٠٩
- هەتا لووتکە چەندی ماوە؟ ٢١٠
- داستانی دارەپیرە ٢١٣

١٥- فەرهاد شاکەلی ٢٢١

- سێ دەنگ لە مێژووەوە ٢٢٣
- چەند برگەیەکی پرۆژەکە ٢٢٤
- رێژەن ٢٢٦
- سەردەمی رۆژ بە رێوەیە ٢٢٦
- بۆنی باران ٢٢٨
- هەورێکی کەڵەگەت ٢٣٠

١٦- مارف ئاغایی ٢٣١

- مانەوە ٢٣٣
- بەڵێن ٢٣٤
- تەرزە ٢٣٤
- کۆچ ٢٣٥
- سەرگەردان ٢٣٥
- ئەزموون ٢٣٥
- بیر ٢٣٦
- چەند کۆپلە شیعری سەربەخۆ ٢٣٦
- خۆزگە ٢٣٧

- بەهار ٢٣٧
- خۆشەویستی ٢٣٨
- گلکۆ ٢٣٩
- شۆڕەبی ٢٣٩
١٧- نەبەرد جاف ٢٤١
- بەغا ٢٤٣
١٨- محەمەد حەمەباقی ٢٤٩
- هەنسکی شیعر ٢٥١
- رەوەند ٢٥٣
- ئاوێنە ٢٥٥
- سەمای قەرەجانە ٢٥٨
- پەیام ٢٥٩
١٩- نیگار نادر ٢٦٣
- پریشکە خوێنی مە بە دلی‌هەموانیانەوە وشک هەلاتووە ٢٦٥
- کوردستان ٢٦٨
- شوورەیی دڵ ٢٦٩
- کۆترە ژن ٢٧٠
٢٠- کەژاڵ ئیسماعیل ٢٧١
- شەوەکانی ئەو ژوورە ٢٧٣
- ئەو دەریا شینە ٢٧٥
- چیرۆکی کات ٢٧٦
٢١- هەندرین ٢٧٩
- لە سوورگە بریندارەکانی تەنیاییدا ٢٨١
- تەنیایی ٢٨٣
- سەهەندەیی ٢٨٣

- پەژارەیی........................ .... ٢٨٤
٢٢- نەسرین شاکەلی........ .... ٢٨٥
- سێ هۆنراوە......... .... ٢٨٧
- ئارەزوویەکی تەماحکارانە ٢٨٨
- لەباتی چەپکێ نێرگز... ٢٨٨
- ئیلهامبەخشێ.................... .... ٢٨٩
ئاوێنە......................... .... ٢٨٩
پرسیار................. .... ٢٨٩
- ڕێگای هات و نەهات........ .... ٢٩٠
- پلەکانە.............. .... ٢٩٠
٢٣-هیوا قادر.................. .... ٢٩٣
- کە مەرگ دیت ژیان لەوێ نییە... ٢٩٥
ژیان لە کۆلانەکەی ئێمەیە...... .... ٢٩٦
٢٤- کەریم حیکمەتی.................. .... ٢٩٩
- سووتان..................... .... ٣٠١
- ئاوێنە................. .... ٣٠١
- خاک........................ .... ٣٠٢
- پردی تاسەیەک دەفرم.. ٣٠٢
- سەفەر............. .... ٣٠٣
- هەی لە کۆچی چەپکێ پەمە... ٣٠٤
- نامۆ................ .... ٣٠٥
- ڕاقە.......................... .... ٣٠٦
- خەمی نان... ٣٠٦
- ڕەنگ.................... .... ٣٠٧
- ڕاسان.................. .... ٣٠٨
٢٥- بەختیار عەلی....................... .... ٣٠٩

- پیاوکوژەکان بۆ تەنهان؟ ٣١١
- پارانەوەی دووهەم........................ ٣١١
- جەلاد........................ ٣١٢
- ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت! ٣١٣
- بەشکردن........................ ٣١٣
٢٦- مەهاباد قەرەداغی ٣١٥
- چاوم مەنزلگەتە........................ ٣١٧
- هەبوو... نەبوو........................ ٣١٧
- خۆشم دەویی کە واتە من هەم........................ ٣١٩
- ژیانەوە........................ ٣٢٠
٢٧- ژیلا حوسێنی........................ ٣٢٣
- قەلای راز........................ ٣٢٥
- گەشەی ئەوین........................ ٣٢٦
- سەمای مەرگ........................ ٣٢٧
- ئامۆژگاری........................ ٣٢٧
- سێ تار........................ ٣٢٨
- بەلگە........................ ٣٢٩
- ریگا........................ ٣٢٩
- کە خەو بە تووە ئەبینم........................ ٣٣١
٢٨- د.ناسیح قەرەداغی........................ ٣٣٣
- جادووی حەنین........................ ٣٣٥
٢٩- چۆمان هەردی ٣٣٧
- پەسەند کردن........................ ٣٣٩
- مەستبوون........................ ٣٣٩
- بێدەنگی........................ ٣٤٠
- ئاشنا بوون........................ ٣٤١

٣٠-دلاوەر قەرەداغی ٢٤٣
- لە چاو ترووکانێکا سەری ولاتم سپی بوو........................ ٢٤٥
- منالێ کە لەوێ هاتەوە وای وت........................ ٣٤٨
٣١- ئەمین گەردیگلانی........................ ٣٥١
- نیو نیگا........................ ٣٥٣
- ترس........................ ٣٥٣
- مینی تەماتەیی........................ ٣٥٣
- ڕێگا........................ ٣٥٥
٣٢-سیمینی چایچی ٣٥٦
- پارادۆکس........................ ٣٥٩
- غوربەت........................ ٣٦٢
- هاوسەفەر........................ ٣٦٣
- شارەکەم........................ ٣٦٤
- یاخی........................ ٣٦٤
٣٣- کەژاڵ ئەحمەد........................ ٣٦٧
- من دەبێ خۆم بسمیل بکەم........................ ٣٦٩
- دلم لەشوێنێ داناوە........................ ٣٧١
- مانگی شکاو........................ ٣٧٣
- گوڵی سوور........................ ٣٧٦
- تۆ........................ ٣٧٧
- بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە........................ ٣٧٧
٣٤-سۆران حوسێنی........................ ٣٨١
- کۆچ........................ ٣٨٣
- درۆ........................ ٣٨٣
٣٥-ڕەزا عەلیپوور........................ ٣٨٧
- من ئەمرم........................ ٣٨٨

٣٦- فووزیە سولتانبەیگی ٣٩١
- چەشنی خەونێکی سەرلێشێواوە........................ ٣٩٣
- یەکەم کەس................................ ٣٩٤
٣٧- قادر فەرامەرزی ٣٩٥
- خەوالووترین.............................. ٣٩٦
- ڕێگا هەوراز ٣٩٦
٣٨- فەرەیدوون ئەرشەدی.............................. ٣٩٧
- ئمپراتوور.............................. ٣٩٨
٣٩-جەمال نەجاری ٤٠٠
- دوو کەس بووین.............................. ٤٠١
٤٠- کەریم حیکمەتی.............................. ٤٠٦
- بۆ جودایی.............................. ٤٠٧
- شەیدایی.............................. ٤٠٧

پێشەکی

شیعر پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانەیەو مەبەستی گۆڕانی سیمای دونیایە. شیعر ئێسپارتاکووسی یاخی بووە لە هەرچی نابەرامبەری و کۆنەپەرستییەو سەری هەرچی کۆڵدانە لە جەستەی ویدەکاتەوە. شیعر مرۆڤێکی یاخییە کە قەد لە بەرامبەر پاوەنی یاسا سەردانانەوێنێ و هیچ یاسایەکی ئەم جیهانە، ناتوانێ بیبەستێتەوە.

شیعر تەقینەوەیەکە لە زاردا بۆ هەڵوەشاندنی پێوەندی مەنتیقی لە نێوان وشەکان.

شیعر نابێ دامرکێ و ئەهوەن بێتەوە. هەرچەن قەد گەورە نابێ، بەڵام قەد گوێ نانێتە مستی کەس. منداڵێکی لاسارەو روومەتی هەرچی دیواری ئەم جیهانەیە خوێناوی دەکاو خەو لە چاوی شووشەکان دەڕەوێنێ و ئارام لە گیانی دەرگاکان دەستێنێ.

بە بیری قازانج نابزوێتەوەو بە هۆی زیانیش ناپرینگێتەوە. شیعر لە هەرچی سوودو زیانە بێزی دێ و ناکەوێتە توخنیان.

شیعر شۆڕشێکی دەروونیە دژ بە شتە خوو پێگرتووەکان.

کۆمەڵگا تا نەگۆڕدرێ پێش ناکەوێ؛ شیعر دژ بە نەگۆڕان دەوەستێ و لە پێناویدا خوێنی خەڵات دەکاو ئازار بە گیان دەچێژێ و لە قوربانگادا بە لێوی بە بزە، سەر بۆ ئێبراهیمی هیوا نەوی دەکاو چاو دەبڕێتە نێو چاوانی دوارۆژی رووناک و لە نێو دڵیدا رۆدەچێ، تا لە گەرووی سبەینێی کامەرانیدا بێتەوە دونیا و لە سینگی بەرامبەری مرۆڤدا شیری گیانپڕژێن بمژێ و لە ئامێزی

خۆشەویستیدا بژیتەوە؛ چونکە بڕوای قایەمی شیعر وایە کە: «باشتر لەوەی لەمەو دوا دێت، نییە».

شیعرێک کە دەگەڵ سەردەمەکەی خۆیدا بە شەڕ نەیێ، شیعر نییە.

شیعرێک لە بیری ڕاگرتنی حورمەتی کۆمەڵ، خوو و خدەکانی، باوەڕو خوا دەسکردەکانی بێ، شیعر نییە؛ پەخشانێکی ئەفیوونییە کە چاوی کۆمەڵگا دەکاتە خەو تا دزانی شەوبێداریان بکاتە سەر.

شیعرو دەوڵەت:

دەوڵەت پیاوێکی تەژەی مەندەبۆری چاوپیسی چاوچلێسە کە بینی لە حەنای بۆنی خۆشەویستی کپەو بێزی لە ئەوین دێت. دەوڵەت چاوچنۆکێکی چاونەزێرە کە هەموو شتی بۆ خۆی دەوێ. دەوڵەت ترسنۆکێکی خوێڕییە کە لە ورتەی مندالە ساوایەکیش ڕۆحی دەتەوقێ. لە ترسان نابزوێ تا لە شووشەدا دەمرێ.

دەوڵەت تا لە چۆرتکە نەدا ناجووڵێ. کە بۆنی قازانجی گەیشتە کەپۆ، لە هەمبەر هەموو کەس دەکەوێتە کلکە سووتە.

خۆشبۆنترین بەرامە لە لای دەوڵەت بۆنی مردارە؛ خۆشترین بەزمی، بەزمی سەربڕینی ئەویندارانە.

دەوڵەت پیرەژنێکی ئەفسوونکارە کە خزاوەتە نێو باخەڵی هەزاران کوڕو کاڵی ئارەزوولێداوی لە گوێچکەی گادا خەوتوو و بە مەرایی و زمان لووسی لە خشتەی بردوون. عفریتەیەکی دهۆبازە کە شەو نەبێ خۆی نانوێنێ؛ چونکە ڕووناکی هەتاو ئەفسوونەکانی پووچەڵ دەکاتەوە.

شیعر، ئەو هەتاوەیە ڕووبەند لە سەر ڕووی ئەم گزیکارە لادەداو ڕوومەتی نەحس و پیسی، خویان و ئەفسوونەکانی پووچەڵ دەکاتەوە. شیعر، قەمچێکی

بە سۆیە لە سەر دڵی دەسەڵات. شیعر تانەیەکی بەژانە کە لە سەرچاوی دەسەڵات دەڕوێ و ئارامی لێ دەستێنێ.

شیعر ژانێکی بەردەوامە لە ورگی پڕ لە قینی دەسەڵات. شیعر ترس و دڵەڕاوکێیەکی جەرگبڕە کە هەردەم ڕوومەتی دزیوو ناحەزو پیسی دەسەڵات لە تۆڕی ئێنتەرنێتدا بڵاو دەکاتەوەو بە عالەمی دەناسێنێت.

شیعر کێشەیەکی بەردەوام و بێپسانەوەیە لە گەڵ دەوڵەت.

دەسەڵات سەمبۆلی نەجووڵان، تاریکی، گزی، دزی، لە خۆبایی بوون و بە گشتی ئەهریمەنە. شیعر کە خزایە لای دەسەڵات، کە نانی خۆی لە سەر سفرەی پڕ لە خوێنی دەسەڵات بینی، کە تیری زێڕ نیگای ئەنگاوت، ئیدی ئەو شیعرە، با جوانیش بێ، رازاوەش بێ، دەکەوێتە بەر لەحنەتی خوای شیعر. ئەو شیعرەی گەردی ژێر پێڵاوی کرێکارێکی رووتی گۆڕاوە بە تاجو تەختی پڕشکۆی دەسەڵات، دوور دەخرێتەوە بۆ تاراوگەی فەرامۆشی.

شاعیر کە پیرو کەنفت بوو[1] کە لە پەلوپۆ کەوت و گەورە بوو، پیری چەتری کێشا بە سەریا، ئەو کاتەیە کە خوای شیعریش چەکی دەکاو گفتی خۆش و لفتی رەوانی لێ دەکاتە قورقوشم.

رەنگە دەسەڵات بتوانێ بە زێڕ یا بە زۆر شاعیر ببەستێتەوە، بەڵام قەد لە وزەیدا نییە شیعریش بێنێتە ژێر رکێفی خۆی. دڵی شاعیر وڵاتێکی هەمیشە بەهارە، بۆیە پەڕەسێلکەکان جێی ناهێڵن. بەڵام کە شاعیر خزایە لای

---

[1] - گەورە بوونو پیرو کەنەفت بوونی شاعیر، نەک بە رواڵەتو جەستەیە، بەڵکوو مەبەست لە پیر بوون تەسلیم بوونە لە بەرامبەر حەزو داخوازە دونیاییەکان، بە پێی سوودو قازانج بیرکردنەوەو جووڵانەوە. رەنگە زۆر شاعیرمان بێ لە تەمەنی ٣٠ یا ٤٠ساڵان یا لەوەش کەمتر تووشی پیری بێ. کەچی زۆربەی شاعیرە گەورەکانمان لە تەمەنی ٦٠و ٧٠ و هەشتاشدا وەکوو لاوێکی بەگوڕ شیعریان تاو دەدەنو بێجگە لە راستی ئاوڕ لە هیچیتر نادەنەوە.

بەشلەفەوە کاشۆر

دەسەلاتەوە، زستانی دلی دەگاو شیعرەکانی پۆل پۆل دەفرن و روو لە بەهارێکی‌ترو ئاسمانێکی‌ترو شاعیرێکی‌تر دەکەن.

شیعر و کۆمەڵگا:

شیعر بەر لە کۆمەڵگای خۆی سەفەر دەکاو ئاسۆ روونەکان بە دی دەکاو هەورازەکان دەناسێ و چیاکەن دەبینێتەوەو دەکەوێتە تەک رووبارەکان و دەریاکان دەگەڕێ و دێتەوە بۆ کۆمەڵگای خۆی و دەبێتە رێنما و رێبەر. شیعر بزوێنەری کۆمەڵگایە بۆ جوولان، رۆیشتن، نەخەوتن و نەوەستان.

شیعر پزیشکێکی گەڕۆکە، زامە کۆنەکانی کۆمەڵگا -کە بە ئەفیوونی دەوڵەت داسەکێنراوە- دێنێتەوە سوێ، تا کۆمەڵگا خۆی بزانێ ئەو زامەی کە بە رواڵەت سەری لێکناوەو بە هۆی ئەفیوونی دەسەلاتەوە ئێشی نەماوە، چۆن کرم و زووخ لێداوەو شێرپەنجەی گزی و فزی تەشەنەی تێدا کردووە؛ کەواتە بۆ دەرمانی خۆی، رابێ و خۆی لە هەرچی ئەفیوونە پاکژو جەستەی لە هەرچی میکرۆبە خاوێن کاتەوە.

شیعر ئەسپێکی خۆشبەزو سەربزێوە کە کۆمەڵگا لە کۆڵ دەنێ و بە تاو دەرو دەشت و چیاو کەژ دەریاو رووبارەکان دەبڕێ و بەرەو کام ئاسۆ روونە دەیبا.

شیعر قەد کۆن نابێ. قەد بەرگی کۆن لە بەر ناکات. شیعر رووبارێکی بە هاژەیە کە هەردەم لە تازەبوونایە.

دابونەریت و فەرهەنگەکان هەوێنی مانەوەو وەستانن؛ شیعر دژی هەموو دابونەریت و فەرهەنگێکە؛ شیعر دژ بە وەستان و کۆن بوونە.

شیعر ئەویندارێکی دڵسووتاوی چاو پڕلە خوێنە کە لە هەر کوێ، لە هەر کۆلانێک، لە پشتی هەر دەلاقەیەک، لە سەری هەر کانیاوێک، لە سەر هەر بانێک، خۆشەویستەکەی (کۆمەڵگا) بە دی کا، هانی دەدا و بە بەڵێنی رۆژی خۆشی پڕ لە هەتاو و ژیانی ئازادو بەختەوەر، رەدووی خۆی دەخاو دنەی

دەدا تا لە ئاغای نەگریسی چاوپیس سڵ نەکاو لە هەمبەری کز و سەرشۆڕ نەبێ.

شیعر لە ئەو پەڕی ساکاریدا سەخت و دژوارە؛ لە ئاستی هەژارو رەش و رووتاندا، نەرم و نیان و سانایە، کەچی لە ئاستی ملهۆڕو زاڵم و سەرکەشاندا تووڕەو توندو هەڵچوو و بێبەزەییە.

هونەر بە گشتی و شیعر بە تایبەت ئاسۆیەکن لە ناخی مرۆڤدا بۆ گەیشتن بە راستی.

شیعر هەتاوێکە کە گەر شوێنێک نەبێ روونی کاتەوە، پووچ دەبێ و دەکوژێتەوە. شیعر کۆترێکی بێلانەیە کە دەبێ لە نێو هێلانەی دڵی کۆمەڵدا بحەسێتەوە.

شاعیر کێیە؟

شاعیر مرۆڤێکی جن لێداو و شەیدایە کە بە زاری خەڵکی ئاسایی ناپەیڤێ؛ بەڵکوو بە شەیداییەک -کە لە سۆنگەی سرووشی ئاسمانییەوە تووشیاری بووە- دەئاخێوێ. لەو سۆنگەوە شاعیر لە یاسا ئاساییەکانی دادوەری بەری دەبێو دەکەوێتە قۆناغێک لە نێوان پێشگۆیی و شەیداییەوە؛ کە هەندێ جار ئەمیانەو برێ جار ئەویتریان و جاربە جاریش هەردووکیان.

ئەفلاتوون لە بەشێک لە نامیلکەی «فایدرۆس»دا لە زمان سوقراتەوە دەڵێ: «جۆری سێهەم لە شەیدایی، حاڵی ئەو کەسەیە کە خواکانی شیعرو هونەرو زانست ئەفسوونیان کردووە. ئەم ئەفسوونە دەیخاتە دۆخێک کە رۆحی پاکژو ناسک و بە هەست دەکاو وای دێنێتە سەر شەوق کە چریکەی ئەویندارانەو دڵڕفێن و هەست بزوێن هەڵدەدا. رۆحی بەم ئاوازانە، هەڵس و کەوتی قارەمانانی پێشوو بۆ راهێنانی داهاتووان دەکاتە بەستەو دەیهۆنێتەوە».

شاعیر ئەوەی کە دەیهۆنێتەوە، لە لای خۆی هونەر نییە ، ئیلهامە، وەحییە. شاعیر تا ئەو دەم کە لە شەیداییدا بێ، لە ئافراندنی هونەریدا پشت بە هەست

و عاتیفەی دەبەستێ. سەنعەتی شیعری بە هۆی ئەو شەیدایییەوە دەخولقێ، بۆیە پێویست ناکا تەنانەت بیری لێ بکاتەوە.

بەڵام شیعری کوردی

شیعر نوێنەری بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و تەنانەت ئابووری ئاخێزگەکەیە. ئەمە زۆر سرووشتییە کە لە وڵاتی ئەنفال و کیمیاو شەڕو بوردماندا «مارگوت بیگڵ» نەیەتە دونیاوە. لە وڵاتێکدا کە ڕۆڵەکانی تا چاویان کردۆتەوە دەنگی بۆمب و نەڕەی داگیرکەرو هەنسک و ئاهی دایک و باوکانی جەرگ سووتاو ڕۆحی سواخ داون، وڵاتێک کە ناوی منداڵانی «هێرش‌و شۆڕش‌و هاوار» بێ، دیارە چەن بیری شۆڕش‌و سەربەستی کونج و قوژبنی ڕۆحی تەنیون؛ بۆیە ئاوەها نەتەوەیەک، ڕۆڵەی وەکوو پەشێوو شێرکۆ بێکەس و لەتێف هەڵمەتی دەبێ.

ڕەنگە زۆربەی شیعری کوردی تا نزیکی ساڵی ٢٠٠٠، شیعری شۆڕش و خەبات بێ؛ شیعری نەفرەت لە زۆردارو داگیرکەر، شیعری ئاوارەیی و زیندان، لە هەمان کاتدا شیعری خۆشەویستی.

بە بڕوای من شیعری نوێی کوردی لە چەن بواردا چالاکی هەبووە:

١- شیعری خۆشەویستی و دڵداری

بە گشتی سەرنجی شیعر بەرەو لای پاکی و خاوێنی و هێمنی و -گرینگتر لە هەموویان- چێژو لەززەتە. بە بڕوای من گرینگترین هۆی مانەوەو بەردەوامی ژیان چێژە؛ چێژ لە هەرشتێک: پووڵ و پارە، ژن و ئافرەت، هێزو دەسەڵات یاخۆ بەرزی ئاکارو ڕەوشت و گەیشتن بە پلەو پاگەی عیرفانی. بێگومان چێژ بەهێزترین دنەدەرو بزوێنەرە بۆ بەردەوامی ژیان؛ جا نەک بە تەنیا لە مرۆڤدا بەڵکوو لە هەموو گیاندارێک. ڕەمزی مانەوەی بەرەی گیانداران چێژی جینسی و خواردنە، هۆی مانەوەی کۆمەڵگا، چێژی گەیشتن بە دەسەڵات، هێمنی و بەختەوەرییە. لەززەتێک کە لە پەرستندایە هۆی

بەردەوامی ئایینە لە کۆمەڵگای ئینسانیدا. بە گشتی و بە کورتی ئەگەر لەززەت نەبێ، نە ژیان دەمێنێ و نە کۆمەڵگاو نە ئاسەواری مان و بوون.

بەڵام لە نێو هەمووی ئەو لەززەتە دونیاییانەدا هیچیان ناگەنە لەززەتی دڵداری. ناگەنە ئەو خۆشییەی کە ئاشق لە خۆشەویستەکەیدا دەتوێتەوەو خۆی لە بیر دەکاو وەکوو پەپوولەیەک بە دەوری شەمی وجوودی دڵدارەکەیدا دەسووڕێتەوەو لە ئەنجامدا هۆشی لە خۆی دەبڕێ و گڕەکانی شەم دەگرێتە ئامێزو گڕی دڵی دادەمرکێنێ و فێنکی وجوودی دەگرێ و لە خۆشەویستیدا دەبنە یەک و دابڕان و جیایی دادەبڕن و لێی جیا دەبنەوەو دەبنە یەک و دوو ناهێڵن و ئەوەی نامۆ بێ لە نێوانیاندا بە گڕی ئەوین دەیسووتێنن و نە ئاشق دەهێڵن و نە مەعشووق و هەر دوو دەبنە یەک.

شیعر کە هەڵوەدای دیتنەوەی پاکییە، کوو دەتوانێ لەم بەزمە دڵڕفێنە بپرینگێتەوە. شیعر کە خۆی ئەوینەو ئاخێزگەکەی وڵاتی دڵەو بزوێنەری، خوای خۆشەویستییە، لەم بەزمە خۆشەدا دەبێ چ حاڵێکی بێ.

لە ئەدەبی هەموو نەتەوەکانی دونیادا بەشێکی گەورە لە بابەتی شیعرەکانیان دڵداری و خۆشەویستیە. ئاوێتەیی شیعرو دڵداری بە جۆرێکە کە دەمانخاتە ئەو گومانەوە کە ئەم دوانە یەکێکن لە دوو جەستەدا؛ یاخۆ لفەدوانەیەکن کە لێک دابڕاون؛ یاخۆ یەکیان سێبەری ئەویتریانە.

بەڵام -هەروەک ئاماژەمان پێکرد- شیعر گراوی پاکی و خۆشەویستیە. جا چ شتێک دەتوانێ پاکتر لە ئەوین بێ. کەواتە شیعری کوردیش وەک شیعری هەموو نەتەوەکانیتر ئۆقرەو ئارامی بە دڵداری دێت و هیچیتر. باس لە دڵداری فێنکیەک بە گیانی دەبەخشێ و هێزی بەپێز دەکا بۆ پەڕاندنەوەی گەلی داماوی ژێرچەپۆک لە بۆمب و کیمیاو ئەنفال و تاراوگەو زیندان.

٢- شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی

نیشتمان دایکی دووهەمی هەرکەسە. نیشتمان ئەو شوێنەیە مرۆڤ تێیدا چاوی بە سەر دونیا دەکاتەوە، پەروەردە دەبێ، فێر دەبێ چۆن زاری بۆ دەربڕینی مەبەست بگێڕێ.

نیشتمان منداڵانی رادێنێ چۆن سەربەرز بژین. نیشتمان زارۆکانی فێری دڵداری دەکا. بە دەرکەوتنی هەتاو رایاندێنێ چۆن لە سەر پشتی شاخ هەڵزنن، لە نێو دڵی رووبارا خۆیان بشارنەوە، لە گەڵ کیژی دارستاندا سەمای قەرەجانە بگێڕن، بە بەرد چاوی حیزی نەگریسان بەردباران کەن و دڵی بەرد هەڵکۆڵن و بۆ رۆژانی لێقەومان هێلانیەک چێ بکەن.

نیشتمان پاژێک لە وجوودی هەرکەسەو چ ئێستاو چ پێشتر گراویەکی تایبەت لە نێوان مرۆڤ و نیشتماندا بووە. ئەم گراوییە لە دوو بەشدا دەنوێندرێ:

١-٢- پەسنی سروشتی کوردستان: رەنگە وامان بە دڵدا بێت کە لە ئەدەبیاتی ریئالیستی و کلاسیکی دونیادا نواندنی سروشت کارێکی ئاساییەو قەد ناوی شیعری نیشتمانیشی بە سەردا نەبڕاوە. راستە؛ بەڵام ئەوەی کە لە شیعری نوێی کوردیدایەو ئەم شێوازە دەخاتە ریزی شیعری نیشتمانییەوە، مەبەستی پەسنی سروشتە. لە شیعری نوێی کوردیدا، تاراوگە دیاردەیەکی داسەپاوە؛ شاعیر لە وڵات راودەنرێ. هۆی راونانەکەش خۆشەویستەکەیە. خۆشەویستێک کە کەوتۆتە بەرچاوی تەماحی داگیرکەر.

شاعیر بەم پێداهەڵگوتنەی چەن ئامانجی رەچاو کردووە: گەیاندنی ئەو سووکایەتیە بە گوێی ویژدانە بێدارەکانی دونیا، ترساندنی داگیرکەر، بزواندنی رۆڵەکانی نیشتمان و لە ئەنجامدا ئەهوەن کردنەوەی داخی دڵ. ئێمە ئەم تایبەتمەندییە لە شیعرە ریئالیستی و کلاسیکەکاندا بەدی ناکەین؛ چونکە مەبەستی ئەو شاعیرو وێنەکێشانە خودی سروشت بووە، بە هۆی ئەوەوە کە جوانە، یا لە ریئالیسمدا مەبەست نواندنی ناحەزییەکانی سروشت و کۆمەڵگا

بووە بۆ بەرەنگار بوونیان. لە شیعری کلاسیکدا کەمتر ولاتێک کە زێد و نیشتمان بێ دەبینین، بەڵکوو لە هەر شوێنێکدا سروشتێکی جوانیان بەدی کردبێ، بە شیعر یا وێنە رەسمیان کردووە. ئەم دانستەیە -واتە پەسنی سروشتی ولات بەو هۆیە کە باس کرا- تایبەتە بە ولاتانێکی وەکوو کوردستان کە کەوتوونەتە بەر پەلامارو داپڕان.

٢-٢- شیعری شۆڕش: رەنگە ئەم بەشە لە شیعری نەتەوەیی بەشێکی زۆر لە شیعری نوێی کوردی ساڵانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم تا نەوەدەکان بگرێتەوە. بزاڤە جۆربەجۆرەکانی کورد لە گەشەو سەرهەڵدانن و کورد خەریکە خۆی دەدۆزێتەوە.

شیعری شۆڕش خۆی لە چەند رەهەند دایە:

١-٢-٢- سەرەتا ئامادە کردنی جڤاکی کوردی بۆ شۆڕش؛ واتە بەخەبەر کردنی گەلێکی خەولێکەوتوو و بێ ئاگا.

٢-٢-٢- شیعری تووک و نەفرەت لە داگیرکەران و ناساندن و نواندنی ڕوومەتی دزێو و ناحەزی بە جەماوەر.

٣-٢-٢- شیعری یەکیەتی. لە قۆناغێکدا کە ئاوری شەڕ دایساوەو ڕۆڵەکانی گەل گیانی خۆیان کردووە بە دەستەچیلە بۆ گەشاندنەوەی ئاوری داگیرکەرسووتێن، شیعر لە سەنگەر و لە گۆڕەپانی خەباتا ڕێنماو ڕێنوێنی خەباتە.

٣- شیعرو براکوژی

لە نەوەدەکانا کە دێ‌ی براکوژی خەریک بوو یەکەیەکە ڕۆڵەکانی گەلی هەڵدەلووشی و دەیەویست جارێکی‌تر جەرگی دایکی نیشتمان ببڕێ و گیانی بێنێتەوە سۆ و ئاواتی سەدان ساڵەی بنێژێ، شیعر سەنگەری خۆی گۆڕی و ئەمجار ڕووی شیعری کردە براکوژی و کۆمەڵگای لە هەڵدێرگای نەمان گەڕانەوە.

٤- شیعرو ژن:

بارودۆخی ژن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەت گەلێک جێگای رامانە. ئەگەر شەڕی براکوژی ١٠,٠٠٠ پیاوی کردە قوربانی، دەسەڵاتی پیاوسالار لە ماوەی ١٥ساڵدا -تا ٢٠٠٧- زۆرتر لە ٣٠,٠٠٠ ژنی بە تاوانی ئابڕوو کردۆتە قوربانی حەزەکانی خۆی[٢]. تەنیا سەیرێکی ڕۆژنامەو کۆڤارەکان روون دەکاتەوە کە کێشەی ژنان لە کوردستاندا لە چ ئاستێکی دڵتەزێن دایە. هەموو رۆژێ دڵی لاپەڕەی رۆژنامەو کۆوارەکان بە خوێنی ئەو کچ و ژنانە سوور بووە کە ویستوویان بە ویستی خۆیان بژین؛ ویستوویانە ئەوانیش وەک پیاوانی کۆمەڵگا لە نیعمەتەکانی خوا بەهرەمەند بن؛ بەڵام تووشیاری خۆویستی و لووت بەرزی پیاو بوون و لە خوێنی خۆیاندا گەوزین.

دیارە شیعر قەد نەیتوانیوە چاو لە هیچ زوڵمێک بنووقێنێ، ئەمجارەش چاکی خەبات دەگەڵ کەسێکدا بە لادا دەکا کە تا دوێنێ پێیدا هەڵیدەگوت، پەسنی دەکرد، کڕنۆشی بۆ دەبرد، دەستی ماچ دەکردو پێڵاوەکانی دەکردە تاجی سەری. بەڵام ئێستا کە دەبینێ چەوساوەکەی دوێنێ ئێستا خۆی بووەتە چەوسێنەر، لووتی بە ئاسمان نووساوی دەشکێنێ و دژ بە کردەوەکانی دەوەستێ.

بێگومان فیمینیزمی کوردی بەشێک لە شیعری کوردی ئەم سەردەمەیەو یەکێک لە سەنگەرەکانی ئەمڕۆی شیعریش، بزاڤی ژنانە.

٥- شیعرو خەباتی کۆمەڵایەتی

---

[2] سایتی «ڤیریتاس ئونیڤێرسالیس»ی دانیمارکیی :

http://universalgeni.wordpress.com/١٣/٠٦/٢٠٠٧/irakisk-kurdistan-٣٠٠٠٠-kvinder-myrdet-de-sidste-١٥-ar/

کورد ئەمڕۆ لانیکەم لە بەشێکی هەرچەن بچووکیدا خەریکە ئەزموونی سەربەخۆیی تاقی دەکاتەوە. دیارە ئەم قۆناغەش کۆسپ و هەڵدێرگای فراوانی تێدایەو دوژمنانی سوێندخواردووش مەتەرێزی دەسرێژی چۆڵ ناکەن و هەردەم بە تەمان ئەم ساوای نۆرەسە لە لانکەکەیدا بخنکێنن و کوڵی دڵیان بە خوێنی دامرکێنن. بوون بە دەوڵەتیش بێ کێشەو خوارو بان نابێ؛ لانیکەم ئەزموونی چەنسەد ساڵەی دەوڵەتە خواپێداوەکان وامان پیشان دەدا.

شیعر ئەم جارەش باشترین ڕێنوێن و ڕێنمایە. شیعرە کە بە زێڕی دەسەلات نافریوێ و ڕێبازی بەرنادا، نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتییەکان داخێکی گرانن بە سەر دڵی شیعردا. شیعر بۆ هێور کردنەوەی ئەم داخە لە هیچ هەوڵێک ناوەستێ و ڕوو لە ئاسۆی گەیشتن بە وڵاتێکی دیموکراتیک باری قورسی کۆمەڵ لە کۆڵ دەنێ و لە ڕۆیشتن ناوەستێ.

هەریەک لەم چەمکانەی کە بە کورتی باسی لێکرا، جێگای ئەوەی هەیە کە بە درێژایی ژیانی شیعر لە سەریان بڕۆین و هەزاران لاپەڕەی بۆ ڕەش کەینەوە، بەڵام لە پێشەکیەکدا زۆرتر لەمەی بێژرا نابێژرێ. کەواتە با خوێنەری هێژاو زانا خۆی تێیدا رابمێنێ و لێی وزد بێتەوەو وەردی بداتەوە.

***

بۆ کۆکردنەوەی ئەم شیعرانە، هانمان داوە زۆرتر شیعری ئەو شاعیرانە بێنین کە کاریگەریان بە سەر بزاقە کوردیەکاندا بووەو دەورێکی بەرچاویان لە پێشبردنی چارەنووسی کورددا هەبووە. هەندێک لە شاعیرەکان ڕەنگە زۆر لاوتر لەوەی بن کە بە سەر بزاڤی کوردیدا کارگەریان هەبووبێ؛ ڕاستە، بەڵام ئەوانەمان وەک نموونەی شیعری داهاتووی کوردی هێناوەتەوە.

خوێنەری هێژا! هەر نووسراوەیەک بێخوێنەر بمێنێتەوە پووچەڵ دەبێ و وەکوو بەفر لە بەرچاوی خۆر سوێی دێتەوەو دەتوێتەوەو هیچی لێ نامێنێ. ئەو بیرەی دەبێتە وشەو خۆی دەنووسێنێ بە سەر سینگی لاپەڕەکاندا، هیوای ئەوەیە بڕواتە

پێش چاوی بیریکی‌تر و پێک بگەن و ببنە یەک. بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکرێ و ئەگەر بۆ چەن ساتێکیش بووبێ، بنرێتە سەر مێزی خوێندن و چاوی پێدا بخشێنرێ.

ئەم کتێبەی بەر دەستیشتان لەم بنەمایە بەری نییەو هەمان ئاواتی هەیە. ئاواتی ئەوەیە ئەگەر ڕەش و ڕووتەو نوقسانی هەیە، بە چاوی لێبوردنەوە سەیری بکرێ و وەک پەرتووکێک بتوانێ لە نێو کتێبخانەی کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە.

زۆر سپاسی ئەو دۆستانەم دەکەم کە بۆ ئەم کارە یارمەتییان دام کە بێ یارمەتی ئەوان، ئاواتی بە دیهێنانی ئەم بەرهەمە وەکوو مندالێک لە پزدانی دایکیدا دەمایەوەو قەد چاوی بە سەر دونیای ڕووندا نەدەکردەوە، بە تایبەت زۆ سپاسی براو دۆستی هێژام کاک ڕەئووفی مەلایی دەکەم کە بێ یارمەتی ئەو، ئەم کارەم قەد بەرگی کتێبی نەدەپۆشی؛ هەروەها سپاسی دۆست‌و هاوڕێم ئەفشینی بەهاریزەڕ دەکەم کە پێشنیارەکانی بۆ بەدەوتر کردنی کتێبەکە، زۆر بەجێ بوو.

فەخرەدین ئامێدیان
١٣٨٧/٢/٢ سنە

گۆران

عەبدوڵلابەگی گۆران کوڕی سلێمان-بەگ لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووەو هەر لەوێ نراوەتە بەر خوێندن. لە ١٩١٠دا بابی بە ڕەحمەتی خودا دەچێ‌و ناچار دەگەڵ تاقمێ لە خزمانیدا بنەوبارگەیان بەرەو هەورامان لێکدەنێن. لە ١٩١٢دا دەڕوا بۆ کەرکووک‌و لە مەکتەبی «عیلمییەی» ئەو شارەدا درێژە بە خوێندن دەدا؛ بەڵام پاش چەند مانگ ناچار دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی.

لە ساڵی ١٩٢٦دا لە ئیدارەیەکدا وەردەگیرێ‌و هەر لەو ساڵەوە ژیانی هونەری خۆی دەست پێدەکا.

لە ١٩٥٨دا لە زانکۆی بەغدا دەبێتە ماموستای زمان و ئەدەبێ کوردی، بەڵام ئەجەل ماوەی نەدا بەو چەشنەی کە خۆی دەیەویست درێژە بە پەروەردە کردنی قوتابی و خزمەت بە زمانی بدات و لە ٢١ دیسامبری ١٩٦٢ ئەم ئەستێرە پرشنگدارەی ئاسمانی ئەدەب و هونەرە رووی لە ئاوا بوون نا.

ماموستا گۆران لە سەرەتاوە لە سەر کێشی عەرووزی شیعری دەگوت، بەڵام دوایی کە هەستی کرد شیعری عەرووزی لە دەورانی نوێدا بۆ دەربڕینی هەست‌و بڕینی ڕێگای پڕ لە هەورازی خەباتی کۆمەڵایەتی کزو کۆڵەوارە، ئاوڕی دایەوە لای شیعری خۆماڵی کوردی‌و شۆڕشێکی لە شیعری کوردیدا

بەرپا کرد کە چارەنووسی شیعری کوردی بە تەواوی گۆڕاو ڕێبازێکی نوێ لە شیعری کوردیدا بەرپا بوو.

دیاری خوای شەڕ

دیاری خوای شەڕ، خەشمە و قینە
دوشمنیە و ڕقە و کینە،
بەدخواهییە و نیهادی پیس
باری لێکدانەوەی ئیبلیس
دیاری خوای شەڕ، پڕ بە دڵ ترس
یەکزمان و سەد هەزار پرس،
گومان لە ڕاست، بەڵام باوەڕ
بە درۆ-ئاخ دیاری خوای شەڕ!-
دیاری خوای شەڕ ڕەنجە و ئازار،
مەرگی لەشکر، وێرانی شار،
بۆ دایک: تاقانە کوشتن،
بۆ کۆرپەی ناز: هەتیو خستن!
خوای شەڕ ئینسان لە هاوجینسی
ئەکا بە گورگێکی برسی،
ئاگر، قورقوشم، غازی خنکێن
ئەداتە دەستی و پڕ لە جوێن
ئەکا دەمی و پێی ئەڵێ: عەرش!
بۆ بن دەریای تاریک و ڕەش،
بۆ ناو هەور و برووسکەی بەرز،
بۆ جێی دوور دوور لەسەر ڕووی عەرز
عەرش! وەک درندە، وەک هار عەرش!
دنیا ڕەنگ کە بە خوێنی گەش!
پەلامار دە، دەست و برد کە

بگرە، ببڕە، بدڕە، ورد کە
قەلا، تەلبەن، شوورا، سەنگەر،
حەیوان، ئینسان، شاری، عەسکەر،
ژن، پیاو، پیر، جوان، دەست، قاچ، سنگ، سەر
پاشێل کە هەرچیت دێتە بەر
بێ سووچ بکوژە، سەربەست دیل کە،
دەرگای مێشک و دەم کلیل کە،
کۆمەڵ برسی، ولات لات کە،
نەخۆشی زۆر، دەرمان قات کە،
قوتابخانە، بیمارستان،
کۆگای فەن کردی کۆن و جوان،
شوێنی بە کەڵک گشت خاپور کە،
بنچینە و بان، خوار و ژوورکە!
دەزگای شارستانی تێک دە
ئەمڕۆ ڕۆژی مەحشەر لێک دە

یار ....

یار، یار!
شیرین لەنجە و لار
چاوم ڕوا
سەبرم سوا،
هێزم لێ بڕا،
هەر نەهاتی، دەرنەکەوتی،
بۆچی تو خوا؟
یار، یار، شیرین لەنجە و لار!

***

ژماردم گشت ئەستێرەی شەو،
تاقتاقکەرەم کردە خەو،
لەبەر کزەی بای سارد تەزیم،
لەگەڵ گەڵای درەخت لەرزیم،
ئاونگ وەک گیا تەڕی کردم،
هەر نەهاتی، ئەوا مردم
چاوەڕوانم،
پەریشانم،
پەرۆشە گیانم
سا بمگەڕێ هێزی ژیانم
یار، یار، شیرین لەنجە و لار!

***

نیگام تینووی تەماشاتە
دادووراوی سەر ڕێگاتە،
گوێم عەزرەتی ترپەی پێتە،
هەمیشە ئاراستەی ڕێتە،
دڵم پڕ تاسە و پەرۆشە،
دۆزەخێکە و گەرمی جۆشە
یار، یار،
دەرمانی ئازار!

تاسەی دیدار ....

«بەزمان دایکی کوردستانەوە بۆ برا فەیلییەکان»

ڕۆڵەی ١ووری ئاوارە بووم

کەللەی پڕ بوو لە ئارەزووم
سەودای سەری، تاسەی دڵی
خۆزگەو ئاواتی بە کوڵی
هەر ئەوە بوو: کە باڵ بگرێ
وەک مەل، تا باوەشم بفڕێ
دەم بنێتە دەمی کانیم،
دەست بکاتە ملی لووتکەم،
گوێچکە شل کا بۆ گۆرانی،
بۆم پێکەنێ وەک خوڕەی چەم
بەڵام ساڵان
ساڵانی زوو
کوندەبەبوو
کوندەبەبووی شووم ئەیقڕان
قەدەغە بوو لە مناڵان
بۆ گۆی مەمک بەرن دەمیان،
قەدەغە بوو دەستی دایک
بنێتە دەم ساوا مەمک
سەردەمێک بوو،
کوندەبەبوو،
قەل ئەیقڕان،
گورگ ئەیلووران
پڵنگی دوو پێی دارستان
شارستانیەتی ئەلەرزان
ڕۆژ تاریک بوو، ڕێگا ترس بوو،

«جوولە» پەلپی هەزار پرس بوو
رۆلەی دووری دەشت نشینم
ئەبوو، هەرگیز، تێر نەبینم!
رۆلەم لەگەڵ رۆلەی دیجلە،
لەگەڵ رۆلەی دیجلە و فورات:
لە خوێناوێ ئەیکرد مەلە،
بە خوێنی جەرگ ئەیکرد قنیات!
رۆلەم دیل بوو،
دیل زەلیل بوو،
شەو بێخەو بوو،
پۆلیس وا بەسەریا زاڵ بوو
وەک کۆتر نێچیری داڵ بوو
سەرەڕای هاودەردی دیجلە
ترس هەبوو، شەق و زللە
وشەی کوردی سەر زمانی
باتە قەلەم بە تاوانی
بەڵام رۆلەی من و فورات
رۆژی پیرۆزیان لێ هەڵهات،
چواردەی تەمووز پچڕ زنجیر:
لەسەر مل لاچوو دەمی شیر،
پرشنگی رۆژی ئازادی
وێرانەی پڕ کرد لە شادی
بای فێنکی زەردەخەنە
بەسەر کولما کەوتە شنە

چاو وەکوو گوڵ مەستی رەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو
کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر
دایک مەمکی پڕ بوو لە شیر
ئەوا ئێستا خوشک و برا،
براو برا
لە یەکتری بوون ئاشکرا.
هەر دەستە هەر دەستە گوشرا
تینوو- تینوو! لە مل کرا
هەر رۆڵەی دوور کوردستانە
لە کۆشی دایکا میوانە

سلێمانی. ئابی ١٩٥٨

بێشکەی منال

دایک دای رەنج، بۆ منال دای
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،
بۆ شیرینی گڕ و گاڵ دای
باوک هەچ ئارەقێکی رشت
بۆ ئەوەی رشت —من دڵنیام-
نەمری کات: بڕبڕەی پشت
ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە
کە دایک و باوک لای بێشکەدا
گوێیان لە مشەی ساوایە
ئای ئەو ماڵە چەن بێباکە
کە لە بارووت و لە بۆمبا

ژێر بێشکەی منالیان پاکە
ئای چەن خۆشە: ماڵێک بێ وا
رووی دنیا، ئەمپەڕ تا ئەوپەڕ
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ

بەرڤیخە ١٩٦٢/٦/١٢

بەری بەیانە ....

بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ
دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ
باڵدار هێلانەی خەو بە جێ دێڵێ،
قاسپە قاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ:
کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ
بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ
هەڵسە ئەی لاوی نیشتمانی کورد
سەردەمی هەڵسان هەرکەسێ نووست، مرد
پێویستی پیرۆز، بەڵام سەخت و ورد
چاوەڕوانتە، هەڵسە دەستوبرد
بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ
بۆ بەختیاری و سەربەخۆیی گەل،
لەگەڵ هاوڕێتا پەل بدەرە پەل
کەی دەرچوو تیشکی هەتاو لە دەم کەل،

وریا بی، زۆر چاک بە کاربێنی هەل
بەری بەیانە، ڕووناکە ئاسۆ
ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ

تیروکەوان ....

«پێشکەشە بۆ کۆنگریسی ئاشتی و چەک فڕێدانی گشتی لە مۆسکۆ، مانگی تەمووز ٩-١٤/سالی ١٩٦٢»

ئەو ئاسمانە شینەی ژوور سەر
کۆتری سپیی تیا خول ئەدا
بە بێ خەتەر
لەو ئاسمانە
گڕی سپی ئەو بالانە
ئاوێنەی ئارامی ژینە
کۆشی وەنەوزی شیرینە
ڕوونی ئەخاتە شەبەقمان
سێبەر ئەکا بۆ ئارەقمان
بەری ڕەنجی تالمان بە لێو
ئەکا بە هەنگینی بایێ مێو
ئەگەر مەلی ئاسمانی شین
بالی بەیاخ نەبێ بۆ ژین،
لە هیچ باغچە و بەهارێکا
لە جێی دڕک گول نابینین،
گول نابینین!
ئەو تاوانبارەی بۆ کۆتر
لە ژێی کەوان تیر گیر ئەکا

پارچەی جەرگی ناو پێشکەی خۆی
پێش هینی من نێچیر ئەکا!!
لەگەڵ ئەوەش دەستی چەپەڵ،
ئابڕوو تکاو،
هەر خەریکە، تەکەڵ ئەکەڵ
بۆ ئاسمانی پڕ لە هەتاو
تەپە دووکەڵ هەڵئەسێنێ
گڕی سپی ئەخنکێنێ
پیاوخۆرێک وا
بە گۆشتی رۆڵەی خۆی، چەش بێ
ڕۆژهەڵات بۆی، وەکو ڕۆژئاوا
دەبۆی تیر بێ، هی تەرکەش بێ
دیارە هەرگیز لە پەلامار
واز ناهێنێ وەک گورگی هار!
با هەزار جار،
گیرفانم پڕ لە بەڵێن کا
جووت بەقێی بەڵێن بە سوێن کا
کە هەڵئەگرێ
دەست لە گەزەن هەتا ئەمرێ
من تەجرەبەی پار و پێرار
نایەڵێ چاو بێ ترس لێک نێم،
لە گازی مار
ئەگەر دنیا ئاشتی ئەوێ،
بۆ ژێر سەری خەوی ئارام

لە تووکی قوو پشتی ئەویٚ
راویٚژ هەر ئەوەیە لەلام:
هەتا زووە،
تا خەڵک گشت بە قڕ نەچووە،
دان لە دەمی مار دەربیٚنیٚ
چەک نەمیٚنیٚ
ئەوسا، بیٚ ترس، تیر ئەنویٚ چاو،
ئەچیٚنە ئیش دوو دەستی پیاو!
ئەوسا باخچەی ژیانی نویٚ
جوانترین گوڵ تیا ئەپشکویٚ
ئەوسا ئینسان،
بەدەستی بیٚ تیر و کەوان،
زووتر تووی گوڵی زەوی
بۆ ئەبریٚ تا ئەستیٚرەکان

بەرقیخە ١٩٦٢/٦/١٧

نەورۆزی ٦١

وەنەوشەی بن دڕک خزاو
چاوی رەشی کردەوە، دی
نیٚرگسەجاریش بە هەزار چاو
پیٚئەکەنیٚ: زەرد و سپی
نیٚرگسی بەر هەتاوی گەرم
مژدەی پیٚ بوو بۆ وەنەوشە،
وتی: خۆشکیٚ
خوشکی جوانی چاو پڕ لە شەرم

خڕ داخراو دەرگای حەوشە
فرمێسک لە چاوت بۆ ئەتکێ؟
وا بەهارە
لەسەر لووتکەی سپی دیارە
ورشە و پرشەی یاقووتی ئاڵ
گڕی جەژنی سەرەتای ساڵ.
وەنەوشەی چاو رەشی شەرمن
دەستی کرد بە بەستە وتن
بێ سڵ کردن
لە نووکی خەنجەری دوژمن
خۆی هاویشتە باوەش چەپکێ
گوڵی وەنەوشەی ناو دڕک
کە گەیشتە دەستی تاسەم
پڕ لە بۆنی بوو هەناسەم
عەتری چپەی تکاندە گوێم
مژدەی: «هات... نەورۆزا!»ی داپێم

***

ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و چوو
لە دەم تاڵی پاری مردوو
ئەی ئەو جەژنەی هەزاران ساڵ
لە رابوردووی کوردی زۆر تاڵ
تاقە بزەی یادگاریان
هەر تۆ بووی، جەژن و بەهاریان
لە خەمی کۆن، ئازاری کۆن

زووخاوی دەست زورداری کۆن
یەکی سالّی تر دوورت خستین
لەولاشەوە، جەژنی شیرین
بە هاتنت یەک سالّی دەق
کاروان پێشکەوت بەرەو شەبەق
واتا: رێگا ببڕین بە دەو،
سالێک زووتر دوایی دێ شەو،
ئەو شەوەی مەشخەلّی گەلان،
ئاگری بەر ئەدا لە گیان
لە هەر چوار لای جیهانەوە
تا بە دەم بای سووتانەوە،
تۆزی لە رووی پەڕەی مێژوو
ئەنیشێ وەک خاکەی رێژوو
ئەوسا، نەورۆز
جەژنی پیرۆز
درک ئەرزێ و داخی دلی
ئەبێ بە بۆگەن بۆ گلّی
تۆیش ئاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکە و نزارەکەت
لە باخچەی گولّی گەلانا
گولّێک ئەبێ لە مەیدانا...
هەر مرۆڤێ دی و بۆنی کرد
ئەلّێ: بژی نەورۆزی کورد!

بەغدا، مارتی ١٩٦١

هێمن موکریانی

محەمەدئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن موکریانی، ساڵی ۱۹۲۱ لە گوندی شیلاناوێ سەر بە شاری مەهاباد، لە دایک بووە. ساڵی ۱۹٤۲ پاش تەواو کردنی خوێندن لە خانەقای شێخی بورهان لە شەرەفکەند، دەگەڵ دۆست و هاوڕێ و یاری مەکتەب و سەنگەری، مام هەژاری موکریانی دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک(ژیانەوەی کورد).



ساڵی ۱۹٤٦ لە کۆماری مەهابادا نازناوی شاعیری نەتەوەییان پێ دەدرێ.

پاش تێکچوونی کۆمار ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری هێمن دەست پێدەکات و ئێتر تا ژیا، ژیان رووی خۆشی پێ نیشان نەدا.

ساڵی ۱۹۷۰ لە بەغدا دەبێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد. ساڵی ۱۹۷۹ دەڕواتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی سەلاحەدینی ئەیووبی لە ورمێ دادەمەزرێنێ و ئەو دەزگایەو کۆڤاری سروە – کە ساڵی ۱۹۸٥ دایدەمەزرێنێ– دەبنە بنکەو قوتابخانەیەک بۆ کۆبوونەوەو چالاکی نواندنی هەموو ئەو کوردە رۆشنبیرانەی کە ساڵانی دوایی بوون بە رێبەران و پێشڕەوانی ئەدەبی کوردی.

ساڵی ١٩٨٦ دەستی جەهاندار جەهانبینی هێمنی بەست و ڕۆحی پیرۆزی بەرەو دیاری خامۆشان بەڕێ کرد. ڕۆحی شاد.

بەرهەمەکانی:

- تاریک و ڕوون، کۆمەڵە شیعر.
- ناڵەی جودایی، کۆمەڵە شیعر.
- پاشەڕۆک، کۆمەڵە وتار.
- چەپکێک گوڵ و چەپکێک نێرگز.
- توحفەی موزەففەرییە، کۆکردنەوەی ئۆسکار مان، ویرایش هێمن موکریانی.

هەروەها چەندان وتار و لێکۆڵینەوەی تر کە لە تەمەنیدا لە ڕۆژنامەکانی کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان، ئاگر، هەڵاڵەو ... بڵاوی کردۆتەوە.

ئێوارەی پاییز

له ئاسۆیەکی دووره دەست
ئاوا بوو زەردە پاییزی
دەتگوت بووکێکی بێ نازه
پەردە جێ دێلێ بە زیزی
پەڵە هەورێکی چڵکنه
گرتی سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێک وەری
زریان بردی بەرەو نەمان
جووتێک کۆتری سەر بە کڵاوه
هەڵکوور ماون له سوانەیەک
دیاره لەو دەوروبەرانه
پێیان شک دێ هێلانەیەک
پاساری سەر داری کۆڵان
فڕه و جیکەیان لێ بڕا
قەل فڕی فڕی تا ون بوو
هەر رووڕەشی خۆی پێ بڕا
شەپۆلێک مۆسیقای بەسۆز
هات و رابورد بە بن گوێمدا
شوێنێکی بۆ خۆی کردەوه
له ناخی دڵی توێ توێمدا

ئاخر کۆڵی بۆ برده ژوور
باربەرێکی درێژی رووت

دەرکی دووکانی گاڵە دا
مام حاجی و بەرەو ماڵ بزووت

نازدارێکی چارشێو بەسەر
بە تەنیشتمدا تێپەڕی
بە غار هات و توند قیژاندی
رووتەڵەیەک بە بەدفەڕی

کەمێک راوەستا جا رابورد
ئەو لاوەی جادەی دەپێوا
دیار بوو خێسێکی دابوویە
ئەو شۆخە لە بن چارشێوا

کیژێک خۆی لە ژوور کوتاوە
دەرکەی حەوشەکەی پێوەدا
ئیتر شوێنەواری جوانی
بەدی ناکەم لەم نێوەدا
تا تاریکان پەیدا دەبێ
چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە
نە دێتە دەر کیژی لەبار
نە رادەبڕێ لاوی سادە
هەوا بوولێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە
تەنانەت رەنگی گۆڕاوە

ئەم دیوار و دار و بەردە
تەماشای هەر شتێ دەکەم
ڕەنگی پاییزی گرتووە
جوانی خۆی لێ شاردوومەوە
دزێوی ڕیزی گرتووە
چاوم لە ئاسمان بڕی
دڵم هێندەی دیکە گیرا
گەلێک بیرەوەری کۆنم
لەپڕ هاتنەوە بە بیرا
ئارام ـ ئارام بە لۆژەلۆژ
ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوا
نە کەس دیارە بە دوومەوە
نا نا ناڕۆم، مەلەی دەکەم
لە نێو دەریای مەندی خەیاڵ
داهێزاو و ڕووگرژ، تووڕە
دڵ پڕ تاسە، مێشک بەتاڵ
ئاخ! دیسان ڕووپەڕێک دڕا
لە ڕۆژئەژمێری تەمەنم
ئاخ! دیسان شەو داهاتەوە
من هەروا دوورە وەتەنم
ئاخ! دیسان چوومە ژێر باڵی
ڕەشی شەوگاری تەنیایی
ئاخ! دەبێ دیسان بچێژم

لە شلقەوە تا شێر

ژەهراوی تاڵی جودایی
ئاخ! دیسان دەبێ رابوێرم
لە ژوورێکی سارد و سڕدا
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕدا
دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لە دەس ئەم دڵەی بە خەم
وای لە دەس ئەم چاوەی بێخەو
دەڕۆم تا سەر پێکەوە نێم
دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پاییز
من شەونخوونی بکێشم

لە دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو
دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ
چۆن بە ئێوارەی پاییزیش
ئی وا هەیە پێبکەنێ؟
خەیاڵم ببوو بە وشە
نەمزانی کەس بە دوامەوە
دەنگێکی لەرزۆک و نەرم
بەسپایی جوابی دامەوە:
بەڵێ هەن و یەکجار زۆرن
بازرگانی فرمێسک و خوێن

بەڵێ هەن و پێدەکەنن
بە سەربەهەش، بە ملبەکوێن
بەڵێ هەن و پێدەکەنن
بە من، بە تۆ، بە هەزاران
بە داخی باوک کوژراوان
بە هەنیسکی هەتیوباران
بە نەزانی، بە نەخۆشی
بە تاریکان، بە شەوەزەنگ
بە زنجیر، بە تەناف، بە دار
بە گرتووخانەی تەڕ و تەنگ
بە بۆکوڕووز، بە چرە دووکەڵ
بە هالاو، بە گڕ، بە ئاگر
بە تەم، بە مژ، بە هورە، بە دۆک
بە تۆفانی وڵات داگر
بە بووەلەرزە، بە رەشەبا
بە سووتمان و زریان و زەڕ
بە هەرچی خراپ و شوومە
بە گشت دەسکردی خوای شەڕ
بە ناڵە، بە کوڵ، بە گریان
بە سینگ کوتان، بە روو رنین
بە بەرگی رەش، بە چاوی سوور
بە گۆڕخانە، بە کۆڕی شین
بە کەلاوە، بە کوندەبوو
بە دیواری هەرەس هێنار

به داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ
به ئانیشکی پینه‌کراو

***

به نووکه‌نووکی بێوه‌ژن
به هانه‌هانی ماندوان
به زیره‌زیری منداڵان
به نووزه‌ی نیوه زیندوان
به نه‌ڕه‌نه‌ڕی جه‌للادان
به قرمه‌قرمی شه‌ستیران
به ویره‌ویری قه‌مچیان
به ئه‌شکه‌نجه‌ی ڕووناکبیران
به چڵکی یه‌خه‌ی کرێکار
به که‌فی سه‌رشانی جووتێر
به په‌چه و ڕووبه‌ند، به خه‌نجه‌ر
به یه‌ک نه‌بوونی مێ و نێر

***

به قه‌ڵه‌می به‌زیوی کول
به زمانی له بندا بڕاو
به ده‌رکی داخراوی فێرگه
به کتێب و ده‌فته‌ری دڕاو

***

له قامووسی ئه‌وانه‌دا
به‌زه‌یی مانای نه‌ماوه
بێزیان له بزه هه‌ڵده‌ستێ

وازیان لە خوێن و زووخاوە
هەر دڵۆپی خوێنی لاوێ
بۆ وان یاقووتێکی سوورە
هەر تکەی فرمێسکی کیژێ
بۆ وان مرواری بەرموورە
هەناسەی ساردی ئاواران
کۆشکی ئەوان گەرم دەکا
لەشی رەق و زگی برسی
جا پارووبان نەرم دەکا
سەرمایەی وان لە گەڕدا بێ
با زۆر دەرک بە قوڕ گیرێ
دۆلار لە برەو نەکەوێ
با کۆڵەوار بێ داپیرێ
دەبێ خوێن بێ و سەران بەرێ
چەرخی کارگەیان بگەڕێ
پێدەکەنن، پێدەکەنن
بە بڵێسەی ئاگری شەڕ

***

گوتم کەوابوو ئاشنا
بەشی ئێمە لەنێو چوونە
گوتی: «نا، نا، دوور بنوارە...
دوور بنوارە... ئاسۆ روونە...»

١٩٧٤

جگەرخوێن

ناوی «شێخ موس مەلا حەسەن»ە. ساڵی ۱۹۰۳ لە گوندی «هەسار» سەر بە ناوچەی ماردین لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت دێتە نێو دونیای پڕجەخارەوە.

هێشتا تەواو چاو ناکاتەوە کە بابی بە ڕەحمەتی خودێ دەچێ و ئەرکی ماڵ و منداڵ دەکەوێتە سەر شانی و ناچار دەبێتە شوان و ڕەنجبەری ئاغاو دەوڵەمەندان.



لە بەر نەداری بۆی نالوێ بڕواتە قوتابخانە، بۆیە لە ۱۸ ساڵاندا دەڕواتە حوجرەی مەلا و خوێندنی ئایینی دەست پێدەکا.

ڤیانی گەل و وڵات هەموو گیانی دەتەنێتەوەو ناهێڵێ تەنیا لە بەندی وانەی مەکتەبدا بێ و خوێندنی بەرهەمەکانی جزیری و خانی و فەقێ تەیران و... دەست پێدەکات. پاش خوێندنی ئایینی لە گوندێکی کوردستان دەبێتە مەلاو بۆ ماوەیەک ژیانی بە ئاسوودەیی دەڕواتە سەرو لەو فەترەیەدا دەتوانێ زۆرتر خەریکی خوێندنی بەرهەمی کوردی بێ و هەروەها گەرای ئەڤینی گەل و وڵات دەپژێنێتە ناخی دڵی خەڵکی گوندەکەوە.

پاش شکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە گەڵ رۆشنبیرانی تردا ئاوارەی سووریا دەبن و ساڵی ١٩٢٧ لە سووریا کۆمەڵەی «خۆیبوون» دادەمەزرێ کە جگەرخوین یەکێک دەبێ لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیەو لە هەمان کاتدا کۆڤاری «هاوار» دەردەکەن و شێخ موس لەو کۆڤارەدا شیعرەکانی لە ژێرناوی «جگەرخوین»دا بلاو دەکاتەوە.

لە ١٩٥٠دا پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا دەبێتە ئەندامی ئەو پارتە. لە ١٩٥٨دا دێت بۆ کوردستانی عیراق و دەبێتە ماموستای زمان و ئەدەبی کوردی لە کولیژی زمانی زانکۆی بەغدا.

لە ١٩٦١دا دەڕواتە ریزی خەباتگێرانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە. پاش ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە سووریاو تا ١٩٧٩ ژیانی دەکەوێتە بەر زیندان و ئەشکەنجەو ئازاری حکوومەتی بەعسی سووریا.

لە ١٩٧٩دا دەبێتە پەنابەری ولاتی سویدو تا ١٩٨٤/١١/٢٢ کە دلە ئەویندارەکەی گەل و ولاتی لە لێدان دەوەستێ هەر لەوێ دەژی. پاشان جەستە ماندووەکەیان بە فڕۆکە گواستەوە بۆ کوردستانی سووریاو لەوێ ناشتیان.

لە شلفه وه تا شلر

نازکا من هاتە خوارێ

نازکا من هاتە خوارێ
دایە هندور شەوق و تاف
خانی داگرتێ ژ بینێ
نێرگز و مسک و گولاڤ
بوو بهەشت و مێرگ و گولشەن
چیچەک و گول پشکڤین
باغێ شەهبالێ پەری بوو
پادیشاهم ئەز دناڤ
دامە دەستێ گەورو نازک
کوو ب گەرمی من گڤاشت
هەر دوو چاڤان تیر رەشاندن
سۆرە لێڤان کر سلاڤ
من دبەر سینگا خوەدا
ئانی سەری بەردایە سەر
ئەز ب چاڤان لێدنێرم
بەژن و بالا پر زراف
سحرەبازن هەردو چاڤێن
رەشبەلەک ئاور ڤەدان
روو وەکی بەرفا زناران
بسک لە هاوێر بوونە داف
لێ چەن و لێڤ و کەپوو
ئەلماس و لال و گەوهەرن
سێڤ د سنگێدە بلندن

نووگهانە گەورو خاف
کەتمە گومانێن دکوور
پێلان لە من دابوون لە هی
خوەش دبەر پێلان دچم
لێ کێ دزانێ، ئاف و ئاف
من ژ لێڤان شەربەتا
سێوان ڤەخواری دەڤ بە دەڤ
زولف و بسکێن مسک وتاری
لێ شکەستی هەر دوو چاف
هەورێ گومانان بەلاف بوو
ترس و ساویر قەت نەمان
یار ب چاڤێن رەشبەلەک
ئەز زوو گهاندم بەر دەلاف
ئەز گهام بەر ئاف و دەشتێ
کەتمە نێڤ باغێ بهەشت
ئۆخ ل جانێ من چ خوەش تێ
دێ چکەم زێرو دراف؟
بەخچەیێ میرێ جنایە
دل بترس ئەز پێدەچووم
وێ، ل من دەرگەهـ ڤەکر
ما وێ چ بێژن دێ و باف؟
گو جگەرخوین بۆچ مەستی
دل بترس و شەپرزە؟
ما گەلۆ وێ بێنە دەستێ

مە هەرۆ ئەڤ پێل و گاڤ

کیمە ئەز

کیمە ئەز؟
کوردێ کوردستان
تەڤ شۆرش و ڤولکان
تەڤ دینامێتم
ئاگرو پێتم
سۆرم وەک ئێتوون
ئاگرگها قەپسوون
گاڤا بتەقم
دنیا دهەژێ
ئەڤ پێت و ئاگر
دژمن دکوژێ
کیمە ئەز...؟
ئەزم رۆژهەلات
تەڤ برج و کەلات
تەڤ باژارو گوند
تەڤ زنار ولات
ژ دەستێ دژمن
دژمنێ خوینخوار
ژ رۆم، ژ فرەنگ
د رۆژین پر تەنگ
بکوشتن و جەنگ
پاراست، پاراست

پاراست من ئەڤ رۆژهەلات
کیمە ئەز...؟
رۆژهەلاتێ نێزیک
رۆژهەلاتێ ناڤێ
ئەڤ بازار و گوند
ئەڤ بەژو ئاڤی
کەت بن دەستی من
پێ دا سەر دۆژمن
من بجەنگ و شەر
زانین و هنەر
پشتا وی شکاند
سەری لێ گەراند
ئەز بووم پادیشاه
خورت و سەربلند
کەتن دەستێ من تا سنۆرێ هند
کیمە ئەز...؟
کیمە ئەز...؟
کوردێ سەرفراز
دژمنێ دژمن
دۆستێ ئاشتیخواز
ئەز خوەش مرۆڤم
نە هرچ و هۆڤم
لێ چپکەم بێ شەر
دژمن ناچێ دەر

باف و کالێن من
دژین تەڤ سەربەست
ناخوازیم بژیم
تا ئەبەد بن دەست
کیمە ئەز...؟
...
...
کیمە ئەز...؟
ئەزم ئەڤ مللەت، ئەزم ئەژدەها
ژ خەوا دیلی شیار بووم نها
دخوازم وەک مێر
دخوازم وەک شێر
سەرێ خوە هلدم
چ سەر بلندم
بجیهان جارەک
ئەز بدم زانین
رێچکا مارکس
رێچکا لەنین
کورێ گوهدەرزو فەرهاد و روستەم
کورێ سالارو شێرگوهـ و دەیسەم
بەژن بلندم
وەک دێو بلندم
ئەز دەست درێژم
سەربەست دبێژم

دخوازم بلەز
گاڤان باڤێژم
کیمە ئەز...؟
نەخوینخوارم ئەز، ئاشتیخوازم ئەز
سەرداریێ مەیە گەرناس و نەبەز
ئەم شەر ناخوازن
دڤێن وەکهەڤی
ئەم پاشڤە ناچن
دژمن درەڤی
ژ بۆ مرۆڤام ئەم تەڤ دۆست و یار
بژی کوردستان بمرێ کۆلەدار
کیمە ئەز...؟

دیلان

محەمەد سالح کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان، کوڕی مەلا سالح، کوڕی مەلا قادری شەوخوێن. سالی ١٩٢٧ لە شاری سولەیمانی هاتۆتە دونیاوە. لە مزگەتان و بە فەقێتی خوێندوویە.

لە ١٩٤٨ەوە ژیانی ئەدەبی خۆی دەست پێدەکا. بێگومان ماموستا دیلان لە یەکەمین داڕێژەرانی شێوازی نوێی شیعری کوردییەو کاریگەری زۆری بە سەر دوارۆژی شیعری کوردیدا هەبووە. هەروەها بە هۆی ئەو هەستە ئاشتیخوازانەی کە گیانی هێنابووە کوڵ و خوازیاری ژیانی ئازاد و بەختەوەر – نەک هەر بۆ کورد– بۆ هەموو نەتەوەکان بوو، دەیان جار قولبەست دەکرێ و راپێچی زیندان دەکرێ. چەن جار بە هۆی خۆ پیشاندان دژ بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی فەلەستین قولبەست دەکرێ.



بە گشتی ماموستا دیلان ژیانی نەک بۆ شیعر کە شیعری بۆ پەرای ژیان و خەبات دژ بە چەوسێنەران دەزانی.

نەورۆز..

ئاورێ، ئاورێکی دوور
لە رۆژێ، رۆژێکی سوور
ئاورێ لە رۆژێکی سوور
لە تەختێ هەڵگەڕایەوە
لە کارێ دەنگی دایەوە
لە گەلێ چۆن ژیایەوە
ئاورێ، لە قیامەتێ
لە یادێ، یادی میللەتێ
کە راپەڕێ لە خەو
بەرامبەر سامی شەو
بۆ گزنگی رۆژێکی نەڕ
ئاورێ، بێتە عیبرەتێ
بۆ زالمێ، دارێ، پەتێ
یا بۆ وەچەی زوحاک
هیتلەر و چار و ماک
بۆ کۆشکێ بوو بە خاک
ئاورێ لە چەکوش بە شان
لە گۆڕێ، گۆڕی قارەمان
ئاورێ لە چەکوش بە شان
لە کاوەی قارەمان
کە سنگی کردەوە
گەلی لە پشتەوە
گرەوی بردەوە

نێرگس

ئەی پرچ پەڕەی سپی و نەرم
ڕوومەت بلوور
چاو سەرچاوەی مەستی و شەرم
بریسکەی دا
وەک کۆمەڵە ئاڵتوونێکی
زاخاودراو
دەمی زەردت
ئەڕوانێتە بریقەی بەرد
لە قەد پاڵ و گردۆلکە و هەرد
تۆ پرسیارت لە بای وەشتە
کاتێ گۆپکە
لێوی گرژی ئەبزوێنێ
کاتێ چرۆ
چاوی نووستووی ئەترووکێنێ
یا ئەرخەوان
خونچە لێوی ئەنەخشێنێ
تۆ پرسیارت لە بای وەشتە
کەی ئەفڕێ
پەپوولەی وێڵی ئەو دەشتە؟
کەی ئەگاتە
بەهەشتی مێرگ؟
وەڵامی نییە
هەرچی هەیە

وەک تەمەنی گولالەی سوور
تیژ دیت و گورج تێئەپەڕێ
یا وەک بەفرێکی ساڵ درەنگ
کە بیارێ
چۆن ناگاتە دەم ئێوارێ
ئا بەو جۆرە
با، چرق، لەگەڵ گۆپکەی دار
دێن و ئەڕۆن
بە فرمێسکی ئاورنگی شەو
لاشەی لە ناو چوونیان ئەشۆن
ئەی سۆراخی پەپوولەی وێڵ
وەڵام نییە
ناچار روو ئەکەنە یەکتر
ئەی پرچ سپی چاو پڕشەرم
دەم هەر وەکوو گەنجینەی زێڕ
بە دەم شنەی شەماڵەوە
تا ئاژەڵ دێتەماڵەوە
مل بۆ یەکتر ئەلەقێنن
وەکوو دوو پیری ساڵ خوردە
دوو ریشی سپی سەرگۆنا زەرد
رابردوویان
ئەهێنن و بە بای ئەدەن
ئا بەو رەنگە
گوێ بۆ یەکتر رایەڵ ئەکەن

تا زەردە سەر کێوان ئەبەن
کەچی وەلام
یا سۆراخی پەپوولەی وێڵ
ناگاتە گوێچکەی بەق و چێڵ
لە پڕ هەور ئەگرمێنێ
چەخماخەی سوور
دڵی چیا ئەهاژێنێ
تاوی لێزمەی بارانی خوڕ
پەڕەی نەرمت ئەوەرێنێ
چی ناو ئەنێی
هێرش، گریان
هەتاو
زەرکەفتی پرشنگی
ئەنیشێتە سەر رووی زەوی
باڵندە دێتە جم و جووڵ
ئەچریکێنن لەگەڵ نزار
ئەکەونە جۆش و کەف و کوڵ
ئەو نێرگسی ئاواتی کورد
چاوەڕێی «پەپوولەی» «جووڵەی»
پەیام بێنێ
دڵی ئەم کوردە ئازایە راچلەکێنێ؟
ئەوەندەت زانی
سامالی سەرفرازی
هەوری دڕی

لە شلخەوە تا شۆڕ

به بای هێزی تێکۆشان
سایەقەی ئازادی کڕی

١٩٥٩

له شلخه وه تا شز

حەسیب قەرەداغی

مانگی مایسی ۱۹۲۹ لە گوندی «سۆڵەی چرچەقەڵا»ی سەر بە ناوچەی قەرەداخ لە دایک بووە.

لە منداڵییەوە لە لای باوکی دەخوێنێ و کە قوتابخانە لە گوندەکەیان دەکرێتەوە دەڕواتە مەکتەب و لە پۆلی سێهەمەوە دەست دەکا بە خوێندن.

لە ۱۹٤٧ لە دەبێتە قوتابی لە «دارالمعلمین». لە ١٩٤٨دا بە هۆی مانگرتنەوە بە بۆنەی ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨ەوە دەردەکرێ. هەر لەم ساڵەوە (١٩٤٨) ئاوێتەی ڕێکخراوە سیاسییەکان دەبێ و ژیانێکی تازە هەڵدەبژێرێ؛ ژیانێک بە خۆشاردنەوەو هەڵاتن و تا ١٩٥١ دەگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی. لە ١٩٥٤دا پاش نەختێ ئەهوەن بوونەوەی بارودۆخی سیاسی ژیانی شارو سیاسەت لە سەر دەگرێتەوە.



تا ١٩٥٨ چەن جار دەخرێتە حەبسەوە. پاش سەرکەوتنەکەی ١٩٥٨ تا ١٩٦٣خۆی و شیعرەکانی دەبنە سەدرنشینی هەموو بەزمێک و خۆشەویستی هەموو رزگاریخوازێک؛ بەڵام پاش کوودەتاکەی ٨ شوباتی ١٩٦٣ قۆڵبەست دەکرێ و دەگەڵ زۆربەی زۆری چالاکان و رزگاریخوازاندا تا ١٩٦٥ دەخرێتە حەبسخانە.

ڕەنگە هەر ئەم دوو ساڵە گەورەترین وانەی -چ لە بواری ژیان، چ شیعرەوە- فێری حەسیب کردبێ. لە زینداندا حەسیب لە گەڵ گەورەپیاوانی کورد و

عەرەب ئاشنا دەبێ و شێوازی نوێ لە شیعردا هەڵدەبژێرێ. تا ١٩٦٩ دوور دەخرێتەوە بۆ تاراوگە.

لە ١٩٨٣دا گوڵی ژیانی -کچە گەورەکەی- کە خەمخۆرو داڵدەی باوکە ماندووەکەی دەبێ، هەڵدەوەرێ. ساڵێک دوای ئەویش بەهاری کچی هەر لە بەهاری تەمەنیدا دەستی ئەجەل دڵە بچۆلەکەی لە لێدان دەخاو داخێکی هەرەگەورەتر دەنێتە سەر دڵی برینداری حەسیبەوەو رۆژی روونی لە پێش چاو لێ دەکاتە شەو.

بە کورتی شیعری حەسیب دەنگدانەوەی ئەم کوسپ و چەڵەمانەیە کە بست بستی ژینیان تەنیوەتەوە.

تینوێتی

که تینووت بوو
کانیاوێکی سارد و ڕۆشن هاته ڕێگات
ئەگەر مولکی هەر کەسێک بوو هیچ کۆ مەکە
هەتا تەواو تێراو دەبی
ئۆباڵی تۆ بە ئەستۆی من
بێ یەک و دوو بخۆرەوە
لە تینواندا هەر دەمریت
ڕێیان نەدایت
خۆتیان لەگەڵ بگۆڕەوە

١٩٨٦/٤/٩

نزا

جوانی مەی دێر!
که من دوا چۆڕی پێکی خۆم
کرد بە گڕی ناخی دڵما
نەکەی ئاوی تێ وەربدەی
ئەو پریشکە دەئاڵێتە دەست و سینت
دێیت بەلامدا
نەکەی داوێکی بەربدەی
ئەویان فرمێسکی گەرممە و
وا لە بنی پێکەکەمدا جێی گرتووە
ئەمیان ئاوات و خۆزگەمە
بەبالاتا
پەل و پۆی خۆی هەڵکردووە

کفرەحمەد

کفرە حمەدیش
کە داوای کرد کەر بتۆپێ و گاکەیان کوشت
پەلی کوێریکی راکێشاو بردیە گەوڕ
وتی:
«ئادەی گا و گوێدرێژ جیا کەرەوە»
ئەمە گوێیە وا تەپەی دێ
ئەوەیش شاخە بەسەرەوە

١٩٨٦/٤/٩

باران

باران، باران
بەو پاکییە بەو جوانییە
خوڕ بێ و نمە
لە کێڵگەدا دانەوێڵە و لە ناو باخدا گوڵ ئەڕوێنێ
لە رەقەندا، ئەشکێ و ئەڕژێ
لە سڕکەوانی بۆگەمدا
چی بە سەردا و چی دەردێنێ؟

١٩٨٤/٥/١٠

چاوم

بە چاومم وت: ئەرێ بۆچی وەکوو جاران
شاپەڕی تۆ ناکرێتەوە؟
ئەی وەلامی پرسەکانت
بۆچی ئێستە نادرێتەوە؟
ئەی بۆ لە ناو برژانگیشتا چرای خەندەت کز کراوە؟

بە شلقە وە نا شر

بۆچی نزیکت لا دووره و دووریش نزیک؟
سامالی ئەو گۆمه روونەت تەم دەی تەنێ و
مانگ و ئەستێرەت وێل دەکات
خەون و خەویش بێزار بوون
کەوتوونەته داد و شکات؟
وتی جۆگەی بێ جۆمالم
چەمی فرمێسکی هاتووی تۆ ناکێشم
کەی من چاوم
من ئەمێستا دەردی خەمم
تا کەی ئەم دۆخه راکێشم؟

١٩٨٨/١/٢٨

ملوانکەی شاعر

کچه کوردێک شیعرێکی خۆی دەخوێندەوه
تالی هۆشمی وەها هەلکرد
چاوم ئالایه پەرچەمی
خۆزگەم بوو به ئەو مەیدیرەی
هەرچی شەربەتی شیرین بوو
هەلی دەبری بۆ لای دەمی
هەر وشەیەک لەسەر پەرەی لێوی ئالی دەگیرساوه
حەزم دەکرد به زمانم هەلی رفێنم بەرەو خۆم
حەزم دەکرد ببمه باران
باری لێوی شیعری بسۆم
حەزم دەکرد وەک چاوچنۆک نوقلی دەم و چامه و شیعری
هەلگرمەوه و گشتیان بخۆم

حەزم دەکرد هەتا دنیا ئاخر دەبێ
نە ئەو بڕوا و نە من بڕۆم
ئیتر گیان و هەست و بیرم بوون بە حەرفی ناو دەفتەری
هەرچی شیعرو بەستەم هەبوو
بوون بە گوڵێک دام لە سەری
بیرۆکەیەک هات بە سەرما
تێر بیمژم دەست و پلی
هیچم نەبوو خەڵاتی کەم
هەردوو قۆڵم وەک ملوانکە
کردە ملی

ئەتهێنمەوە

ئەتهێنمەوە بە نیم نیگایەکی گەشم
ئەتکەم بە نوێنی ئارامی گەرمی لەشم
نابێ خۆتت لێ بگۆڕێ
چۆنم بۆییت ئەبێ وابێ
کە بووم بە گەرداوی توورە
نەبێ بە ڕێگەما دابێ
چۆنم ویستیت ئەبێ وابێ
ویستم هەڵ بێیت، ئەبێ هەڵ بێیت
کە نەمویستی زوو ئاوابێ
ئەتهەژێنم
چۆن ڕەشەبا
پەڵەی گەنم لە پێ دەشتا
دێنێ و دەبا

ئەتسووتێنم لە پێ تا سەر
چۆن بای شەماڵ تێلەی ئاگر ئەداتەبەر
ئەتتۆرێنم
بە یەک تیلەی رقی چاوم
لە رووت نەیێت بڵێی خەڵکە
دڵ شکاوم

١٩٦٩

سیزیفی ئەندێشە

کە سیزیفی ئەندێشەی من
لووتکەی عومرم دابین دەکات
تاشەبەردێکی دی دێنا
بۆ چییەتی و بۆ کوێی دەبات؟
کێ دەزانێ وەڵامێکی وام بداتێ
ئاوێک بکات بە ئاگری بێ خەویمدا؟
جۆگەیێکی خوڕ راکێشا بە ناو شەقاری زەویمدا
هەتوانێکی بازار و ژەنگ بکرێتەوە و
هەڵیبخات بە لێوی زامی «علی»م دا
کێ دەتوانێ و کێ دەتوانێ
کۆڵی قورسی سیزیفەکان بخاتە سەر دەمی ژانێ؟
کێ تیرێکی وا دەشانێ
دوو جام ئازادی هەڵبدات
ئەوسا دەس باتە گوێی نانێ؟

١٩٨٨/٣/١٦

حەزم ئەکرد

حەزم ئەکرد، هەموو دەنگی ئەم دنیایە
هی من بوایە
لەسەر لووتکەی پیرەمەگروون
راوەستایەم وەک ئالایە
هەر بانگی تۆم بکردایە
هەر ناوی تۆم ببردایە
حەزم ئەکرد داری بەریی ئەم دنیابم
لە ناو باخ و رەزی تۆدا

سواره ئیلخانی زاده

ساڵــی ١٣١٦ک.هــ لــه دایـک بـووه.
کـوڕی ئەحمــەدئاغای ئیلخــانی زاده
سەرەک عەشیرەتی دیبوکریە.
خوێندنی سەرەتایی تا تەواو کردنی ناوەندی هەر لە بۆکان خوێندوویەتی.
ساڵی ١٣٤١ لە تەوریز دیپلۆم وەردەگرێ.
ساڵــی ١٣٤٣ دەکەوێتــە بــەر پــەلاماری ڕژیمــی حەمەرەزاشــای پەهلــەوێ و بــۆ مــاوەی ٦مانــگ دەخرێتــە ژێــر ئــازارو ئەشکەنجەوە.



ساڵی ١٣٤٧ زانکۆ تەواو دەکا و لیسانس وەردەگرێ. ساڵی ١٣٤٦ لە رادیۆ کوردی تاران دادەمەزرێ و دەبێتە مووچەخۆری حکوومەت.
ساڵی ١٣٤٥ ترۆمبیلێک لێی دەدات و پاش چەند رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە ماڵاوایی لە هەموان دەکاو بنەو بارگەی بەرەو دیاری خامۆشان لێک دەنێ.

شار

گولم!
دلم پڕه له دەرد و کول
ئەلێم بڕۆم له شارەکەت
ئەلێم به جامی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کولی دلی پڕم، له دەردی ئینتزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من له شار و هارە هاڕی ئەو
له ڕۆژی چلکنی نەخۆش و تاویاوی شەو.
ئەلێم بڕۆم له شارەکەت
له شاری چاو لەبەرچرای نێئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ که مانگەشەو بزێتە ناو بزەم.
چلۆن بژیم له شارەکەت
که پڕ له دڵ دژی گزەم؟
له شارەکەت که ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
دەڵێی له دەوری دەست و پێم
ئەوەی که تێل و تان و رایەڵە: کەلەبچەیە
ئەوەی که پەیکەرە: میسالی داوەڵە
ئەوەی که دارەتێلە: هەر ئەڵێی قەنارەیە.
دووکەڵێ که دێتە دەر له مالی دەولەمەند
تیشکی بێگوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند.
من کوڕی عەشیرەتم
هۆگرم به ئاسمانی شین و سافی سامرەند
له شاری تۆ له عەرشە قوندەرەی دڕاو

شاری بێ بەهاری تۆ
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو.
گوڵم! هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێ بە جاڕە گوڵ؟
کێ لە شاری تۆ،
لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ.

سروەی بەیانی

تۆ وەکوو
سروەی بەیانانی بەهاری
تۆ لە لەشما
گیانی سووکی نادیاری
بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم
یادگاری ڕەمزی ئینتیزاری
تۆ جریوەی دارستانی جێژوانی
بۆ هەسێرەی بەرزی ئاواتم زریوەی
چەندە جوانی
گیانەکەم!
جاران کە ئەتکوت
پێکەنینت زایەڵەی سەوزی شەتاوە
جامی شینت گۆمی مەندی پڕ لە ماسی
زەرد و سووری بەر هەتاوە
ئێستە بۆ وا شۆڕەبی برژانگی نەرمت دەوری داوە
بۆچی گەرمایی ڕوانینت نەماوە؟

له شلفه وه تا شلر

من زیندووم

ئەگەر دێوی دزێوی مردن
بە پێکەنینی ناحەزی هەمیشەییەوە
بەسەرما بدا
گیان و دڵی پڕ خەمم لە ناو بچێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر چرای ژینم
لەسەر سەرینی سەرەمەرگم
پرشنگی ساردی دوایی بدا
وە دوا تریفەی بێ
وامەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر زەنگی کلیسا
بانگەوازی مەرگم بکا
عفریتی مردن بە قاقا بکەوێتە شوێن تەرمی ساردوسڕم
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر پیاوانی نزاکار
وە ژنانی شینگێڕ و خۆ داپۆشیو
لەدوای دارە تەرمم
پرمەی گریانیان بێ
وە داری عوود بسووتێنن
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم
ئەگەر بە نەسرین و فرمێسکی چاوی کەژاڵی دەزگیرانم
بە ئاوی چاوی کەس‌وکار و دۆست و هاواڵم
گیای گۆڕم بخووسێ

وا مەزانن من مردووم، من زیندووم
بەڵام ئەگەر گۆڕی من بێ ناونیشان
لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ
وە بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ ڕەنگ بێ
ئاخ! ئەوکاتەیە کە من ئەمرم.

١٣٥١

بۆ کچە کوردێ

دزەی نیگای ژێر تارای شەرم و ناز
سەرنجی کێشام کیژی کرچ و کاڵ
ئەی پەریزادەی ئەوپەڕی جوانی!
لەو ساوە کە تۆ
بازی نازی چاو
بۆ منی کڵۆڵ ئەنێریتە راو
دڵ وەک دوو تەپڵەی
سوارەی کوردی
جوانووی نەگیراو
مەیل ئەخاتە باڵ
خەرمانەی بۆنی زولفت لەسەر شان
بۆی کێوی شەوبۆ فەسڵی درەنگان
تێریتە بیرم
چاوە کاڵەکەت
هەسارەکەی رۆژ بۆ رێبواری شەو
یا خۆ قاسپەی کەو لەدەم بەیانا
بۆ هەوارنشین، هەوارگەی شاهۆ

تیریته بیرم
که رووی وتارت ئەکەیتە لای من
سروەی بەیانی، ئازیز شنەشن
تیریته بیرم.

شێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس کوڕی ماموستا فایەق بێکەس لە سالی ١٩٤٠دا لە شاری سلێمانی چاوی بە سەر دونیا کردۆتەوە. ژیانی شێرکۆ ئاوێتەیەکە لە خەبات و خۆشەویستی. ئەم دوانەش وەکوو جمکێکی پێکەوە نووساو لێک دابڕانیان نییەو دوو چاوی یەک پەیکەرن لە شیعرو ژیانی شێرکۆدا. بە وتەی شاعری مەزنی فارس سەید عەلی سالحی:

شێرکۆ ئیمپراتۆری شیعری دونیایە.

بەرهەمەکانی شێرکۆ:

کازیوە، دەربەندی پەپوولە، بەردە قارەمان و مامەیارە، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، دوو سروودی کێویلە، هەڵۆ، کەژاوەی گریان، خاچ و مار، ڕۆژمێری شاعرێک، تۆ ئەتوانی بە قومێک ماچ بمخەیتەوە هەڵقولین، کاوەی ئاسنگەر (شانۆنامە)، پیرەمێردو زەریا(چیرۆک وەرگێڕانی هێمینگوی)و ... .

لە سالی ١٩٧٨دا خەلاتی جەهانی «توخولسکی»(خەلاتی ئەدەبی) لە دەست سەرۆک وەزیرانی ولاتی سوێد «ئینگوار کارلسن» وەرگرتووە.

لە لایەن ئەنجومەنی فلورانسی ئیتالیاوە(گەورەترین ئەنجومەنی شارستانی ئیتالی) نازناوی «هاوشاری» پێدراوە.

شیعرەکانی بە زۆر زمانی دونیا وەکوو: ئاڵمانی، فەرانسی، ئیتالی، سویدی، نۆرویجی، عارەبی، فارسی و ... وەرگێڕدراون. هەندێ لە شیعرەکانی هەڵبژێردراون و کراون بە وانەی قوتابخانەی چەن وڵاتێک.

بێگومان شێرکۆ یەکێک لە خودانی مێژووی ئەدەبی جیهانیەو لە ریزی کەسانێکە وەکوو: لۆرکا، مەحموود دەروێش، ریتسوس، نێرودا، داستایۆسکی، شاملوو، جوبران خەلیل و ... .

زیندووی، مردوو

«دوژمنت نیم چونکە پێت پێناکەنم،
دۆستتم بۆیە ئەتگریتم و ڕاستیت لێ ناشارمەوە».

دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
مێژوو ئەڵێ لەدایک بووین
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
زرپ و زیندووین
بەڵام هێشتا، باوێشک ئەدەین
هێشتا نووستووین
هێشتا تەواو تێرخەو نەبووین
هێشتا ئەنووین
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
لە خەڵک بوردووین
لە خۆمان هەرگیز نەبوردووین
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
وەک ئێستە واین
یەک نەگرتووین
لەو کاتەوە چەک هەڵگرتووین
بەڵام هێشتا سەرنەکەوتووین
کەچی ئەڵێین: هەر سەرکەوتووین
ئەڵێن ئێمە هەر نەمردووین
***
هەر لێرەوە تا وڵاتی
بەرینی چین

به نۆکەری گەڕاین رۆشتین
به ئاواتی
سەرکەوتنی
بێگانه گەلێ گەیشتین
له خوێنی خۆمان بۆ رشتن
له رۆڵەی خۆمان بۆ کوشتن
تا توانیمان قسەی زۆری
مەراییمان بۆ هەڵبەستن
سەمامان کرد، بۆمان رستن
وتیان ئادەی دنیا بگرن
ئەوه پاره!
وتمان: باشه
وتیان بمرن، ئەوه پاره!
وتمان: باشه
وتیان ماڵی یەکتر ببڕن
له ناو یەکا، یەک سەرببڕن
ورگی یەکتری هەڵدڕن
ئەوه پاره!
وتمان: باشه
دوو هەزار و پێنج سەد ساڵه
پێمان ئەڵێن:
بەرد بن، دار بن
ئەڵقه له گوێ و خزمەتکار بن
مەڕ بن، مار بن

ئادەی ئینجا شێت بن، هار بن!
ئەڵێین: باشە
بتی دار و بەردمان پەرست
تاجی هەزار، شای بێگانەی
خوێنەخوێمان
دانا و پەرست
چەند پێڵاوی دوژمنانی
تازە و کۆنمان
جووت کرد، پەرست
ئەممان پەرست، ئەومان پەرست
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
تەنها هەر خۆمان نەپەرست
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
دێین و دەڕۆین
وەک شێت ئەخوێن
سەرمان قاڵە
چەنە ئەدەین، هەڵئەپەڕین
سەرچۆپی نۆکەریی ئەگرین
کەچی دەستی کردەوەمان
هەر بەتاڵە
گفتمان لاڵە
***
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
مەشکەی دوژمنمان ئەژەنین

چونکە شلقەی زل و خۆشە
بەهی خۆشمان پێئەکەنین
***
ئەوەی گیانی رسوا ئەکرد
رۆیی و زوو مرد
ئەوەی کڕنۆشی نامەردی
ئەبرد، زوو مرد
وەکوو ئێستا
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
ئەوەی پیاو بوو لە ناومان برد
***
بۆ شاردنەوەی ئەنگی خۆمان
دەلاقەی گەورەی، درۆمان
بۆ ئەوەی خۆمان تەفرە دەین
وەک لەوە بەر هیچمان نەکرد
هەر هیچ نەکەین
هاتین گەڕاین
کەوتینە دووی گزی و فزی
لە قوژبنی مێژووی کۆندا
خوێندەوارمان کەوتنە دزی
دزی کردن لە شانازی
کەسانی‌تر، مایە و مووری گەلانی تر.
هەموو دنیایان کرد بە کورد
پێغەمبەرانیان کرد بە کورد

هەتا ئادەم و حەواشیان
هەر کرد بە کورد
نەیان پرسی:
ئەی بۆچی کورد
دوو هەزار و پێنج‌سەد ساڵە
بۆ خۆی، هیچی بە هیچ نەکردا!

مارتی ١٩٦٩

خوێنە کۆلا

کورد دووکەڵ و دووکەڵ کێشی
چوار کارگەیە
خوێنە کۆلا دروست ئەکەم
خوێنە کۆلا
لە ئەنجومەنی ئاشتییا ئەخورێتەوە!
ئاخ! زەمانی خوێنە کۆلا
کێ قوڕ ئەدا بە دەروازەی کارگەکانتا!

مامە خەمە

مامە خەمە قسەی گرە
کۆڕی پیاوە خەساوەکان ئەسووتێنێ
رستەکانی تەور داسە
نێرگەی زمانە لووسەکان ئەبڕێتەوە
مامە خەمە برینێکە
لەسەر چەقۆ دائەنیشێ
پێنخەفێکە

شەهیدەکان لەسەر سنگی رائەکشێن
مامە خەمە کتێبێکە،
چاوی شار ئەخوێنێتەوە
زنجیریکە بەندیخانە پێوەند ئەکات
مامەخەمە ئەجەلێکە
بەرەو مەترسیی رائەکات.

رۆژژمێری پێشمەرگەیەک

-١-

هەورازی قووچ چاوی زاتمان
ئەترسێنێ
ریگە ماری شەوی دوژمن
بەسەرمانا ئەفیشکێنێ
یەکەم هەنگاوی بەرەو ژوور
بۆ لووتکەی بەرز، بۆ لووتکەی دوور
ئەژنۆی رۆشتن ئەلەرزێنێ
بەڵام ئەڕۆین، چونکە ئەسپی
شەهیدانی لوتکەی بێ سوار
بەسەرمانا ئەحیلێنێ

-٢-

پێمان رووتە، دڕک و داڵە
دەممان وەک گەڵای داری «بی»
تفت و تاڵە
بەڵام ئەڕۆین. چونکە ئامانج

تێشووی هەر چوار وەرزی ساڵە

-٣-

وەک دڵۆپەیین
لە ئاسنیشا دائەدەین
بە تکەی ئارامی باوەڕ
پشتی ژێر دەستی کون ئەکەین

-٤-

جێگە زامی قووڵ کوانووە
خوێن مەشخەڵی گڕ گرتووە
تا ئەو زام و خوێنە هەبن
شاخ پێدەشتە بۆ سەرکەوتن

-٥-

لەسەر سەلیبی کوردستان
لەبەر چاوی هەموو جیهان
ڕۆژێ دەیان مەسیحی کورد
ئەکرێن بە قوربانی ژیان

-٦-

مافی مرۆڤ درۆیەک بوو
ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دەمی
هەڵوەری
مێژوو دەرچوو

-٧-

لە دوای ساڵێ
بێ تەل هەواڵێکی دامێ

وتی دوێنێ بەیەک بۆمبا
ماڵەکەتیان سەرنگوون کرد
کەست نەما
وتم کەواتە هەر بژی
ئەنجوومەنی بەرزی ئاشتی

-٨-

لە ئەشکەوتا پرسەم دانا
بۆ ئەوانەی تا گۆڕیشیان،
نییە بە ناو کوردستانا

-٩-

تەنیا لە لوولەی تفەنگدا
ئازادی چاوی هەڵدێنێ
هەق بانگ ئەدا.
تەنیا هەر لە ئاستی چەکا
داگیرکەر ملی کەچ ئەکا

-١٠-

ئەمڕۆ بەیانی کە لەم سەر
کەوتینە ڕێ بەرەو سەنگەر
ژمارەمان ئەگەیشتە
سی جەنگاوەر.
کاتێ ئێوارە خۆرنشین
بۆ دابەزین
بەرەو بنکە گەڕاینەوە
کە دانیشیتین خۆمان ژمارد

دەماینەوە!

-١١-

من شاعیر نیم
بەڵام ئەگەر لێیان پرسیم
کام هۆنراوە پەسەند ئەکەی
ئەڵێم ئەوەی
لەسەر لێوی وشەکانی، زەردەخەنەی منالانی
رووت و قووتی کوردی تیایە
ئەو هۆنراوەیەم خۆش ئەوێ
وەک پێشمەرگەی تینوو وایە.

-١٢-

لە نامەی ماندووی شارەوە
لە دەنگی کەس و کارەوە
گوڵی هەواڵی پچوڕکاو
دێڕی گریاو
گەیشتە لام
نۆی حوزەیرانی شەست و سێ
بوو بە نەورۆزی میللەتێ

-١٣-

ئەوەی ئەپرسێ ئێمە چین،
چۆن بەسەر پلەی مردنا
بۆ سەربەستی سەرئەکەوین،
ئەوەی حەز ئەکا بزانێ
بۆ نابەزین،

با پرسیار کا لە هەندرێن

-١٤-

ئەمشەو نۆرەی ئێشک گرتن
هاتە سەر من
ئەستێرە ویستی بمنوێنێ
بێهوودە بوو
کە بەرەبەیان تەماشام کرد
ئەو نووستبوو

-١٥-

لە نهێنی شاراوەدا
تەرمی داگیرکەر ئەبینین
لە ناو نامەی پێچراوەدا
دەنگ و باسی ئێستگەی جیهان
بە پەلە ئەمەی راگەیان:
کە گیڤارا
بەر دەسرێژێ کەوت و کوژرا
بۆ وەرامی ئەم هەواڵە
کە چاومان بۆ کەژ هەڵبڕی
هەر گیڤارای پێشمەرگە بوو
بە دوژمنان پێئەکەنی

-١٧-

ئەم بەیانییە خۆرم دی
بۆ دوا رۆژی نەوەی هاتوو
پێدەکەنی

بالا

ئازارێکی بالا بەرزم
بێ ئەوەی بچمە سەر شانی
خەمێکی‌تر
تەنیا بەسەرهەڵبڕینێ
برین لەکوێ بێ ئەیبینم
هەزار لە کوێ بێ ئەمبینێ

قووڵ بوونەوە

کە جۆگەیەک تینوو ئەکەیت
دڵی رووبارێ ئەشکێنی.
کە تیشکێ بگری و بەندی کەی
خۆرەتاو لە خۆت زیز ئەکەی
خۆ ئەگەر خۆر بریندای کەی
خوێن لە خۆت ئەکەی بە دوژمن
ئەوەی کە خوێنی رووناکییش
ئەبێتە دوژمنی ژینی
تاریکی شەوێک ئەیکوژێ

قەڵەم

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت
هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ
نەیانزانی

رووی لە کوێ کرد
چونکە ویستیان دای بدەن و
خۆی بە خۆی بکوژێننەوە
چونکە ویستیان وا بنووسێ
هەر بە تەنیا سوڵتانەکان
بیخوێننەوە.

خۆشەویستی

گوێم نا بە دڵی خاکەوە
باسی دڵداری باران و خۆی بۆ کردم.
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
سەرچاوەکانی بۆ کردم.
گوێم نا بە دڵی دارەوە
باسی خۆشەویستی خۆی و
گەڵاکانی بۆ ئەکردم.
کەگویشم نا
بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە، ئەوسا
باسی سەربەستی بۆ کردم.

واگۆن

من ئەزانم هەرچەند برۆین
بە یەک ناگەین
وەک دوو هێڵی

شەمەندەفەر وەهاین هەردوو
بەیەک ناگەین
بەلام گیانە ئەگەر لایش دەین
واگۆنی دڵ وەر ئەگەڕێ
ئەوسا ئەزانیی چەند نامە و
شووشە عەتر و
چەند ژوان و چەندە ماچی
خۆشەویستی هەردووکمانی
تێدا ئەمرێ.

بوخچە

ڕۆژێ هەنگ بوو بە هاوڕێم
شەوێ قەڵەمەکەم نەنووست
هەتا شیلەی شیعرێکی تازەی نەدامێ
ڕۆژێ کرمی ئاوریشمێکم بوو بە ئاشنا
شەوێ ئاوریشمی خەیاڵم
قەد قەد
خۆی لە وشەمەوە پێچا
ڕۆژێ کۆترێ بوو بە دۆستم
شەوێ ئەوینێکی سپی
هاتە لام و
چەپکی تیشکی دایە دەستم.
ڕۆژێکی تر گوڵەگەنم بوو بە ئاشنام
شەوێ تیرۆکی قەڵەمم ناسکە نانی

وشەی ئالی بۆ کردومەوە و هەتا دوایی
لەسەر سەبەتەی دەفتەرم هەڵمچنی.
بەلام وەختێ کە هەزارانی کوردستان
بوونە هاوڕێم
شیلە و ئاوریشم و تیشک و نانم هەر هەموو
خستە بوخچەی دەروونەوە و
ئەو بوخچەیەشم دا بەوان.

١٩٨٨

لە گۆڤارێکی بێگانەدا

١- چەک
لە وتاری گۆڤارێکی دوور ولاتا
لە ناو دێڕی ئازاد بوونی دوای خەباتا
لە بەهاری، باخچەی گوڵی، بەر ئاواتا
لەسەر لاپەڕەی یەکەمین
بەگەورەیی، وا نووسرابوو:
چۆن سەرکەوتین؟
ئینجا ئەڵێ: پێش ئەوەی بەلەش ڕاپەڕین
ئێمە بە گیان ڕاپەڕی بووین
یان بەر لەوەی، سەنگەر بگرین،
ئێمەی زیندوو
خوێنمان لەناو لەپی دەستا هەڵگرتبوو.
بەر لەوەی سەنگەر هەڵکەنین،
سەنگەری باوەڕمان هەبوو
لە ناو گیانا، لە ناو بیرا، زۆر لەوەوبەر

ئامادە هەڵمان کەندبوو
ئەو چەکەیش هەڵمان گرتبوو
هەر ئاسنی سارد و سڕی بێ گیان نەبوو
مردوو نەبوو
هەر گوللەیەک، قاڵ کراوی باوەڕێ بوو
لە ناو کوورەی، ژیانمانا
وشەی پشکۆی نەکوژاوەی ئاگرێ بوو
هەر چەک نەبوو
چەک و بیر و زمان و دڵ هەمووی یەک بوو
٢- سەرکردە
سەرکردەمان وەکوو خاکی ئێمەی تینوو
ئەویش تینووی سەربەستیی بوو.
لەگەڵ برسییا، برسی بوو
وەک زستانمان، ئەویش مات بوو
وەک بەهارمان، ئەویش گیانی پڕ ئاوات بوو
سەرکەردەمان وێنەی لە ناو فرمێسکا بوو
کاتی گریان، لە دڵۆپی خوێنیندا بوو کاتی ڕژان
دەنگی لە ناو دەستی کاری جوتیارا بوو
کاتی کێلان.
سەرکردەمان بڕوای وەکوو،
خۆر ڕووناک بوو.
وەک دەروونی ڕەش و ڕووتی ئەم وڵاتە
سادە و پاک بوو.
سەرکردەمان چاوی وەکوو ئەم کێوانە

بەرامبەر دوژمن سامناک بوو.
بڕوا و چەک و سەرکردەمان لەگەڵ یەکا
لە باوەشی چارەنووسی سەنگەرێکا
بۆ ڕزگاری، کەوتنە جەنگین
هەتا خوێنی سەرکردەمان... بەسەر چەکان
ڕژاو تکا
وا سەرکەوتین

نیسانی ١٩٦٩

عەبدوڵڵا پەشێو

لە ساڵی ۱۹٤٥لە گوندی بێرکت سەر بە شاری هەولێر چاوی بە سەر دونیای پڕ لە هەورازو نشێو کردەوە. وەکوو زۆربەی روشنبیرە کوردەکان ژیانی تاراوگەو دوور ولاتی دەبێتە بەشی و تا ۱۹۷۰لە ولاتانی رووسیا، لیبیاو سویس دەژی. بەلام ژیانی غەریبی ناتوانێ گیانی بزۆزو دژ بە زولم و زۆری لە هەولدان بوەستێنێ و بەر بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی بگرێ.



پەشێو، دوکتوراکەی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگرتووە.

بێ گومان پەشێو یەکێک لە خۆشەویستترین و خەلکیترین شاعیرانی کوردە. رەنگە کەمتر کوردێک بێ کە لانی کەم چەن شیعری پەشێوی لە بەر نەبێ و بە ورتە ورت نەیانلێتەوە. هەرچەند زمان و بیچمی شیعری ئەم شاعیرە بەرزە شێوازێکی نوێیە، کەچی شیعرەکانی بە هۆی هەستکردنی دەردو خەم و ئازاری گەلەکەیەوە، لە ناخی دلی خەلکی کوردستاندا رۆچووەو بۆتە زیکری سەر زاری دایکان لە سەر لانکی مندالیان، رەنجبەران لە کاتی تێکۆشان و

پێشمەرگە لە کاتی شەڕو مامۆستا لە کاتی وانە وتن و کچ و کوڕی لاو لە کاتی دڵداریدا.

پەشێو لە کاتی شەڕە نەحسەکەی براکوژیدا چاوی بەسەر ئەو کارورەهاتەدا نەنووقاند و وەک کوردێکی دڵسۆز چ لە لۆمەی ئەوانەی ئاوری شەڕیان هەڵکردبوو، چ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی کوردستاندا دەورێکی کاریگەری هەبوو.

ئێستا لە رووسیاو لیبیدا مامۆستای زانکۆیە؛ هەروەها تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی لە چاپ داوە:

- فرمێسک و زام، ١٩٦٥-١٩٦٧.
- بتی شکاو ١٩٦٨.
- شەونامەی شاعیرێکی تینوو، ١٩٧٢.
- ١٢ وانە بۆ منالان و چەند شیعرێکی قەدەغە، ١٩٧٧.
- شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم، ١٩٨٠.
- برووسکە چاندن، ١٩٨٠-١٩٨٨.
- بەرەو زەردەپەڕ، ٢٠٠١.
- هەشت خشتەکی.
- پرێسکی عاشقێکی زگماک، ٢٠٠٦.
- دیوانی براکوژی، ١٩٩٤.

دەفتەری سوور

ولاتانی تێری جیهان
دەفتەرێکی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
کە کوشتنیان قەدەغەیە.

تکا دەکەم لە یۆنسکۆ،
لە دەفتەرە سوورەکەیدا
ناوی منیش تۆمار بکا.
لە ڕاوکەر و بازرگانان
کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا.

ئەمن چبکەم!
نە خزۆکم، خشپەیەک هات
بۆ زەندۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی کەم خەرەند و هەڵدێر و تەلان.
نە دەعباشم،
بە کەڵبە بێچوو هەڵگرم
کونەشاخێک بکەم بە لان.

ئەمن چبکەم!
نە باڵندەم، عەرد دەرم کا،
دەرگەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ.
نەماسیشم گەرداو هەڵکا،
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ

من هەم ونیم دوو پێیەکم،
کەچی ئەوا زەردەواڵەی دوو پێ دەمخۆن،
تێم ئاڵاون
لە ڕاست و چەپ، لە خوار و ژوور،
سەرتاپام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخلیت بم، دەفتەری سوور!

٢/٦/١٩٨٠- مۆسکۆ

کڕیوە

کڕیوە بوو، دنیا بولێڵ
لەپم کردە لانەی کلوەبەفرێکی وێڵ.
وەک ئاشقێک، تا توایەوە تێمڕوانی.
کە بوو بە ئاو ناسیمەوە:
لە کوردستان
دڵۆپێک بوو لە ناو کانی.

١/١/١٩٨١- مۆسکۆ

داگیرسان

کە سەیری دەکەم
هەردوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو.
کە ماچت دەکەم
وەکوو دڵۆپێک خوناوی شاخان
دەتکێیتە سەر لێو.
کە بە ئاستەمیش قامکم دەتگاتێ

دەبم بە زەلێک،
دەمهێنن و دەمبا
وردەشەپۆلی تەزووی ڕۆحئەنگێو.

١٤/٤/١٩٨١- مۆسکۆ

سەدان ساڵە

سەدان ساڵە،
لە وێرانە ماڵی خۆمدا
کتکەکۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم،
سەدان ساڵە،
حەوشوبەرەی خۆم والایە و
لەبەردەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.

***

سەدان ساڵە
ڕۆژێک دەبم
بە مەیتەری والی بەغدا
ڕۆژێک لە تاران کۆتاڵم.
ڕۆژێک لیفکەم
پشتی ژنی سوڵتان دەشۆم.
ڕۆژێک گەسکم شام دەماڵم

***

سەدان ساڵە،
وەکوو چنگێک دانەوێڵە
ئاشی مێژوو فڕێی داوم،
هەرچوار دەورم شارۆچکەیە و
مێروولە دەمیان تێ ناوم.

***

سەدان ساڵە،
کاسەسەرم منارەیە،
کێ بێ دەنگی تیا هەڵدەبڕێ.
سەدان ساڵە،
نیشتمانم نێرگەلەیە،
کێ بێ، بە دەمیەوەی دەگرێ.

***

سەدان ساڵە،
لە بەردەرگەی تەکیەی جیهان،
جووتێک سۆلی پینەپینەم،
کێ لە پێم کا بۆ ئەو دەشێم.
سەدان ساڵە
دوای تلیشێک فڕێ دەدرێم.
سەدان ساڵە،
دوای پینەیەک لە پێ دەکرێم.

***

من پشتێکی بریندارم،
لە قامچی خۆم ڕاپەڕیوم
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانە هەڵساوم
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوە، نانوومەوە.
بێئارامم.
ئارامی من چرایەک بوو
ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.
بێبەزەییم،

بەزەیی من زەریایەک بوو،
بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت.
نانیشمەوە. نانوومەوە.
کە من دان بم، کوا دەرفەت؟
یا من، یا مێروو.
کە من خوێن بم، کوا دەرفەت؟
یا من، یا زێروو.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
دان و مێروو برای یەکن
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
خوێن و زێروو برای یەکن
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن
ماسی و چەنگاڵ،
مشک و جەواڵ،
دەست و چزوو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
پەت و گەردن،
گوێزان و موو برای یەکن.

***

وەرن خەڵکە!
لە نێچیر و زام بپرسن،
بڵێن توخوا!
خەنجەر هەیە زام تیمار کا؟
ڕاوچی هەیە نێچیر نەخوا؟
دە خەڵکە، لە کا بپرسن،
قەت ئاگری ساردی دیوە؟

لە هێلانەی مەل بپرسن،
بە نیازی ماچ
قەت مار دەمی تێ ژەنیوە؟
دە لە داربەڕوو بپرسن،
تەوری دیوە داربڕ نەبێ؟
دە لە کەرێکیش بپرسن،
گورگی دیوە کەردڕ نەبێ؟
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماری شیرین ژاریش هەیە،
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
تەوری برای داریش هەیە.

***

من پشتێکی بریندارم،
لە قامچی خۆم ڕاپەڕیوم.
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانە هەڵساوم
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوە
نانوومەوە
بێ ئارامم.
ئارامی من چرایەک بوو،
ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت
بێ بەزەییم،
بەزەییی من زەریایەک بوو،
بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت!

١٩٨١/٩/٢- پۆتسدام-بەرلین

گەر سێوێک بوو...

گەر سێوێک بوو، لەتی دەکەم
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.
بزەیەک بوو، لەتی دەکەم
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ
خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،
هەڵیدەمژم وەک دوا پەتۆ!

١٩٨٣/١٢/٣١- پراک

لەدایک بوون

گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە
بەڵام دڵنیام
جیهانی سبەی گوشاد و روونە
لەدایکبوونی مناڵم دیوە
قیژە و لینگکوتان
یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە.

١٩٨٧/٥/٢٠- تەرابلوس

تا چرای ئێمە نەسووتێ...

«ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە،
خۆی ناحەسێتەوە». بیرمەندێک

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز رووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان

***

قرمان دەکەن

قوڕتان بە سەر!
گەربشمرین
تەنیا دیلی دەدۆڕێنین
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟
گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

***

قرمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ
گەر هیچ نەبێ دەبینە خاڵۆزەی پێستان
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان
دەبینە لم
دەچینە ناو پارووی نانتان
دەبینە مار
پەپکە دەخۆین لە ناو نوێنتان
دەبینە شێرپەنجە و میکرۆب
گەرا دەخەین لە ناو خوێنتان
دەبینە کوان
هەر دەمەو لە جێیەک دەردێین
دەبینە ژان
لە سەد لاوە تێتان وەردێین

دەبینە زیڕووی هەزار پێ
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان
دەبینە تامیسکەی سەر لێو
باپشکێوی سەر پێلووتان

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین نیشتمانمان بکەن بە ماڵ
لێ ناگەڕێین گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.
شایی بکەن، دەیکەین بە شین
پرسە دانێن، کاستان دەکەین بە پێکەنین
دەبینە لەکەی زمان و تانەی سەرچاو
دەبینە مووی ناو خۆراک و خلتەی ناو ئاو

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان.

١٩٨٣/٧/٢-مۆسکۆ

دیوەرەو کەر

دیوەرەیەک بە سواری کەر،
ڕێیەکی دووری گرتە بەر
نەیهێلا کەر بدا پێنێ

تا ڕێیان کەوتە بزوێنێ
کەر کە بینیی وا لەو ناوە
گیا و گوڵ سەری پێوە ناوە،
مێوانی گەورەی سروشتە،
نە خێو، نە باری لە پشتە
بە زەڕەزەڕ، بە غارە غار
دنیای هەموو کردە بەهار
لە پڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەودیو تەلان
هەرا و هۆریا و دەنگە دەنگە
ئیتر زانیی کاری لەنگە
گوتی: «کەرە گیان! گوێ گرە
ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە
هەتا زووە با بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم».
کەر دایە قاقای پێکەنین
گوتی: قوربان، هاوڕێی شیرین!
بارەکەی من لە خۆت بار کە
هەتا زووە خۆت ڕزگار کە
کە من کەر بم، بارەبەر بم
کورتان لە پشت، هەشبەسەر بم
فەرقی چییە، دەرد هەر دەردە
کەری تۆ بم، یا هی جەردە!

٢٤/١٢/١٩٨٨- تەرابلس

پێزانین ....

دەستم گوتیە پەنجەکانم:

با لە مەیدان بتانبڕن
بەڵام هەرگیز نەتانکڕن.
دەمیشم گوتیە زمانم:
من بە درێژیی تۆ دەخورم،
مەپرینگێوە، بئەنگێوە!
سەروبەر بکەی دەتبڕم.

***

گەڕام، سووڕام بە دنیادا
چەند شار ویستیان،
کچ ئاسایی، بێنە دەستم
بەڵام بووکی دیلی ئاسیا
نەیهێشت شایی لەگەڵ هیچیان داببەستم.
ڕۆژباش، پەنجەکانم، ڕۆژباش!
هەتا ئەمڕۆ
ئێوە چەند جار چوونە مەیدان،
درانە بەر شیر و تیران
بریندار بوون، گلانە خوار،
بەڵام بە دیل قەت نەگیران!
ڕۆژباش، زمانەکەم، ڕۆژباش!
سوپاس، زمانەکەم، سوپاس!
تا ئێستا چەند جارت بەزاند
کۆشەنی پاوانی گەوران
چەند جار بە ناو کێردەڵانا رجەت شکاند.
کەوتینە کەمینی تەوران

لە خاچی ڕاست و چەپ درای
بەڵام سوپاس...
سوپاس کە تۆ هەر زمانی و
دەستت نەدا کارێکی‌تر.
هەر کلیلی سەری خۆمی و
نەچوویتە ناو زارێکی‌تر.
سوپاس کە تۆ
لە ناو سەنگەری دەممدا
چەکی «نا»ت هەر لەسەر پێیە
لە کاتێکدا دەست بۆ چەپلە و
دەمیش تەنیا بۆ «بەڵێ»یە

١٩٩٢/٥/١٠- هەولێر

خوناو

تۆ دڵۆپەخوناوێکی
لەسەر گەڵای عومری بەهار
تۆ –گیانەکەم!- کچی شەوی
زۆر دەترسم نێزیکت بم،
نە وەک بتکێی بۆ سەر زەوی

١٩٩٥/١١/١٧- هێلسنکی

خەڵات

ژینێکی ترم خەڵات کە، خوایە!
با کورت بێ، وەک هی گوڵ و پەروانە،
بە هەر بستێ عەرد من قنیات دەکەم،
بەڵام تیا نەژیم وەکوو بێگانە

١١/٤/١٩٩٩- هێلسنکی

گوڵمێخەک

لە باخێکدا
گوڵمێخەکێک دڵمی رفاند.
بە خەمساردی
دەستم نایە بینەقاقای بۆ چنینی.
لە پڕێکا
لە جێگەی گوڵ-گوڵم نەدی- خۆمم بینی
راچڵەکیم و بەبیرما هات.
«منیش، ئەمڕۆ،
وەک ئەو گوڵە دەشنێمەوە،
بێپەروام، ئاسوودەم، هێمنم
ئەی کێ دەڵێ، هەر وەک ئەویش،
دەستی مردن نێزیک نییە لە گەردنم؟»

١٠/٦/١٩٩٩- هێلسنکی

شایی

کاتێ شایی دادەبەستین
یەک چەپکین و دەست لە دەستین،
شلکەبەژن، ئەڵقە ئەڵقە،
شەپۆل دەدەن و شاخ دەکەن.
شان دەبێتە داڵدەی شان و
پێ پێکەوە رمبەیان دێ و خاک داخ دەکەن
ئەی تێناگەم
بۆ لە شایی و زەماوەندی ئازادیدا

هەر چاوێک و خەمی سۆمای خۆی دەپێوێ
هەر دەستێک و دەهۆڵی خۆی دەئەنگێوێ
هەر پێیەک و
نیشتمانی دێتە بەرچاو بە پێڵاوێ
هەر سمێڵێک فیرعەونێکە و
لە عەرشی خوای کەمتر ناوێ.

١٩٨١/٧/١١- مۆسکۆ

بتی شکاو

بتێک بووی دەسکردی خۆم،
کڕنۆشم بۆ دەبردی،
لە ساتی تەنیاییمدا
سکاڵام بۆ دەکردی.
بەڵام ئەمڕۆ لە دەورت
کۆمەڵی کڕنۆشبەران
تفری نەخشی پیرۆزی
پەنجەی منیان هەڵوەران
شێلایان ئەو شۆخییەی
جێی سەرنج بوو بۆ هەڵبەست
ژەنگیان خستە ئەو دڵەی
پرد بوو بۆ ژێر پێی مەبەست.
کەوابێ، تۆ دارشتەی
دەستم بی و بۆ من نەبیت،
ئیتر بۆچی لە ژێر پێم
ئەنجن بە ئەنجن نەبیت؟

هەولێر-١٩٧٦

بۆ کچێکی کاڵ

لە دوورەوە ناوت بیستووم
ناشارەزا خۆشت ویستووم
گوایە لەگەڵ شیعرەکانما زۆر ژیاوی
شەوەهای شەو
تەزووی شیرینیان پێ داوی.
نەتناسیوم
بڕوا بکە نەتناسیوم
ئەو جیهانەی تۆ دەتەوێ
هەرگیز لای من دەست ناکەوێ
جیهانی من هەمووی خەمە
زەردەخەنەی ئێجگار کەمە
تەلاری من کەلاوەیە
جێی پەرتووک و هۆنراوەیە.
ئەوەی رووگەی دڵ و چاوە
تەنیا بتێکی شکاوە!

دوور بە لە من،
لە ژینی من،
لە چاوانی بەدبینی من.
دوور بە لە من، لە هەڵبەستم.
لەو چەپکانەی
بۆ شاچەپکێک دەیانبەستم

٢٨/١٠/١٩٦٨- هەولێر

لەگەڵما بە

گیانەکەم! گەر ژینت دەوێ لەگەڵ منا،

گەر دەتەوێ دەست لانەچێ لە گەردنا
لەگەڵما بە، با هەر پشتم پێت ئەستوور بێ
لەگەڵما بە گەر هات و ڕۆژێک لە ڕۆژان
بوو بە تانە تفم لە چاوی دوژمنا
لەگەڵما بە گەر پەتی سێدارە کوتی:
«کڕنۆش بەرە، ناتخنکێنم» قیژاندم «نا».
***

لەگەڵما بە لە پیادەییم ڕووەو ئاسۆ،
لە بێداری و لە ئارەقەی ڕەش ڕشتنا،
لەگەڵما بە، پێکڕا بچین خۆر دەربێنین،
با نەخنکێ لە گۆمی هەوری چڵکنا
ئەو ڕۆژە چوو کە بتچێنم بۆ ئەوەی شەو
بتدوورمەوە لە ناو پێخەفی نووستنا
***

لەگەڵما بە، خۆ تا ئەمڕۆ لەگەڵما بووی
لە پێمەلەی دەریای ئازاری بێ بنا
لەگەڵما بە، سوێندیش دەخۆم گەر ماندوو بیت
یا کۆڵ بدەی لە رووی هەوراز سەرکەوتنا
جێت دەهێڵم، دەست هەڵدەگرم لە گەردنت،
من چۆن کاروان جێ دەهێڵم لە ڕێی ژنا

١٩٦٩/٥/٤- هەولێر

لەبەر دەرگە

شەو ڕاشکا،
ئەژنۆم شل بوو،
مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا.
دەرگەکەتم لێ بکەوە

ئەم شەو هاتووم
بۆ چنینی چەپکە نێرگزێکی چاوت،
بۆ وچانێ
بۆ خەونێ، تۆزە گریانێ
لەسەر هەوری قژی خاوت.
***

ئەم شەو هاتووم
ترووسکایی شاری یادگار بانگی کردووم.
لەگەڵ سیمای منالیما،
لەگەڵ خەمی شۆڕەبیما،
هاتووم و ناگەڕێمەوە.
یا پێت دەگەم،
یا وەک مۆمێک
دەسووتێم و دەتوێمەوە.
***

دەرگەکەتم لێ بکەوە!
هەر دڵدارەکەی جارانم،
هەر کێڵگەکەی بەردەرگەتم،
هەر تینووەکەی بەر کرێوە و با و بارانم.
***

دەرگەکەتم لێ بکەوە!
من ئەو کەسەم،
تا دوێنێ بوو،
لە ناو گەرووی ڕووناکیدا دەتشاردمەوە.
لە ناو جامی مەترسیدا دەتخواردمەوە.
***

کات لە ژێر باڵی ئاسماندا
خەریکە باوێشک دەدات.
شوێن- قولەڕەشێکی کپە.
دەرگەکەتم لێ بکەوە،
شتێک نییە شیرینتر بێ
لە خشپەی پێ و چرپەی چپە.

***

دەرگەکەتم لێ بکەوە!
کفت و ماندووی ڕێگەی دوورم.
وەکوو جاران،
کەمێک لە لات دەمێنمەوەو ڕادەبوورم.

شەو ڕاشکا،
ئەژنۆم شل بوو،
مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکا
دەرگەکەتم لێ بکەوە
دار و بەردی بەردەرگەتان هاتنە تکا.

١٩٦٩-هەولێر

شەونامەی شاعیرێکی تینوو

-١-

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ شەوی پایز،
کاتێ خشپەی گەڵای وەریو
پەلی هەستم دەرگرێ و دەیبا
بۆ کۆتایی و دنیای ئەو دیو،
من بەخێڵی بە کۆتایی گەڵا دەبەم،

چونکە، کە مرد،
هاوڕێی هەیە دەمی زەردی بنێتە دەم.

-٢-

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ، شەوی زستان،
کاتێ دەنووک لە گوێم دەدا ترپەی باران،
کە خۆڵەمێش دادەپۆشێ
پۆلووەکانی ناو ئاگردان
لەسەر دیواری بەردەمم
سیمای تەڵخی دلدارەکانم ریز دەکەم.
چییان لێ هات؟
بۆ رۆیشتن؟
دەربەستی هیچیان نیم بەڵام،
بەڵام... ئاخ! بۆ ئەوەی یەکەم،
کە ناتوانم لەبیری کەم.

-٣-

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ، شەوی بەهار،
کە تاریکی وەک تاڤگەی کل
دەڕژێتە ناو گلێنەی شار،
کە ئەستێرە گەڕانەوە
لە ناشتنی تەرمی ماتی زێرکفتی خۆر
کە پەنجەیەک هات بزواندی
تەلی گیانی پڕ لە ناسۆر
بڕوا بکە، خۆشەویستم!
لەو کاتەدا

بۆ خەوێکی سەر مەچەکت دەگریم... دەگریم
بە گیان، بە لەش، بە چاو، بە گوێ
هاوار دەکەم: برسیم برسیم.

-٤-

خۆشەویستم!
کە شەو دادێ، شەوی هاوین،
کاتێ ئاسمان
پەپوولەی خەو دەبارێنێ، خەوی شیرین.
کە سروەیەک دێ و بە کپی
بە گوێی ناخما دەچرپێنێ
رازی شەو و چوار دەورەم و کوللەی سپی،
بڕوا بکە، خۆشەویستم،
لێرەدا دڵی هەتیوم،
دڵی شەوی گەش نەدیم،
وەکوو مانگی تەنیای ئاسمان
تێر دەداتە پرمەی گریان
گریان... بۆ چەرپای دووکەسی،
بۆ سەرینێکی دووکەسی.
گریان...
گریان...
بۆ چەناکە و بەرگەردنێ
بۆ ئافرەتێک، تا بەیانی
سەر بە سەر سنگمەوە بنێ
گریان بۆ یەک چرپەی شیرین،
گریان بۆ یەک خورپەی شیرین.

١٩/٧/١٩٧٠- کوردستان

خۆشم دەوێی

خاتوونەکەم!
بیستووتە ئاسمان چەند دوورە؟
من بارتەقای دووریی ئاسمان
خۆشم دەوێی.
بیستووتە دەریا چەند قووڵە؟
بەقەد قووڵی گشت دەریاکان
خۆشم دەوێی.

***

گیانەکەم، تۆ نووسراوێکی
دێرت بەقەد تاڵی پەرچەم.
من چوار ساڵە دەتخوێنمەوە،
چەند باڵی بیرم لێک دەدەم،
نە تێر دەبم، نە تێت دەگەم.

زۆر دەترسم،
لە ناو دێڕی شیعرەکانما شار بتناسێ
کامێرەی چاوی مەرگەوەڕ
وێنەت بگرێ و هەڵیواسێ.
زۆر دەترسم،
گەر بتناسن، پەنجەکانم هەڵوەرێنن،
شابسکی تۆش بسووتێنن.
بەڵام هێشتا من دەربەست نیم،
هەرچیم دیوە،
هەرچیم بۆ چاوت نووسیوە،
نایشارمەوە،

تا چۆک بدا لە دەروونتا دێوی گومان،
تا گەورە و بچووک بزانن
خۆشم دەوێی،
خۆشم دەوێی سەد بارتەقای دووریی ئاسمان.

١٩٧١/١/٧- کوردستان

بەفر و پشکۆ

بمزانیایە
جارێکی‌تر
سێبەرم سێبەرت شانە ناکاتەوە،
بمزانیایە
جارێکی‌تر
خەیامی دەروونی هەڵچووت
پێکی وشەی شیعرەکانم ناخواتەوە،
پشکۆی هەزار ئاگردانم
دەهێنایە سەر لێوی خۆم،
تا کتێبی ماچی دوایی بکەینەوە.
بەفری هەموو نسارانم
دەهێنایە سەر لێوی خۆم،
تا پێت بڵێم:
چیتر بە یەک ناگەینەوە.

١٩٧٢/١/١٩- کوردستان

وانەی دووەم

مناڵەکان!
ئێمە تووشی سەد کوێرەڕێین

چرای بیرمان گەلێک کزە،
هەنگاوی کوێرانە دەنێین.
منالەکان
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە:
هەبوو... نەبوو...
هۆزێک هەبوو لە خاکێکا.
پاڵەوانیان
چاوی کوێر بوو،
هەوای دەورەی خۆی دەپێکا
فەیلەسووفیان
فاڵچییەک بوو،
شەوان فاڵی دەگرتەوە،
تا بزانێ کەی دوژمن بۆی
پەت دەخاتە گەردنی خۆی.
پیاو ماقووڵیان
کەڕ و لاڵ بوو،
ماوەی کورتی ئارامیشی هەزار ساڵ بوو.
هۆزی نەگبەت
شەوی دەژمارد،
ڕۆژی دەژمارد،
سێ ژەم نان و چەپڵەی دەخوارد،
چاوەڕێ بوو کە دوژمن بۆی
پەت بخاتە گەردنی خۆی.

وانەی پێنجەم ....

منالەکان!
ئەی بێلانە ژینتاڵەکان!
زۆر لەمێژە دایکەکانی ئەم وڵاتە
مەمکەکانیان
شیری سەربەستی تیا قاتە.
زۆر لەمێژە کێوەکانی ئەم وڵاتە،
پێغەمبەریکیان تیا قاتە.
منالەکان!
لە ئاگردانی چاوتاندا
من چاوەڕێی زەردەشتێکم،
بێ جێ بەو بتانە لەق کا.
من چاوەڕێی
چەخماخەی ئاڤێستایەکم،
بێ جەرگی تاریکی شەق کا

وانەی حەوتەم

منالەکان!
دەسگیرانم کۆترێکی دیاربەکرە
حەزی لە چیا و قاسپەی کەو و رەنگی بەفرە.
بۆ گواستنەوەی
زنجیرەی چیام قەف قەف بڕی
رۆژمێرم پەڕ پەڕ دڕی.
پەساپۆرتم،
ئاوات و زەردەخەنە بوو،
کلدان و کیسێک خەنە بوو.

کە لە دەرگەی سنوورم دا،
لە باتی ماچ،
ماچی گەرمی دەسگیرانم،
تفی زەردی پۆستاڵڕەشێک
هات سواخی دا ناوچەوانم.

ئەو پەڕی تینوێتی
ماچت دەکەم.
ئەی گیانی خۆم، ماچت دەکەم
قوڕتی چەناگەت ماچ دەکەم،
نەرمانی گوێت،
گوێ مەمکەکانت ماچ دەکەم.

***

زۆر تینووتم،
لە گەڵ ئەوەی چاک دەزانم
مەمکانت، وەک تۆپەخوێ،
تا ماچیان کەم
نەمامی زەردی تینوێتی
لە ئێسکمدا پتر دەڕوێ.

***

ئەی گیانی خۆم!
لە یەکەم کۆرسی ئەڤیندا،
مەمکەکانت فێریان کردم
ڕێزی بەفری کۆسار بگرم.

چاوەکانت فێریا کردم
ڕیزی کانیی بنار بگرم.
دەمەوێ بگەڕێمەوە
بۆ سەر تەختەی قوتابخانە،
چاوەڕێت کەم،
لە دووەم کۆرسی ئەڤیندا
فێرم بکەی مەمکەکانت بپارێزم،
فێرم بکەی چاوەکانت بپارێزم.

١٩٧٣- هەولێر

سەربازی ون

کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بو سەر گۆڕی سەربازی ون، تاجە گولینەیێک دێنێ.
ئەگەر سبەی
وەفدێک بێتە ولاتی من
لێم بپرسێ
کوانێ گۆڕی سەربازی ون
دەڵێم گەورەم!
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لە بەر دەرگەی هەر ماڵێ
هەر کەنیسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لە سەر گابەردی هەر شاخێ
لە سەر درەختی هەر باخێ

لەم وڵاتە
لەسەر هەر بستە زەمینێ
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە! کەمێک سەر داخەو
تاجەگوێینەکەت دانێ.

لەتیف هەڵمەت

لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە دیوانی «خواو شارە بچکۆلەکەم»ەوە شۆڕشێکی ئەدەبی دەست پێکردو توانی لە بواری داهێنان و ئافراندنی ئەدەبیدا ئەستێرەیەکی درەوشاوە بێ.

لەتیف هەڵمەت بە درێژایی ٣٠ ساڵ خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی یەکێکە لە خودانی رەوت و شێوازی نوێ لە ویژەی کوردیدا.



هەندێ لە بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- خواو شارە بچکۆلەکەمان، هونراوە.
- ئامادە بوون بۆ لە دایکبوونێکی تر، هونراوە.
- پرچی ئەو کچە رەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە، هونراوە.
- گەردەلوولی سپی، هونراوە.
- ئەو هونراوەیە کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، هونراوە.
- ئەو نامانەی کە دایکم نایانخوێنێتەوە، هونراوە.
- وشەی جوان گوڵە گوڵ، هونراوە.
- سروودی هەزاران، هورنراوە، ١٩٨٣.
- ئەم رووبارە وشک ناکات، هونراوە، ١٩٩١.
- گورگەکانی لەتیف هەڵمەت، هونراوە، ١٩٩٢

کوردستان

پیرەمێردێ چووە قوتابخانەی گوندێ
لە حەوشەکەدا راوەستا
دەورەیان لێ دا مامۆستا
ها خاڵە گیان! چیت گەرەکە ها خاڵەگیان؟
پیرەمێردی بەستە زمان
کە لاواز ببوو وەک گۆچان
وتی توخوا مامۆستا گیان
فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان؟

گۆرانییەک

شاعیرە ترساوەکان
ئەی زەلامە بێ ناوەکان
ئێوەن
ئێوەن
هونراوەتان
کرد بە ناڵی ئەسپی سوڵتان
داتان بە ئاو
داتان بە نان
داتان بە ماچ
داتان بە گان
ئەی زەلامە سواوەکان
کێ پێی وتن هونراوەکان
ببەخشنە شاو خەلیفە خەساوەکان
بۆچی تاجی شا پیرۆزە

یا کڵاشی چەوساوەکان؟
ئەو تەپڵەی کە ئێوە لێی دەدەن دەدڕێ
رۆژێ دادێ
کۆشک و قەڵای هەموو شایێک
خاپوور دەکرێ
جا ئەو ساتە
کێ هونراوەتان دەکڕێ
ئەی زەلامە پواوەکان
ئەی شاعیرە پێڵاوەکان

سەرەتایەک

وشە هەیە لە ئاهەنگ و کۆنگرەکاندا، نەفرۆشرابێ؟
وشە هەیە لەم چەرخەدا بە تۆپزی نەسمرابێ؟
وشەیەکم بدەنێ کە بە مۆری پۆلیسەکان مۆر نەکرابێ
لە دیوانی پاشاکاندا سووک و سەرشۆڕ نەکرابێ؟
وشەیەکم بدەنێ نەوترابێ، نەوترابێ
وشەیەکم بۆ بێنن وەک چرا بێ
تۆ لەکوێ دای ئەی وشەی چاک
تۆ لەکوێ دای وشەی پاک
تۆ لەکوێ دای وشەی رووناک
بۆ هەمیشە قەسابەکان
جەندرمەکانی جەنگیزخان
تۆ ئەکەنن وەکوو لاک
ئەی وشەی چاک
ئەی وشەی پاک

وشەی ڕووناک؟

لقی هەتاو

وشەکانم دروست ئەکەم لە یادی
ئەوانەی وا کۆڵیان نەدا لە تێکۆشان
قوڵپی خوێنی چڕی خۆیان بۆ ئازادی
ڕژانە ناو گەرووی تینوی چرای ژیان
وشەکانم دروست ئەکەم ئابەو خوێنە
کەلە شەوی شەپۆل دڕی شارەکەما
لەناوجەرگەی بەندیخانە هارەکەما
لە ئەلبوومی بیرەوەری یارەکەما
لەسەر پەڕەی نەبەزینی گەلانا
لە قولایی خۆشەویستی دلانا
بۆ خەبات و سەر فرازی بوو بە وێنە
وشەکانم دروست ئەکەم لە هاواری
ئەو خێزانەی کەوا بەزۆر دەرکراوە
لە گۆرانی تینوی تۆڵەی چاوەڕوانی
ئەو کۆرپەیەی کە لە باوک جێماوە
بە ئومێدی ئەوانەی وا چاوی دڵیان
چاوەڕێیە زەردە بگ.ێ بۆڵی بەیان
ئەوسا وەکو کڵپەو گڕی بارووتێ
هەر پیتێکم زۆرداریکی تیا ئەسووتێ

بۆ کچێکی ڕێڕەوی جوان

ورد برۆ سڵ مەکە زەردەپەڕ خامۆشە
ئەم ڕێیە بە تەنها من و تۆی لەکۆشە

وردە بڕۆ دڵی من پڕکوڵە پڕجۆشە
وردە بڕۆ پەرداخی تێبینی بنۆشە
سڵ مەکە لە نیگای پڕ تاسەو خرۆشم
من بە چاو شیرینی جوانی تۆ ئەنۆشم
بۆ کوڵمی وا ناسک تەمەنی وا گەیو
بۆ سنگی ئاوا قوت، مەمکی وا دەرپەڕیو
چ لاوێ مەست نابێ ئارەزووی ناجۆشێ
شەپۆلی هەناسەو سکاڵای نانۆشێ
بە شنە ئەفسوونی بەهارت داپۆشی
تاسانت کام شێوە ئەیخستە دڵ خۆشی
ئێستا هەر وێنەی تۆ ئەبینم لە هۆشما
جلوەی تۆ ئاوازە لە بەستەی خۆش خۆشما
کام پەریت تووشم بووی لەناکاو ئەم کاتە
کە گیانمت وا کردە ئەم دەریای ئاواتە
وردە بڕۆ سڵ مەکە ئەنوارم بنوارە
لە چاوتا متورفەی هەزاران راز دیارە
وردە بڕۆ حەز ئەگری لە ناخی هەناوتا
لە لەشی زیوینی ناسک و پاراوتا
وردە بڕۆ لەگەڵما بەنازێ بێرە دوو
بزەیەک پێشکەشکە بە لێوی ئارەزوو
پڕشنگێ هەڵبکە لە کەلی ژیانما
تەزێکی پڕ لە تام بهێنێ بە گیانما
جێم بێڵی جا مەگەر هەر بگریم لەتاوتا
وێڵ ببم لە تەمی خامۆشی هەنگاوتا

ورد برۆ سڵ مەکە زەردەپەڕ خامۆشە
ئەم ڕێیە بە تەنها من و تۆی لە کۆشە

سێ هۆنراوە بۆ دایکم

-١-

نیگای ئازار وەکوو باران
سۆسەی ژینمی تەڕ ئەکرد
پەپوولەی ناو ئاواتی ژان
وەک پەلکە زێڕینە ئەمرد
لە برووسکەی پشکۆی زاما
هاواری دەم ئەتەزی
لە لافاوی هەوریساما
ئەژنۆی تەمەن ئەلەرزی
لە باوەشی تەنیاییدا
ژوورەکانم پشکنی
خەم لە تاریکاییدا
هەڵیمژیم هەتا بنی
کە خەو چاومی پۆشیەوە
تۆم لە دڵما دۆزیەوە

-٢-

بەیانی بوو چاوی یادم
بە تەزووی ئاخ کرایەوە
هەستم پێکرد کە ناشادم
کڵۆی خەمم توایەوە
چەند پێتێکم لێ دروست کرد

لە دڵما بوون بە هەڵبەستێ
گریا وەکوو مناڵی ورد
کەس نەبوو زامی بەستێ
هەرچەن خامەم لکان پێوە
دەستم بۆ برد وەک ناسکە سێو
بۆم نەخرایە ناو چوار چێوە
لەرەی نەهاتە سەر لێو
وەکو چۆلەکەیەکی تینوو
لە قووڵایی دڵما ون بوو
ئەی ئەو دایکەی کە لە دڵمای
وا چۆلەکەیەکی تینوو
بە شاباڵی ئارەزوو
گیانی منی بۆ هێنای

-٣-

باویشکی شەوی ناو دڵم
خەمێک ئەگرێ وەکو گۆگرد
گرێکی بێ ڕەنگ و هەڵم
ئەکاتەوە
لێی ئەوەرێ پشکۆی ورد ورد
کەفی چاوی نوقمی سڵم
وەکو دەریایەکی بێ پرد
ئاسۆی دوورم ئەخواتەوە
بۆ ئەم ژانەی تەمەنم
ڕەنگە بگری گۆڕهەڵکەنم

ئەی خۆم چۆن نەگریم دایە
بۆ ئەوەی کەس بڕوای نایە
بڵێم دایکم نەمردووە
هەر زیندووە
لە ژینایە
لە قوڵایی
پڕ لە هەستی
خۆشەویستی
بێ کۆتایی
دڵم دایە

ئاگاداریەک

من ناتوانم بە زمانی ئێوە بدوێم
ناتانناسم، ناتانناسم
ئەی ئێوە ئەزانن من کێم؟
میوانێکم پەنجەکانم ڕەشەبایە
فەرهەنگێکم، وشەکانم
وشەی پێش لەدایک بوونی یاسایە.

تابلۆیەک لەژووری پێشمەرگەیەکی نەناسراوا

هەتاوێ تر بەدی ئەکەم
لەسەر تابلۆی ژانی ڕەشی مناڵەکان
لەقووڵایی زامی لەشی ساڵەکان
لافاوێتر بەدی ئەکەم
لەڕۆژنامەی پاشەڕۆژی هەواڵەکان
ڕووداوێ تر بەدی ئەکەم

ئەو ئەستێرەیەی کە ئەکشێ·
مردنی خۆی وەکوو نامەیەکی پیرۆز
وەکوو پەیامێکی بەسۆز
بەم جیهانە ئەبەخشێ
وەرن... وەرن پۆلیسەکان
بمخەنە ژێر مێخی پۆستاڵە پیسەکان
وەرن وەرن بمبەن بەرەو ئەو شوێنە
وا ئەڵقەی گوریسەکان
چاوەڕێمە
بەڵام هەرگیز ئەوەی پێمە
سڵ ناکات نا لە لیسەکان
ئەوەی پێمە هۆنراوەیەکە خوێنە
گەورەترین وشەی سوێنە

پەنجەرە ونەکان

خەیاڵ دەکەم وەک ئەستێرە لە شووشەی هەموو
پەنجەرەیە ونەوە
دێیتە ژوورەکەی منەوە
مناڵم و لە نێوانی مەمکەکانتا یاری دەکەم
مەمکەکانت دارستانە و
منیش مەنەی لانە پاساری دەکەم
نە ماندوێتی کۆتم دەکا و نە دەخەوم
تۆ دەبیتە پەڵە هەور و
منیش بە پێ دوات دەکەوم

تۆ دەبیتە دار بەڕوویەک
منیش لەسای پەلوپۆتدا تیر دەسرەوم
پەنجەرەیەک لە دلمدا دەکەمەوە
بۆ جریوەی ئاسمانی شادی داهاتووم
پەنجەرەیەک دەکەمەوە
خۆم دەدەمە دەست شەپۆلی خۆزگەمە

خەوی سەوز

گەر لە خەوتا شاعیرێ هات
ویستی باوەشت پیباکات
ویستی بە زۆر ماچت کات
گەر لە خەوتا شاعیرێک هات
ویستی بترفێنێ و بتبات
ئەوە منم
ئاخر مەگەر من هەر لە خەودا بێم بۆ لات

دوابڕیار

هەژارەکان ئەگەر نەبووم بە پەڵە هەوری خوێن و
دەستی عەشقی خۆم نەئالاند
لە گەردنی کەژ و کێوی ئەم شارە
شیعرەکانم تفرێزکەن و
لقی دار بەڕوویەکم بۆ بکەنە سێدارە
من چیم ئەگەر ئێوە ناوم لەبەر نەکەن
شاعیر کێیە، چییە ئەگەر
ئێوە تاجی لەسەر نەکەن؟
شاعیر چیە ئەگەر هات و شیعرەکانی

منالانی ئێوە نەیکەن بە گۆرانی؟
ئاخر شاعیر کێ دەیناسێ
ئەگەر کچە چەوساوەیەک
خۆی بە لقی شیعرەکانیا هەڵنەواسێ؟

گۆرانی

من گۆرانیم نەدەزانی
هەژارەکان فێریان کردم
تووڕە بوونم نەدەزانی
زۆردارەکان فێریان کردم
خۆشەویستیم نەدەزانی
ڕووبارەکان فێریان کردم
من شیعرم هەر نەدەزانی
دڵدارەکان فێریان کردم
دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێی خاوسی
جوتیارەکان فێریان کردم
ئەگەر مردن هەر نەشبوایە
لە پێناوی هەژاراندا من دەمردم

ئەوین

هەڵبەستێکی نوێم بۆت نووسی
باڵدار وتی: من بۆی دەبەم
ڕووبار وتی: من بۆی دەبەم
ئەستێرەی پرشنگدار وتی: من بۆی دەبەم
مانگی مات و خەمبار وتی: من بۆی دەبەم

بەرەبەیان
خۆر بە پەنجە نەرمەکانی
دای لە شووشەی پەنجەرەکەم و هەڵمیسان:
من هەڵبەستە نوێکەت دەبەم بۆ چاو جوان
دڵم کردەوە تۆی تیا بووی
هەڵئەقوڵای وەک ئاوی روون
ئەستێرە و مانگ و هەتاو
شەرم روویانی بردو
یەکە یەکە ئاوا بوون

گەورەترین برین

کە دایکم مرد
نە ئەستێرەکان هەڵوەرین
نە ماسیەکان کۆچیان کرد
کە دایکم مرد
نە فرمێسکێ لە چاوی ئاسمان هاتە خوار
نە باڵدارێ خەم دایگرت
نە گوڵێکی کۆشی بنار
کە دایکم مرد
نە مانگ نە خۆر نەگیران
پەرییەکیش لە ژوور سەری
چرایەکی دانەگیرسان
کە دایکم مرد
زەوی هەر وەک خۆی مایەوە
بەڵام لە ناو دڵی مندا

دەرگای کۆنی قووڵترین زام کرایەوە
ئای دایە گیان! دووریەکەی تۆ زۆر گرانە
دووریەکەی تۆ نە کرۆزەی تینوێتییە
نە زویری و تووڕە بوونی دەسگیرانە
لە دووری تۆ زۆر زۆر هۆڵمە
هەڵگورد خەمە و باری کۆڵمە
ئەگەر شەوێ لە شەوان
لە توێی خاکی گڵکۆوە
رووناکییەک دڵۆپ دڵۆپ تاریکایی ماڵی و کردی بە
چراخان
وا نەزانی مۆمە، منم، من ئەسووتێم بەدیار تۆوە
ئەی دایە گیان!
بە نوقڵ هەر دەڵێم
نوقڵ
بە برین هەر دەڵێم برین
بە گوڵیش هەر دەڵێم گوڵ
بەڵام دایە!
ئیتر هەتا هەتایە
من بە کێی دی بڵێم دایە؟

جا رەشەبا چی لەدەس دێ؟

جا رەشەبا چی لەدەس دێ؟
ئەگەر دارەکان بشکێنێ
خۆ رەگەکان هەر دەمێنێ

جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
گەر خانووەکان بڕوخێنێ
خۆ زەوی هەر دەمێنێ
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
گەر چراکان بخنکێنێ
خۆر دەمێنێ
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
بۆ ئەتوانێ خۆشەویستی دڵدارەکان هەڵوەرێنێ؟
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
بۆ ئەتوانێ بەستەی ناخی ئەم سەدەیە
بخنکێنێ؟

گوڵ

پایز داسی نا لە ملی خەرمانی گوڵی چیا
لە بناری هەورازێکدا
سورە گوڵێ وتی: بریا
لە داسی شووم ڕزگار دەبووم
داس چپەی سوورە گوڵی بیست
گریمان مایتەوە بە تەنیا
چۆن هەڵدەکەی بە بێ دایک و بێ خۆشەویست
گوڵ بزە کەوتە دەمی:
خۆ هەر نەبێ کچێک دەمدا لە پەرچەمی

ئاوات

پاچێکم دا لە پیرە دار
سەری هەڵبڕی و بزووت:

بۆ ئەمبڕی ئەی شاعیرە لاسارەکە؟ بۆ ئەمبڕی؟
- ئەتکەم بە دەرگای ژوورەکەم
بەری رەشەبام لێ دەگری
دەمپارێزی لە دز و تەم.
دار زریکانی و گریا
-بۆچی ئەگریت هۆ پیرەدار؟ مەگری، مەگری
گەر منیش وازت لێ بێنم
تۆ پیر بوی و رەشەبا دەتبات و هەر دەمری
- گەر ئەمبڕی مەمکە بە دەرگای ژوورەکەت، گەر ئەمبڕی...
- بتکەم بە چی ئەی پیرەدار؟
- بمکە بە تابوت بۆ زۆردار.

ئەوینێکی تر

کە منال بووم
شەیدای پەپولەیەکی ئاڵ بووم
شەوێ پەپولەکە سووتا
کە پێگەییم شەیدای کچێکی چاو کاڵ بووم
لە رووباری ئاوێنەی چاوەکانیدا
دڵم ئەچوو بە قووتا
کچەکە رۆی ون بوو لە ناو رەشەبایەکی بزووتا
کە گەورەش بووم
وەکوو دار بەرِوویەک هەڵچووم
شێت و شەیدای وڵاتێک بووم
وا لە دڵی هەزارەها رەش و رووتا

ئەڕۆم

ئەڕوم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
دەبم بە گوڵ لەو چیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
ئەبم بە بستێ زەوی
بۆ دنیایەک گەورەترە لەم دنیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
گیانم دەبێ بە ڕەشەبا و
بە شوێن تۆدا دەدا لە گشت دەرگایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
گیانم وشەی
گشت شاعیرێکی ئازایە

چرا

دلم گوم بوو، چرایەکم بدەنێ لەم تاریکیە خەستەدا
بیدۆزمەوە
ئای کچێ! ئەگەر چاوەکانتم بۆ هەڵ نەکەی
دەبمە ناڵە لاسارەکەی جاران و
پەنجەرەکەتان دەشکێنم و
ڕەشەباتان لێ دەورووژێنم و
خەوی چاوتان وەک ڕەوە پەرەسێلکەی کۆچەری

دەفرێتم.
هەموو زەویم لێ تاپۆکەن
بۆ شارەکەی خۆم دەڕۆمەوە
لەوێ کانیەک هەیە
منالی خۆمم تێیا شاردۆتەوە
تۆش بۆ هەر کوێ بڕۆی
هەر لە دڵی مندای
بۆچی نازانی
سنووری ئاسمان و زەوی دڵی منە؟

چنگێ ئاو

چنگێ ئاوم لە ناو دجلە دەرهێنا
دڵۆپ دڵۆپ ئاو گریا
وتی: بریا
دەتدامە بەر ئەم هەتاوە و دەبووم بە تەم
لەگەڵ شنەی بایەکدا
دەچوومەوە بۆ بەرزایی
کوێستانەکەم

مەرگ

بە منالی لە دارەوە فێربووم کە چۆن
لە ژێر شەستەبارانی شارەکەمدا راوەستم
لە رووبارەوە فێر بووم چۆن
هەر بڕۆم و پڕ لە گوڵ و نان بێ دەستم
لە پەلکە زێرینەوە فێر بووم
چۆن گشت جیهان

به عەشقی خۆم ببەستم
له هەتاوەوە فێر بووم چۆن
دیواری تاریکی بدڕم
له هەورەوە فێر بووم کە چۆن
بۆ ئەوەی زەوی گوڵ بگرێ
لەسەر لوتکەدا بمرم.

بزمار

درۆ نییە
ئەگەر وتیان: له بازاڕی جیهاندا
قلێ بزمار نەماوە
درۆ نییە
هەمووی له بەندیخانەکاندا
به پەلوپۆی دڵدارانی گوڵ و خۆردا
داکوتراوە.

وڵات

کاتێ هاتن وایان زانی وڵاتەکەم
ئافرەتێکی رووت و جوانە
پێیان دەکرێ بیبەن بۆ کام ئاودەستخانە
پێیان دەکرێ بیبەن بۆ کام قەحبەخانە
وایانزانی وڵاتەکەم ئافرەتێکی رووت و جوانە
شێت و شەیدای ئەنگوستیلە و مەمکدانە
دەخەڵەتێ به دوو تەوقە و پێنج شەش شانە
نەیانزانی وڵاتەکەم کەعبەیە
هەزارانێ به دەوریدا پاسەوانە

ئەنگوستیلە

من ڕەنگە هەتا هەتایە پارەی ئەنگوستیلەیەکم نەبێ
کە بیکەمە پەنجەت
بەڵام گەر حەز بکەی هەتا هەتایە
قۆڵ و باسکم لە گەردنت دەئاڵێنم

تاوان

کاتێ هاتم وتم: ژیان
دەریایەکە بۆ هەموومان
هەزاران جار دەمیان بڕیم
دیسانەوە هاتمە زمان
لە گشت گۆشە و شەقامێکی زەوی نوقمی شەوەزەنگدا
چرای وشەی نوێم داگیرسان
گۆرانیم وت، گۆرانی جوان
بۆ شارەکەم
بۆ باران...

نە، دڵی تۆ بەردیش نییە

کچێ چاو جوان
ئەگەر دڵت بەردیش بایە
بە برژانگی چاوەکانم هەر دەمکێڵا و
تۆوی ئەشق و خۆشەویستیم تیادا دەڕوان
ئەگەر دڵت دەریایەکی تووڕە بایە
شەوێ خۆمم تێیا دەخنکان
ئەگەر دڵت ماڵی دوژمنیش بایە
جارێ تێیا دەبووم بە میوان

ئەی من چ بکەم دڵت قوڵڵەی بێ دەرگایە
نە چۆلەکەی شیعرەکانم دەیگاتێ و
نە هیچ بایە
کچێ ئاخر تۆ بۆ نایەی بە برژۆڵەی خەمباری چاو
کەزی و پرچت بۆ دابێنم
ماچی وەکوو شووشە گوڵاو
لێ پژێنم
بە دەستی هەست
بیهۆنمەوە و بیکەم بە جوانترین هەڵبەست؟
کچێ وەرە با سبەینێ کەس نەڵێ:
شاعیرێک بوو هەموو وشە جوانەکانی
جیهانی کرد بە گۆرانی
بۆ نازدارێک
خۆشی ئەویست
هەرچەن گەرم بۆی چڕی.
دڵی نازدار کەڕولاڵ بوو دەنگی نەبیست
کچێ وەرە با شار گشتی
نەیکەن بە قاو و نەڵێن
شاعیرێک بوو کچێک کوشتی

قوباد جەلیزادە

چل میلیون برووسکە

قەندیل،
پردێکە لە خوێن و بەفر
لەو کێوە موقەدەسەدا،
باوەش بە یەکتردا دەکەن
قەندیل،
دەریایەکە لە نوور
لەوێ،
تێکەڵی یەک دەبن
هەر چوار رووبار:
رۆژهەلات، رۆژئاوا
باکوور، باشوور
قەندیل،
ئاسمانێکە لە هەڵفڕین
لە وێندەرێ،
کۆترەکانی کوشتەی عیشق
لە شەققەی باڵی خوێن دەدەن
خەج و سیامەند
مەم و زین.
لاس و خەزاڵ
فەرهادو شیرین.
قەندیل،
پردێکە لە خوێن و بەفر
لەو کێوە موقەدەسەدا،

باوەش بە یەکتردا دەکەن:
سنەو قامشلو،
سلێمانی و دیاربەکر.
لەوێ لە قەندیل،
بەفر چەکی هەڵگرتووە
رووبار تەلبەندی کەمینە
باران دووربینی شەهیدی کردۆتە چاو
کانی بە برژانگی خورە،
لە گاشەبەرد
شاسەنگەری هەڵکەندووە
بای تەزیو،
هەردوو دیدەی دوژمنانی،
لە دەرزیلەی
ترس و رۆندک، پڕ کردووە
لەوێ لە قەندیل
شۆڕەژنی ولاتپارێز،
بەرەو لووتکە
هەنگاو بە هەنگاو، پێ بە پێ.
بە هەلهەلە
تفەنگ دەهێنێتە سەر پێ
شۆڕەژنی ولاتپارێز
سینگی دەکا بە کێلگەی مین
بە دەورو پشتی مەتەرێز

لەوێ
لە قەندیلی سوورو سپی،
ژنان شەستەی
چلوورەی چەقۆو ژیلەمۆن
دادەبارن.
ئەوان بەسەر پشتی ئەسپی،
بەفرو خەبات و خوێنەوە
چل ملیۆن هەورو بروسکەن
چل،
چل ملیۆن شۆڕەسوارن
لەقەندیل لەوێ
لەژێر تۆفی ژەهرو سوژن،
گەریلای پیاو
پێشمەرگەی ژن
لە ڕەشبەلەکی هەڵمەتان
سترانی ئازادی دەڵێن
تاری سەرکەوتن دەژەنن

ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل لەتێکن لە جەستەی خودا
کیژەکانی قەندیل
کلۆی قەندن، لە نێو کلۆی بەفردا
لە نێو شاباڵی هەڵفڕینا، دیلن

کیژەکانی قەندیل..
کلۆی قەندن، لە نێو کلۆی بەفردا.
لە نێو شاباڵی هەڵفڕینا، دیلن
پۆلێک خاتووزینن
باڵای تفەنگیان لە باڵای کاکەمەم
خۆشتر دەوێ.
خوویان داوەتە نارنجۆک،
مەمکە خورتەکانی خۆیان لە بیر چۆتەوە
خوێنیان لە خوێنی شەهید، سوورترە
کچەکانی قەندیل
بە ئاگر لێویان سوور دەکەن
دیدەیان بە باروود دەڕێژن
قژیان داوەتە دەست ڕەشەبا
لە نێو هەگبەیاندا تەنیا،
یەک شانە هەیە،
شانەی تفەنگ.
هەناسەیان، تەمێکی چڕە لە پەلکە زێڕینە
لە بەر پشتیاندا،
خەنجەرێک و چڵێک ڕەیحان
شەڵاڵ لە بۆنی نەهری.
کە شوێن پێیان لە سەر سینگی بەفردا جێدەهێڵن،
دەبن بە سەدان ئینجانەی
گوڵە مێخەکی ئومێد.

ژنە پاکیزەکانی قەندیل
ژیلەمۆی ژێر کەویە بەفرن.
دڵی ئەو رووبارانە دەدەنەوە، کە زریان خوێنی کردوون بە شەختە.
کاتێ رەوە رەوە، لە نێو ئەشکەوتی خەباتا دێنە دەرێ،
کەڵە کێوی حەیرانیان دەبن.
ئەوان لەتێکن لە جەستەی خودا.
ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل
تیشک لە ئاسۆ دەڕێنەوە.
گوڵە سوورەکانی بن بەفر چەپک دەکەن
هاکا گەردی بەیانییەک،
بە سەبەتەی گوڵ و رووناکییەوە
رژانە سەر،
شەقامە خەمگینەکانی ئامەد.
رۆژی حـــەشر
ئەی خودا!
بن باڵم خاڵییە لە کتێب.
پریاسکەم «مسقالە زەڕڕەیەک» تاعەتی تیا نییە.
تفەنگێکم بە تاریکییەوە نەناوە
بە مێروولەیەکی موزعجم نەگوتووە، بە لاقمدا هەڵمەگەڕێ.
پێش باران بە وەرزێک، بەسەر تەرمی گەڵای رژاوەوە، گیراومە گەرمە شین
گوێم لە زریکەی ژنێ بوو بێت، دووپشک بەسەری دڵییەوەی داوم
بەردێک لە چۆلەکەیەک گیرا بێت، من کەڵلە سەری خۆم داوەتە بەر
دڵم نەهاتوە سبەینەیەک، بەنێو گژوگیای تەڕو پاراوا، قەددەمێک لێ بدەم،
ترساوم نەبادا،

ئەنگوستە شووشەییەکانی شەونم، وردو خاش بکەم
دەستم بۆ سینگی ژنێک نەبردووە،
گەر گۆی مەمکەکانی، دەنووکی لە ناو لەپی نەدابم
بەسەر شەختەو بەستەڵەکدا، خزیوم، هەردو دەستم شکاون،
بەڵام جنێوێکم نەداوە بە زستان
باز، بەسەر شانی خەڵکی بوودەڵەوە نیشتۆتەوە، کەچی بە بازێکم نەگوتوە:
دەک پەڕووباڵت هەڵوەرێن.
فرمێسکم بە چاوی پەپوولەیەکەوە دیبێت، ئاسوودەییم، داوەتە بەر
قرمژنی فیشەک.
دڵم پڕ سۆزترە لەسەردوولکەی عیشق
مێزی داوەریم سپی ترە لە باڵەفڕکەی بەفر.
ئەو دەمەی دێمە بەر دەمت
ئەی خودا!
بن باڵم خاڵییە لە کتێب.
پریاسکەم مسقالە زەڕڕەیەک تاعەتی تیا نییە.
لە شەوی «لیلە القدر»ا لە دەمەو مەغریبەوە،
چاوەکانم بڕیوەتە نووری ژن
هەردوو دەستم لێوان لێوە لە مەمک
شەراب هاژە دەکات لە خوێنما.
نەچوومەتە کۆڕی زیکر، تا ردێنی خوێناوی دەروێش، دەفێکی شەهید ببینم.
دووربەدوور نەبێت، مزگەوت و منارەم نەدیتوە.
پەڕەی مەسحەفێکی عوسمانم هەڵنەداوەتەوە.
ماچ نەیهێشتووە،«ڕۆژوو»یک بگرم و
بەدەم فتارکردنەوەیەکەوە بڵێم « اللهم لك صمت

بە شلقەوە تا شۆ

و بك امنت
و على رزقك افطرت
و لصوم غد نويت»

***

هەمیشە روو لە خودا، هەمیشە مەست
وەک ئاگر،
بە رووتی لە دایک دەبن
بە رووتی سەما دەکەن
بەرووتی پیر دەبن
بە رووتیش دەمرن.

دوو پارچە شیعر[3]

-١-

لە سەعات شەشی ئێوارەوە، بە کاتی سلێمانی
سنەوبەرەکانی سەرچنار سەرخۆشن
ئەوان لقیان لە رووباری شەرابدایە
رەگیان لە کەشکەلانی عیشق
لە سترانی ئەواندا، چلێک نیە، گەلاکانی
سێ کوچکەی حەرام بێت
ئەوان لە ئەزەلەوە زەردەشتین.
وەک ئاگر،
بەرووتی لە دایک دەبن
بە رووتی سەما دەکەن

---

3 – ناوی ئەم دوو کوپلە شیعرەم نەدەزانی، بۆیە نووسیم دوو پارچە شیعر. «ف.ئا»

بەرووتی پیر دەبن
بە رووتیش دەمرن
سوورە چنارەکانی سەرچنار، سەر مەستن
مەزەی ئەوان،
دەشتێک زەردەخەنە
ئاسمانێک شێتی
رووبارێک ئەڤین
مەزەی ئێمەش،
قاپێک جاجیک و
بەلەمێک نۆک و
سەبەتەیەک رق.
نێوقەدی هەر درەختێک راتەکێنیت،
پووشینەیەک، شاتووی ماچ خڕ دەکەیتەوە.
کراسەکەی رۆحت، خلتانی رەنگ دەبێت،
رەنگی مۆر
رەنگی سۆر
رەنگی عیشق
لە سەعات شەشی ئێوارەوە، بە کاتی خۆشەویستی
کالیبتۆسەکانی سەر چنار، ژن دەنۆشن.
ئێمە هێشتا،
شووشەی عەرەق و شووشەی نەوتمان
لێک جیا نەکردۆتەوە،
ئەوان دەستیان گەیشتۆتە، ژنە گەردن شووشەکان.
ئێمە هێشتا،

پێکە سپیەکانمان زین نەکردووە بۆ سەفەر،
ئەوان سەریان لەسەر رانی، خاتوزینێکی خەوندا، ئاسوودە.
شەراب!
ئەی شابالی هەتاو
ئەی گوللە بەند!
توخوا درەختە خۆشەویستەکانی خودا! هەتیومان مەکەن
لە ژێر گەلا هەتیوەکانی خۆتاندا، حەشارمان دەن
لقمان دەخەینە ناو دەستی پەلێکتانەوەو رەدووتان دەکەوین!
بە بازگە ناشەرعیەکانتان بلێن،
ئەو پیاوە دلبرینانە ئەولادی شەرعی ئێمەن
لە سعات شەشی بەرەبەیاندا، بەکاتی بەهەشت
ئەوان بە پۆلێ چلە گەلاو پۆپی سەرخۆشەوە،
بەسەر پردێکی ئاگردا
بەسەر پردێکی لەزەتدا، دەپەرنەوە.
پردێک،
لووسترین لە لووس
باریکترین لە موو
تیژترین لە مووس.

-٢-

پیاو!
ئەی مەحکووم بە مەمک، مەمکی دایک،
ئەی مەحکووم بە مەمک، مەمکی یار،
ئەی مەحکووم بە مەمک، مەمکی فیراق،
ئەی درندەترین لێو،

ئەی تەنیاترین مەخلوق!
خودایە!
عەبدێکی زەلیلم
بێ ئەنواو دەلیلم
عومرێکە لە جەنگلستانی مەمکدا، رێ هەڵەم.
تۆ هاورێ و کەسم بە
تۆ فریاد رەسم بە.
مەهێلە ئیدی،
پڵینگە سەر شێتەکانی مەمک،
پەنجە ئیماندارەکانم، بقرتێنن.
مەهێڵە، هێشوە پشکۆکانی مەمک،
برژێنە کاسە بەفرینەکانی چاومەوە.
خودایە،
ژەهرێکی خەست ببارێنە،
تا هەرچی برین و درزێکی لەشی ژنە، یێک بگرێتەوە
تا هەرچی لق و پۆپێکی مەمکۆلەو گەردنە هەڵوەرێ
خودایە!
هەڵمگرە بۆ دوورگەیەک،
لەو دیوی بوون
لەو سەری گەردوون
دوورگەیەک،
پڕاوپڕ لە چەقەڵ
پڕاوپڕ لە گورگ
پڕاوپڕ لە مەیموون.

ژن!
ئەی مەحکووم بە شمشێر، شمشێری باوک
ئەی مەحکووم بە شمشێر، شمشێری مێرد
ئەی مەحکووم بە شمشێر، شمشێری تەڵاق!
ژن!
ئەی توونێلی هەنگوین
ئەی بێ دەسەڵاتترین گوڵ،
تۆ لە ساڵی عیشق و
لە مانگی شەراب و
لە رۆژی ماچا، لە دایک بووی.
منیش لە ساڵی رشانەوە و
لە مانگی فیتنەو
لە رۆژی شمشێردا .
«اهدنا الصراط المستقيم»
ماڵئاوا سێوە حەڵاڵەکانی بەهەشت
مەرگ هات، فرمێسکەسەوزەکانی من و ئینجانەسوورەکانی شیعری، لێک دابڕی
مەرگ هات، مۆمێکی کوێرو گۆچانێکی کەڕی، پێ بەخشیم

رەفیق سابیر

لە ١٩٥٠ لە شارە جوانەکەی قەلادزێ چاوی بە سەر دونیا کردۆتەوە.

لە ١٩٧٤دا لە زانکۆی بەغدا لیسانسی (بەکالۆریۆس) زمان و ئەدەبی کوردی وەردەگرێ. لە ١٩٧٨دا ناتوانێ لە دەردو ئازاری گەلەکەی چاو بپۆشێ و دەرواتە ریزی پێشمەرگەی کوردستانەوەو چالاکانە پەرای شۆرش دەکات.



پاش دوورکەوتنەوەو ژیان لە تاراوگە رەفیق سابیر ئەمجارەش لە هەولدان ناوەستێ و لە گۆرەپانی زانستدا چالاکانە دێتە کایەوەو دوکتوراکەی لە سەر مێژوو و کولتووری کورد لە زانکۆی «سووفیا» وەردەگرێ.

لاوکی هەڵەبجە

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەم ومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیرفێنێت
گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپپۆشن
یان بە سەوزی دارستان
سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەوە رایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
برووسکە و با دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەباران دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە
سوارە، چ شۆڕەسوارێک
ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەر زەمین بەرین دەکات
با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێڕینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت

ئەم شەو پاشای ئەڤینە
ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و با دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیڕفێنێت.

بۆ تەنیایی

دەڵێی ژوانێکە لەگەڵ ئازادی: ساتی تەنیایی.
پردی نێوانی ڕوونی و تاریکی
یان ورشەی کات و شوێنە تەنیایی.
ڕێگاکان والا، شەو تریفەپۆش
منیش بەڕێوەم بە تەنیاییدا
دارستانێکی تاریک لە سەرڕێ
مانگ بۆم دەڕوانێ و
ئاسو چاوەڕێ.
لە ناو ئاوێنەی ڕوونی تەنیایی من خۆم دەبینم
هەقیقەتێکم ئاوێنەی گومان
جەستەم خاڵێکی شینی کوتراوە لەسەر تاریکی
گیانم دڵۆپێک لە دەریای زەمان
دەڵێی چارەنووس پێشم کەوتووە
بە تەنیاییدا بەرەو خۆم دەچم
شەو بۆم دەڕوانێت.
من نیم بە کپی لەگەڵ خۆی دەدوێت،
من نیم گۆرانی تەنیایی دەچڕێت

بەڵکە تەنیایی دەمخوێنێتەوە،
من لە حزووردا چۆرێک ڕووناکیم
شەویش بە ورشەم دەدرەوشێتەوە.
من دڵۆپێکم لە دەریای زەمان
هەقیقەتێکم ئاوێتەی گومان.

ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا

ڕووت لە بەرامبەری خۆتدا
ڕوخساری تریفەگرتووت ئاوێنەی تەنیایی
جەستەت کاتێ شەپۆلی زەمان هەڵدەبڕێت،
ئەلبوومی ڕەنگە پایزییەکان
هەنگاوەکانت، لە نێو وێرانەی شوێندا
ڕووەو دوورین،
نیگای شپرزەت وێڵی قووڵایی.
ڕەگەکان لە تاریکیدا گەورە دەبن،
تۆیش لە تەنیاییدا.
ساتەکان بەلاتدا دەڕۆن و دەزانی
عومری تۆ کاتێکە لە وەهم، دەزانی
لە نەبوون دەڤەرێک بۆ خەون چێدەکەیت
لە پەیڤ زەمانێک بۆ جوانی.
ئاسمان بە قووڵایی خۆیدا ڕۆدەچێت
تۆیش لەبەر شەوقی زیوینی مانگەشەودا
بە ناخی خۆتدا.
تینوو وەکوو لاسکەگیایەک کە بەڕووناکی خۆی دەشوا و

تینووتر دەبێت،
خەوبینەر وێنەی گەلایەک کە بێباکە لە چارەنووسی خۆی
بەرەو ژوانی پاییز دەچێت.
رووت لە بەردەم هەقیقەتدا
تەنیا و خەندان لەژوانی ئەبەدییەتدا.

بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟

پەیڤەکان خۆیان دەنووسنەوە
ئێمەیش خۆمان.
بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟
ئێمە دەتوانین بپرسین
کەچی هیچ نالێین
وەکوو بێمانا بێت پەیڤین.
بە رێگاوە شوێن هەڵدەبڕین
تا راستی ببینین: چڕ بوونەوەی بۆشایی
ئەبەدییەت ببینین کە وێنەیەکی خۆمانە.
بەرەو کوێمان دەبات زەمان؟
نە بۆ مردن کاتمان هەیە
نە بۆ ژیان.

ئاشنا بوون

تۆ بێدەگیت بە دەنگ هێنا و
بە شەقامی رووناکیدا
دوای خۆت خستم،

پێکۆتاییت لە کۆتابووندا نیشاندام،
لە وشەدا بە ئەفراندن
لە زایەڵەی بێدەنگیدا بە خۆم
ئاشنات کردم.

١٩٩٩/١١/٣

لە هەرکوێ بێت

لە هەرکوێ بێت خەونستانە
بەرەو هەرکوێ سەر هەڵبگریت
کەژاوەکەت رووناکییە
راستی: هاوەڵ
هەوارت شوێنی زەمانە

١٩٩٩/١١/٣

خەون... خەون

لە هەر جێیەک بین جوانی لەوێیە
بۆ هەر کوێ بچین خەون هاورێیە
لەگەڵ خەوندا رێی مەحاڵ دەبڕین
هەر لە خەونەوە فێر دەبین بفڕین.
چ پرسیارێکی تەمگرە واقیع!
چ وەڵامێکی رۆشنە خەون!
چەند گومڕاکارە تیشکی هۆشیاری!
چەند رێنیشاندەرەترووسکەی خەون!
کات رووبارئاسا بە پرتاو دەڕوات

جوانترین ڕوخسار، بۆ ژوانی عەدەم، گوڵبژێر دەکات
خەونیش مردن و کات و شوێن دەبڕێت
بەرەو دیداری یارانمان دەبات.
خەون ڕووناکی دێنێتە پەیڤین
کوا ئەوە منم خەون دەیدوێنێت؟
خەون ڕەنگەکان وەک تۆ دەڕێژێت
تۆ بڵێی من بم خەون بیچێنێت؟
خەون شێوازە، منیش ڕوخسارم
خەون هەڵفڕین، من جووتێ باڵم
خەون جەوهەرە، من شێوە و وێنە
خەون ڕووناکی نووری ئەزەلە، منیش ئاوێنە

جونی ١٩٩٩

ئازادی ....

بۆ ئازادیم دەگەڕێم و
دەستەکانم بە جەستەت بێدار دەبنەوە
تۆ جەوهەری شتەکانیت
قەزای خەون و خەڵوەتی گیان.
جەستەت گولووکی ڕووناکی گرتووە
دەستەکانت داهاتوویان وەک ئاوێنە
بەرامبەرم ڕاگرتووە.
ڕووناکیت قیبلەی ئەبەدیمە
بەند بوونم لە تۆدا ئازادیمە.

شەونشین ....

لە شلخە وە تا شلر

شەوم خستۆتە سەر ڕانم
دەڵێی ئاگردانێکم
بۆ ژیلەمۆم دەڕوانم.
تاریکی سنووری بینین دەتەنێت
باران درەختە خەوتووەکان بێدار دەکاتەوە،
سەرما تاوێرەکان.
منیش گوێ بۆ ڕەگەکان هەڵدەخەم و
بۆ ناخی خۆم دەڕوانم
دەشێت ئەم خۆڵبارانە ناو بنێین: بەهار
دەشێت تەم بکەین: بە دەمامک،
شەو بکەین: بە ماڵ
یان بە فەزای گیان.
بەڵام کوا ئاژاوە بە لۆژیک لێک دەدرێتەوە؟
چۆن ئەم بۆشاییە بێ کۆتاییە
بە جەستە پڕ ئەبێتەوە
کوا پەراوێزێک بۆ ئازادی دێڵێتەوە؟
ئێستا تەنیایی وەک ئالا هەڵدەبڕم
شەو بە تریفە دادەپۆشم
جەستەم بە بوولێڵ.
نە چڵێک هەتاو جوانی دەبەخشێت
بە خۆڵباران
نە سروود شانازی
بە نیشتمان
دارستانیش دڵی پڕ ڕازی خۆی ناکاتەوە

بۆ هەورە گەڕۆکەکان.
ئیتر بۆ باڵندەی سەرهەڵگرتوو
لە بیری گەڕانەوەدا بن؟
بۆ باوەڕ بێنین بە بەیان
کاتێک گزنگی خۆی پەڕەوازە دەکات؟
ئێمە بۆ بمرین
کاتێک مردن مانایەک نادات بە ژیان؟
شەوم خستۆتە سەر ڕانم
دەڵێی ئاگردانێکم
بۆ سەمای خۆڵەمێش دەڕوانم.

وەرزەبەردینە

-١-

بە چریکەی گریاناویت ڕادەبمەوە
لە دوورەوە
ڕوخساری فریشتەئاسات نامۆ دیارە
ژانی زانی لێ دەبارێت،
دەڵێی پەیکەری هاوارە.
بە نێو بوولێڵی ونبووندا
بەرەو ڕووت دێم
تەزوویەک سەراپای گیانم داگیر دەکات
تا دێم و دێم سیمات کاڵتر دەبێتەوە
خۆشبەزانە وەک جوانووی تۆقیو ڕا دەکەم
«سەحرای عەدەم» بە ڕووی وێڵما دەکرێتەوە.

لە نێو ئەم چۆڵەوارەدا چاو بۆ زنەیەک دەگێڕم
بەرەو مەرگێکی تر دەڕۆم،
ڕێ ون دەکەم
چارەنووسم بە سێلاوی کۆچ دەسپێرم.
شەوێکی چەند ترسناکە!
پەنجەرەیەکی دەکەمەوە
زەردە بارانێکی بەتاو بەسەر گوماندا دادەکات
ئەستێرەکان لە پێدەشتدا سەرمایانە
مانگ تریفەی خۆی دەنێژێت
ڕەوە کۆچی دارستانە.
ئاژاوەیە، ڕێ ون دەکەم
سەرم بە تۆ دەسپێرم و تەمەن بەم ترس و هەژانە
بە مەرگی پیری گەیلانی دڵم هەر مەکۆی یارانە
سووتانم هەمان سووتانە
هەر ودمی خۆشەویستی تۆ
سێبووری و خەڵوەتی گیانە.
ئاخۆران و باخورانە و سەر دەرناکەم
کەشکۆڵەکەم هەڵدەگرم و
ڕوو لە کۆچێکی دی دەکەم.
هەر سروود و ئەڤینم هەس هاوکۆچم بن
هەموو ڕۆژێ
سووتانی نیوە شەوانم لەسەر گۆڕەکەم
پێدەکەم.
کە لەوێش بووم، گەر بیرت بێت، هەڵوەدا بووم

ئەوێ شەوێ
لە دواژوان گەڕاینەوە
لە بەردەم تەنیایی خۆمدا حەپەسا بووم.
من نامۆی نێو شارەکەم بووم
هەر خۆم تەرم و
گوڕهەڵکەن و
خۆم زێوانی گۆڕەکەم بووم.
گەیشتینە سەر کۆڵانە تاریکەکە
باران باری
ڕاستییەکان لەبەر باراندا دووڕوو بوون
ئاینده وێڵ
ڕازەکانمان لە ڕووی باراندا سووتوو بوون.
باران باری و
لە پاڵ تۆدا لە سەمای باران ڕادەمام
باران باری و
لە تەنیایی خۆم ڕادەمام.
پرسیت: چیتە؟
بۆنی پرچی باراناویت شەوەکەی گولاوپرژێن کرد
ماچم کردی و هەموو گیانم
نوقمی ڕووناکی و گولاو بوو
گەر بیرت بێت، لە هۆش خۆم چووم
مانگ لە نێو زیندانی هەورا
بەرەڵا بوو.
هەر ئەو شەوە

بە دەم فیتوە راویان دەنام
لە نێوانی دوو تاوێردا
لە سێبەری دوو شمشێردا
دادەگیرسام
هاوارم کرد: خۆت پەنادە!
زەمانێکی بێ ئامانە
تەمەنمان بە خۆڵ دەدێرێت
چارەنووسمان بە کۆچێکی وێڵ دەسپێرێت.
زەمانی ئاگربارانە!
چەند هاوار کەین
جیهان مەستی کەرنەڤاڵی ئاژاوەیە
چەند دوور بارکەین
هەوارگەمان کەلاوەیە.
زەمانێکە
ئەڤین تەمەنی خۆڵاوی ناشواتەوە
درزی دڵ پڕ ناکاتەوە
گولەکەم چاوەڕێ مەکە
روباری لێڵ، خنکاوەکان ناداتەوە،
روباری لێڵ خنکاوەکان ناداتەوە.
لە ژێر ئەم کەلاوانەدا
چاو بۆ پەسێوێ دەگێرم
بە نێو تەمی چارەنووسدا
روو لە کۆچێکی دی دەکەم
تەمەنم بە تۆ دەسپێرم.

لە شلکەوە تا شۆر

-٢-

تۆ نەهاتی
ترسێکی وێڵ لەگەڵ پۆلوودا دەیچاندم
خنکاوێک بووم
شەپۆلەکان شێتانە دەیانڕەتاندم
چاوەڕوانی بوو یان رامان
وەک زوقم هەڵیتەکاندم
هەر نەهاتی
برووسکەیەک دای لە گیانم
گومڕایی بوو بە چارەنووس
تەنیایی بە نیشتمانم.

هونراوەیەک بۆ دایکم

لە گۆڕستانی ئەم مەنفایەدا
تەنیا وێنەی تۆم لە تیشک چنیوە
بە گەرووی نوقمی سەراب و خۆڵم
گۆرانی عومرم بۆ تۆ چڕیوە
دایە گیان! رۆژگار، رۆژگاری مەنفا
وەکوو منداڵیم کە رووی هەڵێنا
رۆحی هەڵوەدام هەتا هەتایە
لە نێو شاکەزی و باوەشتا جێما
وا لە رۆژانی دوور وڵاتیدا
خۆر لە نێو دڵدا سێبەر دەچێنێت
بمبوورە دایە!

ئەم شەویش نالەم وەک خەونێکی تاڵ
یان وەکوو زوقمی گۆڕە سڕەکەت
لە شیرین خەودا راتدەچڵەکێنێت.
خۆزگە چاوانی بە کل ڕێژراوت
خۆزگە چاوانی لە خەم گیراوت
بە چەپکێک نیگا
ڕۆحی شکاوم، وەک چرای نێو با، هەڵدەکاتەوە
یان چنگێک خۆڵی سەر گۆڕی تینووت
وەک نووری یەزدان لە گوناهانم پاک دەکاتەوە
ئەوا تەرمەکەت لە تەنیاییدا
بەسەر ونبووندا شۆڕ دەبێتەوە
درەختی گەردە لە نێو هەتاودا دەشەکێتەوە
ئەوا تەرمەکەت، گۆرانییەکە
خاک رایدەژێنێت،
چنگێک شەونمە سەراب تەڕ دەکات
لە پاڵ ئاسۆدا هەڵدەبێتەوە.
هەروا لە یادمە
لایلایەکانت بارانی خوا بوون
وەک درەختی خۆڵ، دەیانتەکاندم
هێشتا ساوا بووم
بە دەست و پەنجەی فریشتەییانەت
بۆ ڕێی ئازادی و
شەوی ڕەنجدەران داتدەگیرساندم
لە تۆوە فێر بووم

دوندەکان بکەم بە نسێی گیانم
وەک ئەسپی ئاگر لە ئاسۆوە بێم
کام شەپۆل قووچە نەگاتە شانم
لە تۆوە فێر بووم بەرزەفڕ بمرم
بەرزەفڕ بژیم
بەرزەفڕ بڕوانم
بمبوورە دایە!
ئەوا دیسان خۆر، خۆری غەریبی
لە کێڵگەی ڕۆحدا سێبەر دەچێنێت
بانگ و هاوارم وەک خەونێکی ڕەش
یان وەکوو زوقمی گۆڕە سڕەکەت
لە شیرینخەودا ڕاتدەچڵەکێنێت
دایە!
بمبوورە
خوایە!
بمبوورە.

کابوول ١٩٨٨

جۆلانە ....

پەلەهەورێک دادەڕم و
دەیکەم بە دەمامک و لانە
دەیکەم بە ئالای ونبوون و
چاوەڕوانی و
تامانی ئەم گۆڕستانە.

پەلەهەورێک دادەڕم و
لە ئاسمانی ڕۆژەکانما
وەک کۆلارە هەڵی دەدەم.
نە، وەک وڵاتە دوورەکەم
بۆ ڕۆح دەیکەم بە جۆلانە.

شام ١٩٨٩

لەگەڵ ئەم کۆچە کۆچ مەکە!

لەسەر ئەم هەورە گەڕۆکە مەمنووسەوە
قۆڵەکانم هەرێمی ئەم گومانە نین.
قۆڵەکانم چۆڵەوار و
لانەی تینوێتی و
هاوار و
چەپەری ئەم سووتانە نین.
لەسەر ئەم هەورە گەڕۆکە مەمنووسەوە
لەم شەوەدا
قۆڵەکانم جۆلانەی ئەم هەژانە نین.
زریانە... زریانە... زریان
زامەکانم کلاوڕۆژنەی ئەم کۆچەن و
گولووکە پاییزەی باران.
ئێوە بێدارتان کردمەوە
لە سێبەری ئەم نەمامە لەرزۆکەدا
چنگێک خۆڵ و پەلکەزێڕینە ڕادەخەم
کەژاوەیەک بۆ کۆچ لە شەپۆل ساز دەکەم.
لەگەڵ ئەم کۆچە کۆچ مەکە

بازووەکانمان کەژاوەی ئەم تۆفانە نین
نیگاکانمان شەونمی ئەم بەیانە نین
زریانە... زریانە... زریان
سەرم لە هەور ئالاوە،
بازووەکانم کەژاوەن و
باڵام درەختی هەتاوە.

شام ١٩٨٩

بە چیت بچوێنم؟

بە چیت بچوێنم؟
بە ئاسۆی باران؟
بە ماندووبوون و
خەون و
تینوێتی
یان بە دارستان؟
بە چیت بچوێنم؟
بە پۆلێک هەتاو؟
بە وڵاتێکی لە خوێندا گلاو؟
یان بە گۆرانی
بە هەناسەدان،
هەرەس و
لافاو؟
تۆ لە بوون دەچیت، بە چیت نەچوێنم؟
لە نەبوون دەچیت، بە چیت بچوێنم؟

Eva

که ئاگر بوویت
نه دەست سووتانم
نه گەرمت دەکردمەوە
که ڕووبار بوویت
نه دەتخنکاندم
نه ساتێک
له باوەشی شەپۆلێکدا ڕاتدەژاندم
ئەوا ئێستایش
گەردەلوولێکی بێدەنگیت
ڕۆژێ دەیانجار هەڵدەکەیت
نه تاوێک لام ئارام دەگریت
نه جارێک، هەر تەنیا جارێک
لەگەڵ خۆتدا هەڵمدەگریت!

١٩٧٧

لەدایک بوون

له کەوێلێکی سەرمابردوودا
لەبەر چۆڕاوگە
لەگەڵ برسێتی و ترس و تەزوودا
بێ مامان، بێ کەس، لەدایک دەبێت
له ئەشکەوتێکی دووکەلاویدا
له نێو هاواردا
له پاشکۆی زیلدا
له ژێر دەواردا
لەدایک دەبێت.

له نێو برینداا له‌دایک ده‌بێت
له سه‌ربڕینداا له‌دایک ده‌بێت
له بۆردوماندا
له نێو سووتاندا
منداڵێکی کورد له دایک ده‌بێت
منداڵه‌کوردێک
بۆ یاخی بوون و پێشمه‌رگایه‌تی
له‌دایک ده‌بێت.

خۆشم ده‌وێیت ....

ئه‌وه‌ی ده‌یه‌وێت وڵاتی
خۆشه‌ویستیم لێ ون کات
وێنه‌که‌ت
له نێو دڵمدا بسڕێته‌وه
با هه‌نگاوی رووباره‌کان
بستێک به‌ره‌و دواوه ببات.

سابیر سدیق

ژیان کە پڕە لە خواحافیزی

ئیتر
بە سادەیی خۆمەوە
دوور و نزیک
بەر لەوەی پاییز بێتەوە
نیوەشەوێک
دنیا مژە
لای ڕاستی...
ڕیزە چنارێکی بە ساڵاچووەوە دێمەوە
کە تەمەنیان
بۆ منێکی پەرش و بڵا
منێکی ماڵ لە خەرابات
منێکی دڵ لە دەروێشان
منێکی خەیاڵ پڵاو
وا سانا
مەزەندە ناکرێ
هەریەکەیان
نهێنی خۆی هەیە بۆ ناسینەوە
سەربووردەی خۆی هەیە بۆ گێڕانەوە
هەر یەکەیان
هیلاکبوون و
سکاڵا و
خەمی تایبەتی خۆی هەیە
هەر یەکەیان

پەیوەندییەکی کۆنی هەیە لەگەڵ زەوی و
رووانینێکی قوڵی هەیە بۆ ئاسمان
هەریەکەیان

***

ئیتر...
بەرلەوەی پایز بە پرتاو بێتەوە
نیوە شەوێک
دنیا مژە
لای چەپی جۆگەلانەوە دێمەوە
کەس سەرچاوەیان نازانێ و
هەریەکەیان
ناوێکیان هەیە بۆ خۆیان
هەر یەکەیان
تەفسیری خۆیان هەیە بۆ مەرگ و
قانوونی خۆیان هەیە بۆ ژیان
تا ئەو پەڕی دنیا دەڕۆن
دەڕۆن و
گۆرانی دەڵێن و ئاوڕ نادەنەوە
دەڕۆن و
دڵیان خۆشە و
هەرگیز ناگەڕێنەوە
بەڵام...
منی شەلاڵ
لە عارەقەی ژوان و

منی تەڕ
لە بەیەکگەیشتنی فریشتانە
منی پڕ
بە لەیکدابڕانی پاییزی
منی تەژی
لە خورپەی بەهاری
لە کسپەی خوداحافیزی
منی سادە
سادەتر
لە دالغە لێدانی پەپوولە
لە بیر کردنەوەی خاڵخاڵۆکە
لە هەر کوێیەکەوە بێت دێمەوە
لە هەر
کوێیەکەوە بێت
لەوێوە
کە خەرامان
بەبەر چایخانەکەی رەحیما تێدەپەڕی و
چاکان تامی ڕیواسیان دەدا
چایخانەکە
پڕ دەبوو لە بۆنی لیمۆ
هەر هیچ نەبێ
لەوێوە
لەوێوە دێمەوە سەرۆک
کە رۆژێ لە ڕۆژان

لەوێدا
سەد کەڕەت دڵتان شکاندووم
ڕۆژێ لە ڕۆژان لەوێدا
بۆ یاری
ڕێگاکانتان لێ ون دەکردم
بۆ خۆشی
کلیلەکانتان لێدەشاردمەوە
چەند سەیر بوو
لەوێوە
بەیانیان دەچووین بۆ بەرەکانی شەڕ
چەند خۆش بوو
ئێواران
هەر لەوێوە
دەگەڕاینەوە سەر مێزی دانووسان و
بە پێکێک ئاشت دەبووینەوە
چەند خۆش بوو
هەر هیچ نەبێ
لەوێوە...
دێمەوە...

***

ئیتر من
منێکی بێ نوور
منێکی دڵ لە چەند هەوار
ماڵ لە شەوی دەیجوور

ئیتر من
منێک
که له کۆتریکی کەڕو لاڵ دەچووم
لەگەڵ هەستکردن بەرارایی و
به گوناح و
لەگەڵ غوباریکی وشکدا
له پەنجەرەکانی پایزەوە هەڵهاتم
بەڵام ئێستا
ئەمێستا من
که رەنگی سەفەر و
که تامی سەراب و
که بۆنی گیانی براوم گرتووه
بەر لەوەی پاییز بێتەوە
له دەرەوەی بەهارەوە دێمەوە
دواجار
قسەیەک هەیە
له سەفەرا فێری بووم
که له قسەی «مەولانا» ناچێ
به خەیاڵی هیچەوە
گمەیەک هەیە
له سەرابا فێری بووم
تەنانەت
له گمەی شیعری «نالی» ناچێ
به چۆڕێ میهرەبانی و

به تۆسقالێک غوربەتەوە
دواجار
بەوێدا
بەلای ریزە چنارێکی بە ساڵاچوودا
کە رۆژێ لە رۆژان
لەوێدا
ئێوە بەراستی غەدرتان لێدەکردم
من بە درۆوە
لە دڵی خۆمدا دەتۆرام
بە ئاشکرا
سەد کەرەت دڵتان دەشکاندم
من بە دزییەوە
لە دڵی خۆمدا دەگریام
دوا جار بەوێدا
بەو رێیانەدا دێمەوە
کەس رچەڵەکیان ناناسێ
دەمگەیەننەوە باخ و
دەمدەنەوە بەر هەتاو
بەو توولە رێیەدا دێمەوە سەرۆک
بیر تە
کە هەر خۆم و
کۆڵە پشتێک مەراق و
چەند چرکەیەکی هەڵبژاردە و
میتۆدێکی ئاغرانەی پێوە دەچووین

بەوێدا
بەو لاڕێیەدا
کە هەر خۆم و
جەڕەیەک شەراب و
چەند دانە هەنار و
حۆرییەکانمی پێوە دەچووین
بەوێدا
بەو نشێوە ڕێیەدا دێمەوە
کە هەر خۆم و
لایتێکی قەڵەمی و
گۆرانیەک بە کزی و
بەختێکی ڕەشتاڵەی پێوە دەچووین
لەوێدا
لەسەر ڕیتمی فیکەکێشانێکی بێهوودە
دواجار
سەمایەک هەیە ددیکەم
کە ئاخرین سەمای عومرە
بە دنیایەک غەریبییەوە
دوا جار سەرۆک
قسەیەک هەیە دەیڵێم
کە ئاخرین
قسەی عەشقە
بە دنیایەک
مەحزوونیەوە

دلشاد عەبدوڵڵا

بێژینگ

ژنی برۆنزی پشت مینا بە من چی
مەمکی لاستیک، گوڵدانی کریستاڵ و قافیە
ئاوی ناو ئاوێنە، مشت و مڕی بانقەکان
ڕێزمانی بازاڕ بەمن چی
من کەودەنیم
چیم داوە لەشەڕ و گونجانی چینەکان
قەیتان و رەخنە
پۆلیس و فۆلکلۆر
من لەوساتەوە ئازادم،
کە یاسا و سروشتم بەجارێ توورِ هەڵدا
من دەژیم
هەر ئەوەم مەبەستە و چینر نا.

شەترەنج

بەو چوار گۆشەسپیانە هەڵنەخەڵەتیی
کەس تا سەر لە ناو سپیدا نامێنێ
کەسیش تا سەر لە ناو چوار گۆشەی
قەترانی قەتیس ناخوا
شەو دەڕوا و ڕۆژی بەدواوە دێ
بە هەمان شێوەش وەرزەکان
کەسێ بە ناو پەڵەی رەش و سپیدا بازدەدا
بەسەر لاشەی سەرباز و وەزیردا
بەناو چوار گۆشەی بەتاڵ و پڕدا

کەسێکی جەربەزە باز دەدا
ئەو کەسە ئەسپی رەش دەیبا
ئەسپی سپی پێشی پێ دەگرێ
کەسێکی ئەفسانەیی
لەپێش لەشکردا رمبازی دەکا
فیل لەم سووچەوە بۆ ئەو سووچ
لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا
چەشنی با پەلە پەل دێ و دەچێ
فیل تەنیا لە شەترەنجدا وا خێرا دەڕوا
شەترەنج لە کۆمیدیا دەچێ
سەرباز دەخورێ
فیل دەخورێ
ئەسپ و وەزیریش
هەر پاشا نەبێ
کە کشی لێدەکرێ
خۆی ددمرێ.

سەرەتای ١٩٩٩

جەلال مەلەکشا

سالی ١٣٣٠ لە گوندی «مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنە هاتۆتە دونیاوە. هەر لە شاری سنە خوێندوویەتی و پەروەردە کراوە. لە منداڵیەوە هۆگری شیعرو نووسین بووەو کوڵی دڵی بە نووسین دامرکاندووە.

جەلال وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنێ و ئەسپی



قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوەو لە سۆنگەی ئەم گەڕناسییەوە تووشی دەردی سەرو ئازارو زیندانی زۆر بووە.

لە سەرەتاوە بە فارسی شیعرو پەخشان و چیرۆک دەنووسی و لە بەر هێزو پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوی بێ، دەبێتە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران».

پاش ساڵی ٥٧ لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەرو رۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی کۆڤاری سروەو بە راستی پەرای زمان و ئەدەبی کوردی دەکات.

شیعرەکانی تا ئێستا بە زمانانی فارسی، عارەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سویدی و ... وەرگێڕاون.

جەلال ئێستا لە شاری سنەیەو هەرچەن کەوتۆتە بەر تووکە شەقی چارەنووس، بەڵام بێگومان جەلال لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردۆتە قوربانگای نان و ناوو دەسەڵات.

تەنیا

تەنیا و غەریب
لە چوارڕییانی گەردوونا ڕاوەستاوم
وەکوو باوە ئادەم تەنیا
لە خاکێکی ڕەش خولقاوم
بەهەشتی خوام لەبەر حەوا فڕێ داوە
بەڵام حەوا
لە دواژوانگەی بەر جەننەتی چاوەکانیا
سێوی کاڵی دڵی بردم
ڕۆیی و ئیتر نەهاتەوە.
ئێستا، تەنیا، تەنیا، تەنیا
لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا، سەرگەردانم
وەک شەپۆلێکی یاخیم و
لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم
هیچ بەندەرێک باوەشم بۆ ناکاتەوە
ئێستا، لێرە شاعیرێکم
زامەکانم دەهۆنمەوە
گۆرانیبێژێکی تەنیام و
لە شەوێکی بێ بواردا
دەنک دەنک
خەمەکانم دەنووسمەوە

ساڵی ٦٨

تۆڵەی چاوپێکەوتن

ئەی گیانەکەم!

بلا پۆلیسه‌کان بنوون
زیندان بنوێ
بێده‌نگی گشت به‌ند و قاوشه‌کان بگرێ.
ده‌لاقه‌ی ژووره‌که داناخه‌م
چاوه‌ڕوانم
به‌ڵێنت پێداوم شه‌وێ
بخزییته ناو خه‌ونه‌کانم.
کاتێ هاتی ده‌خیلت بم
که‌س نه‌تبینێ!
چونکه پۆلیس به تاوانی نافه‌رمانی
تۆڵه‌ی چاوپێکه‌وتنی تۆم لێده‌ستێنێ.

سالی ٦٥

ئاواتێک

ئاخۆ ده‌بێ
ئه‌و ڕۆژه بێ
کاوه‌ی کوڕم
جانتای سه‌فه‌ر کاته شانی،
ده‌لالانی به‌ر گاراژی شاری سنه
هاوار بکه‌ن:
سلێمانی، سلێمانی!

١٣٥٩-١٩٨٠

من ڕه‌وته‌نیم

من تاریکم وه‌ک شه‌وه‌زه‌نگ
تۆ گیانی تیشکی، ڕووناکی

من رووبارم
ئاثارام و پڕ لە خرۆش
تۆ وەک دەریا
مەنگ و خامۆش و سامناکی
لە دۆزەخی عیشقی خۆتا بمسووتێنە
من جەننەتی چاوی تۆ بە بەهەشتی خوا ناگۆڕمەوە
رۆحی یاخیم دەسەمۆکە
با چەواشەی هەڵدێر نەبم
تۆ تەوەرەی جەغزی ژینی
من هەر بە دەور عیشقی تۆدا ئەخولێمەوە
ئەمە دوایین جارە دەژیم
من خدر نیم
تاوێ تەنیا تاوێ لەلات دادەنیشم
ماڵت ئاوا، من رەوتەنیم.

٧٣/٨/٦

هەڵەبجە

هەڵەبجە،
زامێکی ناسۆرە
هەر زووخی لێ ئەتکێ
ئەرژێتە ناو گۆمی گنخاوی ویژدانی سەدەی بیست
هاواری هەڵەبجە
ئاسمانی راچڵەکاند
خوا تف و لەعنەتی لە سیمای زەوی کرد
موویەک لە لاشەی ئەم دەعبایە نەبزووت

دنیای کەڕ هاواری پێنج هەزار پەپوولەی
دیلی نێو دۆزەخی شەیتانی هەر نەبیست
لە مێژوو بپرسن
نەورۆزی کام وڵات
ئاوری بە کۆگای قژی خاو
برژانگی چاوی جوان
کاکۆڵ و پەرچەمی منداڵی ساوایە!
ئەمە نە ئاکامی ئاکاری خۆمانە و
نە دەستی چارەنووس
یاسای دەستکردی بەدخواکانی زەوینە.
لە ئاسمان بپرسن
زەوینی پڕ تاوان
بەستێنی جەولانی کام خوایە
هەڵەبجە
هاواری ئینسانە
ئینسانی بێ پەنا و تەنیای ئەم زەمانە
وەک رەوە ئاسکێکە، بێ داڵدە
لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژی لێ ئەکەن
بۆ هەر لا روو دەکا هەر تەڵە و هەر داوە
هەڵەبجە، شکاتی گەلێکە
وڵات بە وڵات و شار بە شار دەیگێڕم
نازانم لە کامە دادگای عادڵدا، وەک تفێک
تەژی لە نەفرەت و رق و قین
هەڵیداوێمە نێو چاوانی ئەم قەرنە بەدناوە

دوو تابلۆی ژیان

-١-

چاوەڕوانین!
هەموو کاتەکانی ژینمان
چاوەڕانی ڕووداوێکین
ڕووداوەکان ڕوو دەدەن و
ئێمە هەروا چاوەڕوانین
لەدایک بوون، ڕووداوێکە
مردن، ڕووداوێکی دیکە
ژین مەترسی نێوان ئەو دوو ڕووداوەیە

-٢-

ژیان، خاچێکی گرانە
من، وەک عیسا
بەرەو گردی یاخی بوونم
کێشی دەکەم
یان گاشەبەردی تاوانە
من وەک سیزیف
لە بناری منداڵییەوە
هەتا لووتکەی مەرگی دەبەم
هەرچەند بارم زۆر گرانە و
هەزار ساڵە
ئەم هەورازە تووشە دەبڕم
بەڵام شادم
کە سەرئەنجام

لە جولجوتای عیشقا دەمرم

سالی ٧٧

کوودەتا ....

جادە پشتی چەماندەوە
سیگنالی ئەژدیهای سەفەر
نالاندی و تەنیاییمی لاواندەوە
دەستی هانی خۆشەویستم
دەستی گرتم
وتی پێمدە یادگارێ
دەستم نایە سەری سینگم:
نەمداوە پێت مەگەر گولم؟
وتی کوانێ
وتم دلم.
وتی ئەوە دەیان سالە لەلام دایە
وتم هانێ گیانیش لەگەل خۆتا ببە.
گیانم بوو بە سێ بالندەی لانەی ئەوین
لەگەل دلدارا هەلفرین.
ئاخ!
گەر بۆم بلوێ
لەسەر نەخشەی ولاتەکان
هەموو جادە و شەقامەکان دەسرمەوە
ئیزنی کۆچ و سەفەر نادەم
ئەم یاسایە دلتەزێنە
بە کوودەتای ئەویندارا ن

لە جیهانا دەبڕمەوە.

١٣٦٥/٣

شیعری تازە

کوڕەکانی هۆلاکۆخان
کاتێ بەسەر شیعرەکانما
نەوتیان پژان
بوو بە جێژنی وشە کوژان
ماری قامچی دەمی نابووە کانی خوێتم
کەڵبەی کەلەبچە وەک چەقەڵ
دەستی هونەرمی، ئەکرۆژا
شقارتەیان داگیرساند و
بوو بە قاقا و چەپڵەڕێژان
هاوارم کرد:
من شاعیری چەوساوانم
هەزار کوانووی پڕ لە ئاگر
شیعرەکانم ناسووتێنێ
گۆمی گەندەڵ کەی ئەتوانێ
چیای هاوار لە ناو خۆیا بخنکێنێ
هەر لەو کاتا شیعرەکانم
لە ناو گڕدا هەڵئەقرچان
دەستی مێشکم
لە ناو هێلی تووڕەی دڵما
وشەی شیعری تازەی ئەچان.

سالی ٦٠

هەتا لووتکە چەندی ماوە؟

دانامرکێ
هەتا دێ هەر زیاد ئەکا
گڕو گڵپەی ڕۆحی یاخی بووی ئەشقیام
ڕامەوەستە، بڕۆ لەلام
با تاوانی من تۆش نەگرێ
کەوتوومە بەر تووکە شەقی چارەنووس و
وەک گۆیەکی سەرگەردانی گۆڕەپانی نەفرەتی خوام
ژیانم لێ وەڕەز بووە
زەوی لەژێر گرانی لەشما ئەناڵێنێ
چاوی ڕۆژ لە حاندی سیمای من هەڵنایێ
من چۆلەکەی باڵشکاوی وەرزی ڕەشی گەردەلوولم
ڕۆحم لەگەڵ ئارامشدا،
لە زەوی تا ئاسمان دوورە
دڵم پڕە لە هاوار و گوێچکەی گەردوون
لە بەرامبەر پاڕانەوەم کپ و کەڕە
لێم نابیسێ سکالایێ
ئاسمانی من نزم و نەوی
هەورێکی ڕەش سەر تا پامی داپۆشیوە
ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە
تەنیا ڕێگەی بەرهەنگاوم
لە خۆمەوە دەست پێدەکا و
دەگا بە هەڵدێری ڕۆحم
چ ئاستەنگێکی باریکە

ئاسۆ تا ئاسۆ تاریکە
باران، باران، بارانی رەش
یاغر یاغر دەباریت و تەرم دەکا و نامشواتەوە
لە ناو تۆف و کریوەی وەرزی شەختەبەندی تەمەندا
رەق هەلاتووم
بۆ کویێ دەرۆم؟
نازانم لە کویوە هاتووم!
شیرە بەفرینەی دەستکردی مندالانی چارەنووسم
رۆژ وەک ئەژدیهای ئەفسانە
لووشم دەکا و دەمخواتەوە
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو
«جولجوتا»ی من لەسەر دوندی کام کویستانە
بە ئەندازەی هەزار عیسای ناسری لە خاچ دراوم
یەهووداکان لەو دیو پەرچینی ماچەوە
بە ساکاری رۆحی ماندووم گالتە ئەکەن
ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
مەهیلن، مە...
ئەمجارە کە گەیشتمە لووتکە
بەردی گیانم بەربیتەوە
من نامەویێ ئەم زەوینە پڕ تاوانە لە ژێر پیما بخولیتەوە
ئاخر مەگەر نازانن من
سالگاریکە گاشە بەردەکەی «سیزیف»م لە کۆل ناوە؟

هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
راستە، من بووم لە ئاگردانەکەی ئێوە
ئاورم دزی بۆ مرۆڤ و
لە مەشغەڵدانی رۆحی خۆم
تیشک و رووناکیم دابەش کرد
گوناهم کرد
بۆیە ئێستا لە تاراوگەی هەڵەمووتم
ئاورەکەیان بەردایەوە لە گیانی خۆم
تەماشا کەن، چۆن ئەسووتم؟
رزگارم کەن
لە چوارمێخەیان کێشاوم
هەموو شەوێ بە ژاری ژین
دەشتی گیانم ئاژین ئەکەن
ئەم مۆتەکە سواری رۆحی ماندووم بووە و دانابەزێ
ئاسمان بێزوو بە خوێن ئەکا
هەر داڵ ئەزێ!
هەر داڵ دێن و جەرگم دەخۆن
ئەم ئاسمانە هەر داڵ ئەزێ!
هەر داڵ ئەزێ!
ئاخۆ گوڵی شۆرانی لە کام کوێستانە؟
کوێستان نەما بەرد بە بەردی
بە خوێنی خۆم نەشۆرمەوە
هەر دەڕوم و ناگەم بە ئەم ناونیشانەی
«شۆڕە خەزاڵ» بۆی داناوم

هەر ئەڕۆم و زام لەسەر زام
لەسەر سینگ و دڵم دەڕوا
گوڵی هەزار هەزار عەزرەت
لە کوێستانی دڵما پشکووت
ڕێگەی گەڕانەوەش نییە
پردەکانی پشتی سەرم گشت ڕووخاون
هەوارەکەی «خاتووخەزاڵ»یشیان کردە قەرەبرووت.
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
ئەی خوا گەورە و بچووکەکانی سەردەمی ویژدان تۆپیو
هەتا لووتکە چەندی ماوە؟
ئەی من تا ئێستا چۆن ماوم؟

ورمێ- ١٣٧٢

داستانی دارەپیرە

هەبوو نەبوو ساڵانی زوو
لەسەر یاڵی بەرزی مێژوو
پیرەدارێک بەساڵا چوو، ڕاوەستا بوو
سەری نابووە کۆشی خەیاڵ
بیری لە ژین ئەکردەوە
دەنگ و چریکەی باڵندەکان
لە ئامێز و لە نێو شاخ و پەل و پۆیدا،
تاڵی ژینی لە یادی ئەو ئەبردەوە
قژ و کەزی شانە ئەکرد دەستی شەماڵ
بە قەتار و سیاچەمانە
بە حەیران و لۆرە و هۆرە و بە گاڵەگاڵ

***

دارەپیرە بەر لە مێژوو
لە نێو ئەم خاکە ڕوا بوو
دارە پیرە ریشەی ژینی
تا نێو دڵی گابۆر و ماسیی کوتابوو
دارەپیرە سەد قۆناغی دیبوو بە چاو
باروبنەی سەد کاروانی ڕاپێچا بوو
دارەپیرە، زریان و شەختە و ڕەشەبای
سەدان کەڕەت بەزاندبوو
دارەپیرە وەک ئێشکچی دەشتی سووتاو
لەسەر لووتکەی قەڵاکەی خۆی ڕاوەستابوو
دەستی سووتاو
گەوای شەڕ و تێکهەڵچوونی سەدان جاری
دار و زستانی ملهوڕ بوو
ئەوەی پاشەکشێ ئەکرد
هەر زستانی گژ و دڕ بوو
وەرزێکی تاڵ
ڕۆژێکی ڕەش
دارەپیرە، سەری نابووە کۆشی خەیاڵ
با لاپەڕەی گەڵاکانی
وەک کتێبی کۆنی مێژوو ئەدا لاوە
ڕووداوانی یەکە یەکە
بە گوێی دەشتا ئەخوێندەوە
ورەی دەشتی

لە نێو خوێنی ڕووداوانا ئەژوێتدەوە

***

فەرمان درا، فەرمان درا
دارەپیرە بقلیشێنن
کۆتەی ئەنجن ئەنجن کەن و
بۆ زستانی سۆبەی کۆشکی فەرمانڕەوا
ڕەگ و ریشەی دەربهێنن.
فەرمان درا، لەبەر ئەوەی
دارەپیرە پەنای یاخی و جەردەکانە
لەبەر ئەوەی سێبەری وی
مۆلگەی گەلالە و پیلانە
لەبەر ئەوەی هێندێ باڵندەی نافەرمان
کردوویانە بە هێلانە
پاڵ و پسێو دارەپیرە
مەتەریزی یاخیەکانە
بیقلیشێنن، هەڵیپاچن
چیلکەی کەن و
بە سێدارەی یاخی بوونیا هەڵیواسن

***

داس و کوتک و تەور هاتن
لە سێبەری دارەپیرە
- ئیستێکیان کرد-
چاویان گێڕا
دارەپیرە، وەک بەردی ڕەق،

خۆی بۆ زەبری داس و کوتک و تەور و چیتر ئامادە کرد
خێڵی دوژمن،
بە هەڕەشە و گەلەکۆمە
هورووژمیان بۆ دارە برد
دارەپیرە، گوێی نەلەقان
تەنانەت چاوی نەنووقان
قووڵتر لە جاران دەماری
بە نێو ناخی خاکا چەقان
خێڵی دوژمن، ماندوو بوون و
لە سێبەری دارەپیرە راکشان و
کەوتنە راوێژ و تەگبیران
گەورەکەیان وتی یاران:
وەک کورد ئەڵێ داری پوازی لە خۆی نەبێ قەد ناقڵیشێ
بیروڕاتان کۆ کەنەوە، ناشێ نەبێ
پوازێ لە خۆی پەیدا کەین و دایتاشین و
ئیتر ئێوە کارتان نەبێ

***

کەوتنە گەڕان
ئەملا گەڕان، ئەولا گەڕان
لە ئەنجاما، بەرچاویان کەوت
لقێ سووتاو
ڕەق و تەق و ڕەنگ بزرکاو
لار و گیڕ و لەبەر خۆرەتاو هەڵقرچاو
لاواز و بێ بەر و گەڵا

خوێڕی، ناحەز و بەرەڵلا
وتیان: خۆیە
دیارە دەبێ بە ئارەزوو هەڵیقلاشین
بەو جۆرە وا مەبەستمانە
بۆ گیان ئەم ئارە دایتاشین
لقیان بڕی.
لقی لار و خوارو خێچ و بێ ئەمەکیان
بە بەڵینی درۆ کڕی
دایانتاشی،
تیژیان کرد و
بوو بە پواز
وتیان پێی چۆن خەیانەت کا
هۆرە کەوتە بەردەمیان و
پیرەدارەیان گەمارۆ دا.
دارەپیرە هەناسەی ساردی هەڵکێشا
وتی: لقە مەڕۆ مەبە بە دارەدەست
قەیناکا هەر ماوەت ماوە
باوەشی من هێشتا بۆ تۆ ئاوەڵایە
لەگەڵما بە لە بەرامبەر ئەم بەڵایە
مەڕۆ لقە! جێم مەهێڵە
دەستی سەوزی باوانی خۆت
بە ئاموور و نیزی بێگانە مەکێڵە
بەڵام هۆرەی ویژدان تۆپیو
پووزەی تیژی نا سەرسینگی دارەپیرە

ئەمجارە دار وتی: پواز!
وەرگەڕێوە بۆ خۆت ئەڵێم
من نامرم
لە ئەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێمەوە
مێژوو حوکمت لەسەر ئەدا
دوژمن خاکی خەیانەتت بەسەر ئەکا
فریو مەخۆ، داوی نەیار بپچڕێنە
تف لە سیمای عەرنەمووت کە
هەڵبڕووسکە و چاوی دوژمن قالاوپووت کە
پواز وتی:
ئیتر من ئەو لقە لەڕ و لاوازە نیم
تەماشام کە، بزانە چیم
ڕێزم ئەگرن، قەدرم هەیە
جامەی ڕەنگین بۆ سەرتاپای باڵام ئەبڕن
بەڵێن وایە بمکەن بە دەستەی خەنجەری
بەر پشتوێنی فەرمانڕەوا
من چیم داوە لە یاخی بوون
نازانم لە خەبات دژی سەرما و سۆڵە و
مافی ڕەوا
ئیتر پارە و پاروو لە لام هەر وەک کایە
زگم تێرە و جامەی زێڕین لەبەر ئەکەم
قەت نەمدیوی، نایشتناسم
ڕەگەز چیە، باوان کامە
زێد و وڵات لەلام بایە

خۆ وەحشی نیم-ئێوە مانان-
لە ئەم یاڵ و دوند و چیایە
تەماشاکە، چەند لووس و جوان و شەنگم
چەندە تیژم
کێ ئەزانێ من ئەو لقە هەڵقرچاوەم
هەلی وا قەت دەست ناکەوێ
لەسەر فەرمان دەتکوژم و
داخم بە سەرتا ئەڕێژم

***

پوازی نەیار وەک سەگی هار
قەپی کردە ناقی دارا
خێرا هاتن، داریان دا بەر
دارەپیرە لە نێو خوێنا
ئەم وشانەی هاتە زارا
من نامرم... لەناو خوێنا ئەژێمەوە
وەک چووزەرە و چرۆ لەسەر کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە.
دارەکەیان بنبڕ کرد و
بۆ ئاگری کوورەی کۆشکی سوڵتانیان برد.
ڕێ کەوتن و پواز وتی: ئەی من نابەن؟
گەورەکەیان وتی: لاچۆ!
لاچۆ لەبەر چاوم بۆگەن!
قەت نەمدیوە خاین بە خۆ
بێژگە هۆرەی بەپلە وەک تۆ
تفی لێکرد.

به شەپان و بە تێهەڵدان
فرێی دایە نێو زبڵدان.

***

ئەوان چوون و
دوای شینگێڕی دارەپیرە
مقۆمقۆ کەوتە چیا
باڵندەکان، هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد
پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد
وتم چیە؟ چی قەوماوە؟
لە دوای مەرگی دارەپیرە
جگە خوێن و ئەشک و ماتەم
چیمان ماوە؟
وتیان: نابێ بیدرکێنین
نهێنی و ڕەمز و ڕازە
دەبێ بە چاو خۆت ببینی.
کاتێ چوومە سەر مەزاری دارەپیرە
بە چاوی خۆم ئەوەم بینی
گۆپکە و چووزەی چەتری تازە.

۱۳٦۷/۲/۹

فەرهاد شاکەلی

سالی ١٩٥١ لە گوندی شاکەلی ناوچەی گەرمیان چاوی بە سەر دونیا کردۆتەوە. لە ٢٢ سالاندا یەکەم بەرهەمی خۆی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) بلاو دەکاتەوە. پاش ئەوە شەش دیوان و کۆمەلێک کورتە چیرۆک و چەند لێکۆلینەوەیەکی زانستی و چەند وەرگێرانێک لە چاپ دەدا. لە ١٩٧٩وە نیشتەجێی ولاتی سویدەو لە زانکۆی ئۆپسالا ماموستایە. لە ١٩٧٩ ژیانی هاوبەشی پێک هێناوەو بابی سێ مندالە.

بەرهەمەکانی بە زمانانی ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئیتالیایی، نۆرویژی، ئیسلاندی و فەرانسی وەرگێردراون.



سێ دەنگ لە مێژووەوە

-١-

لەسەر گلێنەی چاوەکان
دیواری کۆشک دامەزراوەە،
وەک نەخشێکی ئێجگار گران
کەللەسەرێک هەڵوەسراوە.
نووزە و گریان
فرمێسک و داخی نهێنی گیای بەهارە
تاریکایی خزاوەتە کۆشی هیوا
لە ناکاوێ
کوورەی ئاگر کۆشک و دیوار وێران ئەکا،
گلێنەی چاو دیمەنی ژیان ئەخواتەوە.
چەکوش ئاوی تینوێتییە.

-٢-

بیابانی دوڕگەی عەرەب
گەرد و لمی ئاگرینی
ئەڕێژێتە شاخ و دەشتی ولاتەکان
شەقامەکان داپۆشراون.
بو دامەزراندنی مزگەوت
بەرد و داری
شاخەکانیان کرد بە دیوار.
لمی دوڕگەی عەرەبیان کرد
بە مرواری.
گلێنەی چاو دیلی تەمی بیابانە.

تاوانێکی نالەبارە
شەقامی خۆر لەیاد بچێ.

-٣-

ئاسۆ دیار بوو کە سوارەکان بە تاو هاتن
ئالای رۆژیان هەڵگرتبوو
روخساری پڕ لە توورەیی سپارتاکۆس
چاوی سیزیف،
لە روومەتیانا دەرئەکەوت.
لە ژێر گەرد و تۆزی چڕی
سمی وڵاخەکانیانا
ئاسۆ لە چاو ون بوو، نەما.
لە بیریان چوو:
وشەی نهێنی دابنێن،
چەکوش، چرا لەگەڵ خۆیانا هەڵگرن.

چەند برگەیەکی پرۆژەکە

-١-

لە روومەتی ئاوێنەدا
هەنگاوەکانمان ئەبینرێن
نوقمی قوڕن،
پەلەقاژەی رزگاربوونیان چیرۆکێکە
بۆ منداڵان ئەیلێینەوە.
لە روومەتی ئاوێنەدا
چاومان نییە، ئەکەوینە ناو چلپاوی

درک و داڵ و ئاگری ڕۆژی تەماوی

-٢-

مانگ بکەینە وشەی جوانی گۆرانیمان،
ئەستێرەکان بە ملوانکەی تریفەدا بۆ دەسگیران،
ئەوسا گڕی ئارەزوومان
پشوو ئەدا، ئارام ئەگرێ
لە باوەشی پڕ لە تامی ژیندا ئەمرێ.

-٣-

زەنگی بارگەی شەوی کۆچمان
ئاگاتە گوێی کچۆڵەکان،
لەناو نوێنی دڕکاویدا
هێشتا خەوتوون.
ئامادە نین بۆ هەڵپەڕین،
بۆ پێکەنین.
کاتێ ئەچین
کە مەمکیان، گۆنا و دەمیان، تێر هەڵمژین،
حەزی هەزارساڵەی تەمەن
لە یەکەم ماچا بڕێژین.

-٤-

شەقامەکان تاریکایی دایپۆشیون،
ئەشکەوتی قووڵ هەڵواسراوە لە ڕێگادا.
بزماری ژێر هەنگاوەکان هێزی چەکوش
لایان ئەبا.
لە کاتێکا

بەسەر شەقامی رووناکا
هەنگاو ئەنێین،
لاشەمان وا ماندوو ئەبێ
لەناو گڕی ئاگری تووڕەییماندا
نێرگس و شەوبۆ دەرئەچێ

-٥-

گەردەلوول و گڕی تەمەن بە شەقاما
بچێ، باوەش ئەکا بە گوڵێ بە نەماما

شاکەل ١٤-٢-١٩٧١

ریێژەن

پرسیار لە کێ بکەم؟
بۆ نازانی لەم کاروانسەرایەدا
تاریکایی سێبەری تۆیە
دەتکەمە مۆم و دووراودوور سەرنجت دەدەم؟
بۆچیم ناخوێنیتەوە،
پزیشکێ،
گەردوون لە دڵما دەسووتێنێ و
دەمکاتە کێوی تیشک

سۆڵلەنتونا ١٩٨٥/١/٢٢

سەردەمی رۆژ بە رێوەیە

لە سەردەمی جەنجاڵی ئەتۆم و ئەوینی درۆ و ناپاکیدا
نەوەی شۆڕش و راپەڕینم و
هەڵدەکوتمە سەر دڵخۆشیی گەوجانەت،
سەر بیرەوەری بە ساڵاچووی نێو زیندانت و

یەكەم مزگێنیت بۆ دێنم
وەرزی باران بەڕێوەیە،
وا ڕۆژی سەردەمێكی نوێ هەڵدێ و
شاری خەم و تاسە و برین
كاتێ دەستەی دڵدارەكان
لە دەروازەی سەردەمی ڕۆژ وە ژوور دەكەون
تۆ ببە بە دیمانە و
تۆ ببەرە سەركاروان.
ولاتەكەم! تۆ هەر تاكە ولاتێكی،
چ تۆ لە منەوە دوور بیت و
چ من لە تۆوە
هەردە و تەلانی ئەم سەرزەمینە پڕ دەبن
لە ژانی خۆڵەمێشین،
لە مەرگ و لە خەمی شین.
لەو دەمەیدا گورزی ناپیاوی دەوەشێنن
لەو دەمەیدا بەر دەبنە گیانی هەتاوی هەڵهاتووی
نێو چاوانت
هەزاران كۆنە سالی كینەی چینایەتی و شێتی
لێم دەئاڵێن و دەمگروون.
نە سواری كەشتی وێڵ و سەرگەردان دەبم و
نە دەچمە نێو
خۆپێشاندانی سەلار و بێمزەڕەت
با هەموو ڕۆژێ
بدەن بەسەر ماڵەكەما

با بە قۆناخەتفەنگ.
دەرگەکان هەلاهەلا کەن و
بکەونە پشکنینی کۆڵ و بوخچە و جانتاکانم
خۆ من نامەوێ
سەرسەلامەت بم،
با بزانن لە خۆپیشاندانی زریان و رەشەبائاساییدا
بەشداریم کردووە.
با بڕیاری مردنم بدەن
لەسەر ئەوەی
ڕێگەی مەڵبەندی ڕۆژم گرتە بەر.

شام ۱۹۷٦/۸/۲۹

بۆنی باران

با بێ دەنگی پڕ ئاوازت، با دەنگت بێ،
با هەناسەت لە دووەرە مێشکی ماندووم
سەرخۆش بکات،
با بە ئاستەم بکرێتەوە گوڵهەناری دەم و لێوت.
با بێ دەنگت
بەسەر هەستی مات و خەمباری ئەمشەوما
نەرمەبارانی دڵداری
ببارێنە.
با بێ دەنگت.
خۆ من بێ تۆ
دەرگەی هۆنراوەی شیرینم بۆ قەنابێ.
بێ تۆ بازێڕ

لەم كۆڵان و لەو شەقامە
لاوكی ژینم راودەنێ.
بێ تۆ گۆرانی ئەڤین،
بێ تۆ ئاوازی خەمرەڤین،
چێ نابێ.
رۆژم بێ تۆ –گیانە!– رۆژی دارستانێكی پاییزە،
بێ پێكەنین و بێ بزە.
شەوم بێ تۆ
شەوی دووریی نیشتمانە و
شەوی یادی مەرگی هاوڕێی بێناونیشان،
كەسێ نییە هاودەمی بێ،
كەسێ نییە برینەكانی بژمێرێ،
كەسێ نییە
لەتەک دڵی سەرشێتیدا بەستە بڵێ،
پێبكەنێ.
شەوی دڵدارێكە تەنێ،
هەرچی مەرگی سەرزەوییە
وەكوو پۆلیس
راوی دەنێن و نایگەنێ.
شەوی دڵدارێكە تەنێ،
بێشكەی خەونی برینداری رادژەنێ.
كەسێ نییە هاودەردی بێ،
كەسێ نییە هاودەمی بێ،
كەسێ نییە هاوخەمی بێ

کێ بێ بێ تۆ، برینی هۆنراوەکانم
دەرمان بکات؟
کێ بێ دەرد و ژانی دڵم
هاسان بکات؟
کێ بێ لە پەنجەرەی نیگای سەرهەڵگرتووم
گەردی خەمی ساڵان بسڕێ
کێ بێ جارێ
پیرەداری ئەم دڵەی من راوەشێنێ،
هێشووی برین بێتە خوارێ
کێ بێ جارێ
قۆزاخەی خەونەکانی من بکاتەوە،
سەری کووپەی یادەکانم هەڵداتەوە

هەورێکی کەڵەگەت ....

من گوڵێکی سوورم دەوێ
بۆنی زۆزانم بۆ بێنێ
من هەورێکی کەڵەگەتم دەوێ بێت و
دار و بەرد و دەشت و زنار
بە دەستێوە بناڵێنێ
چەخمایەک
لە شەوگاری زڤستانی تەنهاییما
بشریخێنێ.

سۆلێنا ١٩٧٩

مارف ئاغایی

لـه ٢ی ڕیبەنـدانی ١٩٦٦دا لـە گونـدی «وەزنـێ»ی ناوچـەی سندووسی سـەربە شاری نەغەدە لە دایک بووە.

خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە شاری نەغـەدە تـەواو کردووە. بە هۆی پشێویەک کە لە نەغەدە داکەوتبوو، دەگەڵ بنەماڵەکەی بار دەکەن بۆ شاری شنۆو لـەویش ساڵـێک دەیخینـە حەبسەوە.

لە ١٩٨٥دا لە گەڵ دامەزرانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەحەلادینی ئەیووبی و دەرچوونی کۆڤاری سروە، شیعرو پەخەشان دەنووسێ و لە سروەدا لە بڵاوی دەکاتەوە.

لە ١٩٨٧دا لە کۆڤاری سروە دەست بە کار دەبێو بە هەموو هێزو گوڕەوە خزمەتی ئەو کۆڤارەو زمان و ئەدەبی کوردی دەکا.

ساڵی ١٩٩٨ بە هۆی کارەساتی ترۆمبیلەوە ماڵئاوایی لە دونیا دەکاو بنەو بارگەی بەرەو دیاری خامۆشان لێک دەنێ.

ئەو بەرهەمانەی کە لە چاپ دراون ئەمانەن:

- وەرگێرانی کتێبی «هەستی ناسیونالیستی» لە ئینگلیزیەوە.
- ئاسمان دوورو زەوی سەخت. شیعر.

مانەوە ....

ئەم خۆشەویستە دڵڕەقە عیشق پەروەرەی
نەدەتوانم وەکوو کیژێک بیخەمە پاشتەرکی ئەسپ و
لە ژێر سایەی زێڕەوشانی تریفەی مانگەشەویکدا
هەڵیگرم،
نەدەشتوانم هەرگیز دڵی لێ بەردەم و
خۆم گیرۆدەی کۆلکەزێرینەی شوێنێکی دیکە بکەم
ناوی: خاکە.
ئەم دەریایەی
نە دەتوانم لە جامی چاوەکانمدا رایگوێزم و
نە دەشتوانم لە دووری ئەو
لە ئۆقیانووسی هیچ شوێنێکی دیکەدا قومە ئاوێک
بخۆمەوە
ناوی: خەڵکە.
من دەزانم دارستانی هەموو شوێنێک
جریوەی گەرمی چۆلەکە و
رووباری هەموو ولاتێک
دەنگی تاڤگە و رەنگی کەف و پێچ و پەنای رێگەی بەرەو
دەریای هەیە
بەڵام چ بکەم لێرە نەبێ
نە گوێم چاکیان دەبیسێت و
نە چاوم چاکیان دەبینێ و
نە گیانم چاکیان هەست دەکا.

۱۳۷۵

بەڵێن

ئەگەر رووبار،
گەڵای تەرمم هەتاکوو نێو دەریا ببا،
من ئامادەی هەڵوەرینم.
ئەگەر ئاسمان،
مەلی رۆحم تا ئەوپەڕی بێ کۆتایی ریگا بدا،
من ئامادەی هەڵفرینم.
من ئامادەی توانەوەم
هەڵمی لەشم دەباوەشیدا راگوێزێ:
ئەگەر هەور.

١٣٧٥

تەرزە

له مەرگەساتی نیوانی دوو رووداوی لە دایکبوون و مردندا ژیان کەپری
ژێر تەرزەیەکی ناوەختە و منیش نەوەی بێ ئاگری زەرتەشتی پیر.

هیچ کەس نیە بڕوا بکا
ئەم مەشغەڵە بێ ئاگرە سەراوەژوو هەڵواسراوە،
رۆژێک گڕکانی ئاگر و
ئەم خۆڵەمێشە رەشپۆشەی
وا خەریکە کفنی بەفر غەمناکانە دایدەپۆشێ
رۆژێک سەکۆی سەمای کچی ئاور بووە.
لە تەنیایی بەربەرین و بێ بڕانەوەی رۆحی خۆمدا
دەتلێمەوە،
هیچ کەس نییە خەونەکانم بڕوا بکا و

من دەترسێم با و بۆران
شانازی سەر کێلەقەبری پێشینانمان بسڕنەوە

١٣٧٥

کۆچ

خاک،
توانای کۆچی نییە.
ئەوەیە رازی مانەوەی هەمیشەی من
لەم‌وڵاتەدا.
من و تۆ
زەوی سەرسەوز و ئاسمانی ساف
وە تۆ سەرخۆش
لە نێوان ئەرز و ئاسماندا.
«زەوی سەخت، ئاسمانیش دوور»
وە من ماندوو
لە نێوان بەرد و باراندا.

١٣٧٤

سەرگەردان

دیتنەوەت چ سەختە
تەنانەت ئەو دەمەی پێکەوەین.
ون بوونت چ دژوار،
تەنانەت ئەو دەمەی لێک دوورین.

ئەزموون

تەنیا یەک جار

هەڵفڕین تەجرەبە دەکرێ
گەڵا
لە پاییزدا
لە لکەوە هەتا زەوی
ئەمنیش تەنیا یەک جار ژیان
لە گریانی کاتی لە دایک بوونەوە
تا فرمێسکی دەمی گیاندان

بیر ....

دارتاش داری قەفەسێکی دادەتاشی،
راوچییەک داوی دەتەنی،
شاعیرێکیش بە دەم بیری
شکانی شوولی قەفەسێک،
پسانی رایەڵی داوێک،
هەڵفڕینی باڵندەیەک،
دەتلایەوە.

١٣٧٢

چەند کۆپلە شیعری سەربەخۆ ....

-١-

لێوم پەنجەی باغەوانێک، چاوەڕوانە
لەرەی ماچێ
لە داری بەژنی تۆبچنێ.

-٢-

هەوری یادت

بە سەر داربەڕووی بالاما رادەبووری.
ناتوانم دەست لە دەستت نێم،
بریا هەور دەستی بوایە.

-٣-

من بەروبووی داری گریان،
تۆ ڕێبواری نێو باغی سەوزی پێکەنین.
چەند زەحمەتە بە یەک گەیین

-٤-

سینگی هەور
کاغەزی زۆر نامەی من بوو.
بۆ پەژارەم:
هەور گریا،
کاغەز بە دەستت نەگەیی!

١٣٧٢

خۆزگە

لەم سنوورانە قەلسم
گشت لایان لێ تەنیوم.
خۆزگە توانییام لە نێو
جیهانی بێ سنووری چاوانی تۆدا بژیم.

١٣٧١

بەهار

ئەی خونچەی دەمت
تاقانە خونچە:
لە پاییزیشا شکۆفە دەکا.

ئەی گوڵی کوڵمت
تاقانە گوڵێک:
لە زستانیشا
سووری شەڕابی.
ئێستا چ وەرزە؟
لێم نادیارە
هەر کات کە خونچەی دەمی تۆ پشکووت
بۆ من بەهارە

١٣٧٠

خۆشەویستی ....

ئاسمان بە قەد من
ئەستێرەکانی خۆش ویستبایە
هیچ ئەستێرەیەک
دانەدەڕژا.
زەریا بە قەد من
ماسییەکانی خۆش ویستبایە
هەرگیز دەنووکی ماسیگرەکان
نەدەبووە تابووت.
چیا بە قەد من
بەفری خۆش ویستبا
یا هەر چوار وەرزان بەفری دەماوە
یا خۆیشی لەگەڵ ئەوا دەتواوە.
بەڵام داخەکەم
ئاواتم: ئاسمان، زەریا و چیایە

خۆیشم: ئەستێرە و ماسی و بەفرم.

١٣٧٠

گلکۆ

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.
دەمەو ئێوارێکی درەنگ
کە پنجەی چڵکنی هەور
خوێنی هەتاوی لێ دەتکا
تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر
بۆ باوەشی گلکۆ دەخووشێ.
بەربەیانی
لەسەر کێلی رۆژهەڵاتی ئەم گلکۆیە
هەر دڵۆپێک
دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە.
مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

١٣٦٩

شۆڕەبی

رووبارێک بوو سالیانی ساڵ لە ئاوێنەی روخسارێک
بسکی شۆڕەبییەکی دەشوشت.
رۆژێک رووبار لە شۆڕەبی بە رقدا چوو
تووڕەبییەکەی بوو بە لێلاوێکی سوور و
رەنگی سەوزی بسکەکانی لە خۆی هاڵاند.
کە شۆڕەبی پرسیاری کرد:

بۆ لێم توورەی
وتی کاتێ قەمچییەکەی رەشەبای درِ
لە بەژنی دارستان هالآ
تۆلە ترسا
بە سەرشۆڕی دۆش دامابووی.
کە ئەمەی وت گەردەلوولێک هەڵیکرد و
شۆڕەبییەکە خۆی ویک هێنا
لە نەکاوێ
وەک دەروێشێکی جەزم بوو
پرچی بەسەر شانیدا لادا
رووبارەکە کەوتە لەرزە:
کاتێ دیتی کە نێو دڵی شوڕەبییەکە
لانی شێرێکی سەربەرزە.

١٣٦٨

نەبەرد جاف

سالی ١٩٤٧ لەو کاتەی کە تازە دونیا وەیشوومەی فاشیزمی لە سەر تێپەڕیبوو، لە شارۆچکە خنجیلانەکەی کەلار چاوی بە سەر دونیای پڕ لە کارەساتدا کردەوە. لە ١٩٦٧دا کولیژی سەربازی تەواو دەکات. پاشان لە تاران خوێندنی زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی فارسی دەست پێدەکات، تا ١٩٧٢ کە کولیژی زمانی ئینگلیزی و ئەدەبی فارسیش تەواو دەکات.

نەبەردیش وەکوو هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر ناتوانێ چاوی بە سەر ئەو هەموو زولم و زۆرەدا بنووقێنێ؛ بۆیە ڕێگای خەبات دەگرێتە بەر و لە ١٩٨٧دا دەڕواتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

نەبەردجاف لە ڕۆژنامەکانی «کەیهان» چاپی لەندن و «ماموستای کورد» چاپی سویدو گۆڤاری «کاروان»دا بەرهەمی بلاو کردۆتەوە.

بەغا

ئەمشەو لە باخەڵتا ئەنووم
بە مەمکی ئەم بەرەو بەری
ئاوی دیجلەی کاس و مەنگا
رەنجی ژیانی خۆم ئەهەونووم

***

رێبوارێکم
تاقە شەوێک میوانێکم
دڵ بە تەمای خوانێکی تۆ و
بەرەڵلایی و بەردانێکم
نەکەی باسی رەنج و دەردی
حەللاج بکەیت
روو و روخسارت لێم تەهەل کەیت

***

بەغای بەغا
ساقیەکانت گەر بزانن
چەن تامەزرۆی
قومێ مەی و شێت و وێتی و
چاوی رەش و
بەزم و رەزم و لێوانێکم
هەرگیز دڵی شەکەتی رێم
ناتورێنن
دەبنە پیاڵەو خوم و شەراب
هەتا سەحەر

ساقی خۆش رەوتی بالانەی
پەیاپەی مەی
تا دوا دلۆپ
بە گەرووما ئەچۆڕێنن

***

ئەمشەو پەنام هێناوەتە
بەردەم دەرگای
دڵی هەرزەی پڕ لە داوت
تکایەکە و بێ سوودیشە
دادی خەمم بگەیەنە
بەردەم کچی روو تکاوت
تەنیا ئەمشەو دالدەم بدە
خەم تەیمانی دەور و بەرمە
تاوکی رووی تەن و سەرمە
بەغای هەزار رەنگ و یەک رەنگ
ئەی شۆخ و شەنگ
کچی خرپن
ئەی مەمک قنجی تیتک رەش
ئەی شل و مل
ئەفرۆ دیت وەش
ئەی دەستەمۆی خاوەن تەلار
ئەگریجە لار
ئەی کوورە لەش
داخ و قرپن

***

بەغای هەردوو مەنسووری ژین
بەغای دڵ رەق
بەغای پڕ قین
شاری پێ بەند
کڵاو زێڕین
شاری هەزار شەو و یەک شەو
شاری کچی خۆش رەوت و رەو
ئەمشەو شقلی خەمت نەکەی
بە داستان چاوم کوێرکەی
چاو و دڵم ئازار بدەی
لە جێی باسی خۆر و میهر و
ئاسمانی شین
نەکەی شەوم بکەی بەشین

***

بەغای جادوو
بەغای دوو دوو
ئەمشەو دڵم بە تەمایە
کە شارەزاد
خۆی لە تەل دات
منیش ببمە شارەیاری سەدەی بیستەم
تا بە یەک شەو
هەزار شەوی پڕ لە رازت ئامێختەکا
بەسەر سفرەی ئاڵ و سووردا

ڕووت و بێ بەرگ
گوڵم ئارەقین
تەنی داخ و سوور هەڵگەڕاو
بە هەستێکی ئاگری وتین
ئایەختەکا
پێشکەشم کا
تا وەک ئەمشەو
بە دەم نەشئەی شەرابەوە
خەمم بڕوێ و دڵ گەشم کا

***

بەغای دیوانەی شێت و وێت
ئەوا ئەمشەو
کەوتمە سەر ڕێت
شاعیرانی شەو شێتی تۆ
هانیان داوم ڕووت تێ بکەم
وەردی ئەندێشە بکێڵم
هەزار هەوراز
لە پشت سەردا جێ بهێڵم
گەردی ڕێگا بە سەردا کەم
تا وەک ئەمشەو
«ئەبی نەوواس»
شاعیری شەو
بە بێ ترس و سام هەراس
لە میحرابی مەیخانەدا

به دەم پیاڵەی شەرابەوە
بدەوێت و روون کاتەوە
نهێنی شەو
شەوی بەغای بێزار لە خەو
ئەوەی لەسەر خۆ و ئەسپایی
بە گوێی هاروونیدا هێنا
درۆ یان راس
چپەیەک بوو، یان مەتەل بوو؟
وا دایهێنا
کە شا ژنی ئاڵۆزاندو هاویشتە ناو
شەپۆلی دەریای خەم و تاس
چی بوو چپە هەر بەو شەوە
بە فەرمانی زوبەیدە خان
لەبەر ئەو چپە دەرکرا
لە نێو شارا
کۆسی ریسوایی لێ درا
ناوی بە بەد ناوی زڕا

***

ئەبی نەوواس
نەی جوانکیلە
ئەی پەروردەی پێچ و خەمی
دەربارەکەی بەنی عەباس
ئایا راستە
ئەو داستان و دەنگ و باسە

که تا ئێستاش مێژووی بەغا
له ئاستیدا مەنگ و کاسه
ئەو شەوەی وا
بەغا به شمشێر سوور کرا
دیجله به خوێن سوور هەڵگەڕا
هۆی ئەوه بوو شەوی هەوەس
دەس لەمل و راز و نیازی
کوڕی بەرمەک و عەباس
ئاشکرا بوو
راست بوو... یاخو... ئەفسانه بوو؟
که پشتاوپشت دەیلێینەوه
جار جاریکیش دەڵێن راسه
هۆی ئەو شەوه
هەر ئەوه بوو که عەباسه
خۆشکی ئەمیرۆلمۆئمنین.
شەوی مەستی
شەوی هەواو هەوەس رنین
دەسته گوڵێکی سوور و ئاڵ
له خەفڵەتی هەستی سووردا
له تاو هێرشی تاودا
دای به ئاو دا؟

***

لە شلفەرە نا شر

موحەممەد حەمەباقی

ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردستانەو سەرانسەری ژیانی تەرخان کردووە بۆ پەرای زمان و ئەدەبی کوردی.

لە زۆر بواری مێژوویی و ئەدەبیدا ئەسپی قەڵەمی تاوداوەو بە راستیش گەلێک سەرکەوتوو بووە. تا ئێستا زۆرتر لە ٢٠ بەرهەمی بە نرخی لە چاپ داوە وەکوو:



-ژوان، ١٩٨٠، دیوانی شیعر.
-گەشتی ریچ بۆ سلێمانی، ١٩٨٤، وەرگێڕان.
-کێشەی کورد، ١٩٨٦، وەرگێڕان.
-گوڵەکانی دۆزەخ، شیعر.
-دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەو ئامادە کردن.
-شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و زۆر بابەتی بە نرخی تر

هەنسکی شیعر ....

-١-

کە زستان دێت، دڵم ئەگووشرێ
چونکە پەنجەرەکانتان تەم ئەیانگرێ،
لەو دیویشەوە پەردە دائەدەنەوە
ئیتر لە پەنجەرەشەوە ناتبینم

-٢-

روومەتە سپیەکانت،
لە هەتاوی بەیانیانی نیسان ئەچن،
بەڵام تۆ و هەتاو
هیچتان بە چنگ ناگیرێن

-٣-

کێ ئەڵێ تۆ، لە خوێنما نیت
ئەی بۆ کە لە نزیکەوە ئەتبینم:
دڵم ئەکەوێتە پەلە پەل
کە لێشم دوور ئەکەوێتەوە،
دڵم هێواش، هێواش، لێ ئەدا،
خەریکە بوەستێ

-٤-

تۆ بڕوا ئەکەیت پیرەمەگروون
پێ بگرێ و
ئەم نیشتمانە جێ بهێڵێ؟
ئەی تۆ، چۆن جێم ئەهێڵیت؟

-٥-

تۆ هەر بیر لەوە ئەکەیتەوە
چۆن یەکتریمان خۆش بویٚ؟
بەڵام گیانە، بیرت نەچیٚ
خۆشەویستی، هیچ یاسایەک نایگریتەوە

-٦-

هەموو شەویٚ، گوڵە کێویلەکان،
لە شیعرەکانما ئەخەون
بۆیە ئەوەی شیعرەکانم ئەخوێنێتەوە،
پێم ئەڵیٚ: بۆنی ژوانیان لیٚ دیت

-٧-

هێشتا شێوە شیرینەکەت،
تۆسقاڵێک لێم جیا نەبۆتەوە
کەچی هەرچی جاریٚ کە ئەتبینم،
ئەڵێی یەکەمجارە چاوم پێت ئەکەویٚ
ئای، چەند تینووتم!

-٨-

بەهار ئەڵێی دزە،
بە شەرمەوە، لە پەنجەرەکانی ژوورەکەمەوە،
دێتە ژوورەوە
چونکە ئەزانێت: ژوورەکەم تۆی تیا نیت

-٩-

شەو تا بەیانی لە خەونما
چیرۆکی منالانەم بۆ ئەگێڕیتەوە

کە بەیانی، لە خەو هەڵئەستم،
بە تەنیا خەوتووم
ئاخ! خۆزگە سەرینێکی چۆڵ...
هەر هیچ نەبا سەرینێکی چۆڵ
لە پاڵ سەرینەکەمەوە بوایە

١٠ی نیسانی ١٩٨٧

ڕەوەند ....

-١-

لە هەموو جێیەکا ئەتبینم،
نازانم تۆ گەورەیت، یا دنیا بچووکە!

-٢-

بەم شەوە باخەڵت پڕ کردووە لە باران
بە تەنیا بۆ دوورگەی برووسکە و ناو هەور
کۆچ ئەکەیت
ڕێگاکەت تاریکە،
ها چرای ئەم سەرە سووتاوەم هەڵگرە،
با ڕێگا دەربکەی
گەیشتیە هەر شوێنێ، تەمی ڕەش
لە دەوری تلوڤە ئەستێرە ئاڵابوو
بوەستە با چاوی ئەستێرە بتبینێ
پرسیان:
تۆ نوێژە بارانەی کام خاکیت؟
بڵێ: من نوێژێکی کۆچەری وڵاتی
لاوک و حەیرانم،

نامناسن؟
ئەو کەسەم، سەری خۆم کردۆتە رەشماڵ و
لە ژێریا
چی هەورە بروسکەو رووناکی دنیایە
ئاهەنگی سووتانی خۆیانی تیا ئەکەن.
شەوانیش تا دەمەوبەیانی
ئیشکچی گزنگم
بەو نیازەی کە چاوی هەڵهێنا،
پرشنگێ بفرێنم.
نامناسن؟
بیرتانە، ئەو شەوەی یەکترمان تیا ناسی،
یەکێکتان سووتا بوو،
بە چوارتان ئەتانبرد بینێژن
من تەرمی هەزاران ئەستێرەی عاشقم
بە سەرا کەوتووەو
بە تەنیا هەر خۆشمم.
دەسەر بنێ بە سنگمەوە،
با تێر بۆنی قژت بکەم
هەر بە تەنیا بۆنی گوڵاوی قژی تۆ
بۆ چرووکی سووتانم بیر ئەباتەوە
ئەوە قژت، لە ترسی هەناسەکانم گرێ داوە
یا رەشەبای سلێمانی؟

-٣-

بینیت تەمی رەش

دەوری تلوڤە ئەستێرەی بەردا،
بەجێیان بێڵە
مەوەستە تا سەر دوورگەی گەڕۆکی
هەورە بروسکە
تا چاو بڕ ئەکات، باخاتی عەشقە
سەرانسەر سپی
گەڵای دارەکان، هەمووی باڵندەن
ئەم باڵندانە، لە پایزانا
کاتێ کە سەریان لێواولێو ئەبێ لە کڵپەی عەشق،
گڕ ئەگرن، ئەفڕن
ئەفڕن... هەر ئەفڕن

ئاوێنە

-١-

لەبیرتان بێ، کاتێ چەند پارچە قورقوشمێ
لە باوەشی سەنگەریکا، گیانم ئەسمێ
نەکەن هەرگیز لە یادەکانی کۆچما،
ئیکلیلی چەپکە نێرگزێک بدەن لە کێلی گۆڕەکەم
بزماری پۆستاڵی دوژمن شێلابێتی
گوڵی خاکێکم خۆش ناوێت جووتی دوژمن کێلابێتی
بلبلم بۆیە خۆش ئەوێ، کەلەپووری کۆیلایەتی،
بۆنەوەکەی جێ ناهێڵێ

-٢-

هەروەک ناوی خۆم لەبیرە، واش ئەزانم

ئەوەتەی هەم لە دوای مردنێک ئەگەڕێم،
ملم لە چەقۆیەک ئەسووم،
پێم بوێرن
مردن لای من بۆ کوردستان ئاواتێکە
شەویش پێوەی ئەتلێمەوە
مردن لای من بۆ کوردستان، سروودێکی ناتەواوە
ژانی هەڵبەستێکی سوورە
لە منداڵدانی مەلاشووی بەر سێدارەی «سەیفی قازی»دا
خنکاوە.
ئەمەوێ تەواوی بکەم، تەواو نابێ و لەسەرەوە ئەیلێمەوە
مردن لای من بۆ کوردستان، لێوی دەسگیرانەکەمە،
لە کەژاوەی زاوایەتی سەنگەرێکا ماچم ئەکا
مردن لای من بۆ کوردستان گوللەیەکە،
کە بە سەرما ویزە ئەکا،
گڕی لەدایک بوونەوەم تێ بەرئەدا

-٣-

چەند شەوێکە «حاجی قادر»
بە نهێنی، لە سنوور پەڕیوەتەوە
وتی: کە چوویت بۆ شاری «زێڕ»
بۆ ناو سەنگەری سەرجادەی «کاکە ئەرپە»
بە جامخانەی گوللە بێژی سەرتاشێکا
ئاگادارییەک هەڵواسە
لێی بنووسە: ئاگادار بن!
ئەیانەوێ بە زیندوویی چراوگی، چاوی باباگوڕگوڕ کوێرکەن.

ئەیانەوێ سەگەکانی قەسابخانەی گاورباغی
بە تەرمەکەی ئەرپە فێرکەن.
ئەیانەوێ دڵتەڕەکانی شۆڕیجە و ئیمام قاسم
جارێکی تر، لەسەر چۆپی و ڕەشبەڵەکی
قەرەدەرەو قەرەحەسەندا نەبینن.
ئەیانەوێ گەر ئەمجارە حاجی قادر بدۆزنەوە
نەک شاربەدەر، بیسووتێنن.
نازانن کە حاجی قادر ئەمجارەیان گەنج بۆتەوە
گەنجێکی ئێجگار بەگوڕە
ئێشکچییەکی چەکدارە، پاسەوانی
جۆگەلەی خوێنی ژێر سکی کچێکی باباگوڕگوڕە

-٤-

لەسەر بانی خانووەکانتان سەنگەر لێدەن
لەزێرابی ژێر شەقامی بەردەرگای خانووەکانتانا
داوی نارنجۆک داچێنن
پەڕوی کچێنی ئاوەڕووی باباگوڕگوڕ ڕاست کەنەوە
ئاوزەنگی غار، لە قەبرغەی ئەسپی سەنگەرەکان بدەن
تا سەر لووتکەی چیای حەمرین مەوەستنەوە
دڵدارەکانیشتان فێر کەن
ئاڵتوونەکانیان بفرۆشن بیدەن بە چەک،
بیدەن بە تفەنگ و بە فیشەک،
بۆ بەرگری لە کوردستان
من جیازی دەسگیرانەکەم
تفەنگ و فیشەکدانێک و توێشەبەرەی نوێردووی نان بوو

کاتێ ڕۆیشتم
جلە بووکێنی و ئاڵتوون و ئەڵقەی دیاری کردنەکەی بۆ فرۆشتم.
کاتێ برینداریش کرام، دەسگیرانی هاوڕێیەکم
لە ئەشکەوتی بارەگای بنکەکەماندا، برین پێچ بوو،
برینەکەی بۆ پێچام
خۆزگە کاتێکیش ئەکوژرام
دوژمنەکەم تەرمەکەمی بە مردوویی ڕائەکێشا و
بە کوردستانا ئەیگێڕام!
ئەموت: ئوخەی شەقام و دێهات و شاری ژێر سێبەری
خۆری گیراوی کوردستان!
ئاواتەکەم هاتۆتە دی و بووم بە قوربانی هەمووتان.

سلێمانی ١٩٧٣/٤/٢٤

سەمای قەرەجانە

-١-

هەر ئەیانویست، بمگرێنن،
نە ئەگریام.
پیرە مەگرووَنیان لەسەرما ورد و خاش کرد،
فرمێسکێ لە چاوم نەهات
بەڵام دایە!
کە تۆم خۆش ویست، فێر بووم بگریم.
مەڵێ: پیاو دڵڕەقە، ناگری،
بڕوا بکە، سیروان ئاوی چاوی منە
بۆیە کە سیروانت جێهێشت،
ئەویش هەموو ڕۆژێ لە دوات،

ئەوەندە بەسەر شان و ملی زمناکۆدا
سەرکەوتووە و بۆت گەڕاوە،
ئێستا گۆنا و گەردن و سنگی زمناکۆ
پاکی بۆتە نێرگزە جاڕ.

-٢-

دڵنیام چاک،
من لە وەردیانەکەم کەمتر
لە بەندیخانەدا ئەژیم،
ئەو ئەگەر شەو ناشەوێکیش،
بچێتەوەماڵەکەی خۆی،
لە باخەڵی ژن و منداڵەکانیشیا
خەون بە کلیل و کێلوونی بەندیخانەوە ئەبینێ؛
بەڵام من هەموو شەوێکم
تا بەیانی
لە خەونما وام لە باوەشی
جیهانێکی گەورە و سپی و بێ پەرژینا.

بەندیخانەی ئەبوغەریب ١٩٧٩/٧/١٢

پەیام

-١-

تاڵێک قژی خۆی دایە،
پێی وت: ئەمە پێناسەو ناو و نیشانی منە،
ئەبێ لەمەودوا نامە و هەواڵتم بۆ بنووسیت.
وتی: من خوێندەواری و نامە نووسین نازانم.
وتی: ئەبێ بنووسیت!

وتی: ئاخر نایزانم.
وتی: ئەبێ بنووسیت!
وتی: حەرفێک نازانم.
وتی: ئەبێ بنووسیت!

-٢-

هەر بۆ شەوێ لە خەونیا
فریشتەیەکی کراس کرێشەی کورتە باڵا
لە باخێکی ئاوێنەی رووناک و بەفرینەوە
بە لەنجەولار هاتە لای،
بە هێمنی دەستی برد بۆ سەرسنگ و سەر دڵی
لەسەرخۆ قویچەکانی کراسەکەی کردەوە
بە تیغێکی لە ئەڵماس تیژتر و ئەفسانەیی
سنگی دووتوێ کردەوە،
شتێکی لە مشتا بوو،
لەسەر دڵی جێی هێشت و
بە نیانی هەردوو توێی سنگی خستەوە سەریەک،
بەنێسکە و لەنجە و لاریش
گەڕایەوە ناو باخی ئاوێنە بێگەردەکەی

***

بەربەیان زان و ژاری گینگڵێکی هەنگوینی
خەویان لە چاوی زڕاند
بێ ئەوەی خۆی هەست بکات
دەستی دایە قەڵەم و شیعرێک ئەمەی نووسیەوە:
من شمشاڵێکم بە لێوی تۆوە،

ئاوازم خەم بێ، یا خەندە و شادی
تۆ خۆت ئەمژەنیت،
شالووری دەنگم، ئەسپێکە بێ باڵ
دڵم کەژاوە...
باڵم بدەرێ با بفڕم بۆ لات.
وێنەی رووی مانگم، لە ناو رووبارا
ئەو هەر را ئەکا و من لەجێی خۆمم.
قاچم بدەرێ بە چاو نەبینرێ، وەک هی فریشتە
با بە دەربەند و هەردە و شارانا
بۆ دیدەنی تۆ، سەرم هەڵگرم،
بێ سەر و شوێن بم.
شەفەق و گزنگ، بکە بە گوڵجاڕ
با بۆنت بکەم.
کانیاوی گیانم بکە بە زەریا
با بە شەپۆلان فێر بم لە خۆما، سەرەڕۆ و یاخی
شڵپ و هۆڕم بێ و هەر لە خۆشما بم
خۆشی من هەر تۆیت، کە ناخمت کردە
گیتاری بەر با
شەو تا بەیانی، لەسەر سەرینی ناو رەشەباوە
ئازاری خۆش خۆش، ئەکەم بە ئاواز
دەستی کچۆڵەی کڵپەت داومەتێ،
بە هەردوکیشمان تەنیا کراسێک سەوز و ئاودامان،
بەڵام کوا کڵپە، بێ سروە و شنە گڕی خۆش ئەبێ!
وەک ئەو درەختەی، ساتێ دیداری سروەی لێ ون بێ

لە سەما و لەنجە و جوولە ئەکەوێ
منیش بێ تۆ، وام
دەبا سروەت بێ و ئەم چنگە ئێسکە و
ئەو کچی کڵپە ئێسک شیرینەت
سەر بکەم بە ناو هەتاوی قژیا و
سەما بکەین و نێلە نێل بگرێین
لەم سەمایەشدا هەرچیم بەسەر بێت،
ببم بە سووتوو، یا وەنەوشەیەک
تۆ خۆت ئەزانیت
من شمشاڵێکم بە لێوی تووە
ئاوازم خەم بێ، یا خەندە و شادی
تۆ، خۆت ئەمژەنیت

-٣-

کە لە شیعرەکەی بووەوە
هەستی کرد هەموو گیانی، تریفەیەکی زیوین
بۆتە خەرمانە پێوەی
چاویشی لێ بوو: مانگ و گوڵ، سروە و دڵداران
ناو دەرگا و پەنجەرەکەی ژوورەکەیان گرتووە و
بە تاسەوە راماون
حەز ئەکەن پری پیاکەن، بیفرێنن بۆ خۆیان.

سەقز- ١٩٨٩/١٢/٢٠

نیگار نادر

پریشکە خوێنی مە بە دڵیهەموانیانەوە وشک هەڵاتووە ....

«پیشکەش بێت بە ڕۆحی ئەو کیژو ژنە جوانانەی
ڕۆژێ بە تفەنگی دەنگدارو تفەنگی بێدەنگ خوێنیان دەڕیژرێ».

هەریەکەیان بە تفەنگێک
بە پەتکێک بە چەقۆیەک کوشتوومی و
دەمکوژێ و
لاشەم لەگڵی دەنێ و دەشارێتەوە
پۆلێک پەپوولە خۆ بەدڵمدا دەکەن و
تفەنگ سوارکردن و چەقۆ سووینی
پیاوە دەست بەخوێنەکانم
وەبیردێتەوە
پۆلێک پەپوولە
لەسەر دڵی ماندووم هەڵدەنیشن
ڕەنگی کێژانەم دەڕەنگێنن و
گوڵانم پێ دەردەکەنەوە
پەپوولە زەردکەڵەیەک ناوی بەنازە
لەسەر لاچاوانم باڵی دەخاو
بێ نازی وگەردەن هەڵبڕان و
دەگڵ ڕۆکردنی خۆیم لەبۆ دەگێرێتەوە

ئەها دیسان
دڵم لەو گۆڕەی کەوتووەو
هەریەکە نووکە کلاشینکۆفێکی تێ دەوەژێنێ و
شەقێکی تێ هەڵدەدا

پەپوولە نارنجیەک ناوی شەوبۆیە
شەوەکانم پڕ لەبۆنی گوڵەکانی دەکاو
بەفیشەک دابێژان و گوێچکە هەڵبڕینی خۆیم
بۆ دەلاوێنێتەوە
پەپوولە سۆرەیەکی باڵ کەسک ناوی
دوعایە
باڵە کەسکەکانی لە ڕۆحی هەڵکڕووزاوم
دەخشێنێ و بەردەباران و
لەخوێنێ گەوزاندنی
وەکی
لەت لەتکردنی کوردوستانێ
ڕۆحم دەزورێنێتەوە
پەپوولە شێنکەڵەیەک ناوی ساباتە
کیژایەتیم شینتر لەدەریا وەڕەنگ دینێ و
بە چەقۆ ئاژەنینی خۆیم
لەبۆ دەبێژێتەوە
پۆلێک بەپوولە
لەسەر گوڵەکانی گوڵزارێ
هەڵدەنیشن و
ڕاوەدوونان و حاشالێکردنی
ژنەکانم وەبیردینێنەوە
لەدۆعا پتر بەردەبارانترو لە شەوبۆیە
فیشەک ڕێژانترو لە بەنازێ
گەردەن هەڵبڕاوترم

بکوژەکانم بە دونیایەدا دێن و دەچن و
دەخولێنەوە
لەساباتێ گەلەک چەقۆ ئاژەنترو
لە کەژاڵێ لووت و لێو هەڵبڕاوترو لەئامینێ
خنکێنراوترم و لە گوڵیزارێ ڕاونەراوترو
لە زارایێ سوتێنەراوترم و
بکوژەکانم ناویان لەخۆ ناوە پیاو
شەرەفیان کۆدەکەنەوە
هەورێک پەپوولە لەسەر لاچاوانم
ئاوادەبن و
چاو نەخشەی ئەڤ هەموو کیژانە
هەڵدەبڕدرێ و لێک هەڵدەوەشێتەوە
لێ ئەوان ئێستا
لە لەش کرینێ نەبوونەتەوە
هەریەکەیان بەناوێک هەریەکەیان بە دەمامکێک
هەریەکەیان لە ڕێگایەک لەتەمەنێک
لە شارێک لە خۆشەویستیەکدا
دەمکوژێ و کوشتوومی و
بەسەر لەشمدا تێدەپەڕێ و
لە لەشکرینی خۆی دەگەڕێ و
دەخەفتێتەوە
هەموو پریشکە خوێنێکی مەیان
بەلاچاوانەوەیە
هەر هەموویان

بە شلفەوە تا شۆر

هەموو پریشکە چاوێکی مەیان بەدەستانەوە
وشک هەڵاتووە
هەر هەموویان
تێکڕا دڵۆپە خوێنی مەیان بە پێلاوانەوە
ڕەق هەڵاتووە
هەر هەموویان
ناویشیان لەخۆ ناوە پیاو هەر هەموویان

کوردستان ....

دەستت بێنە
دەپەنجەکانت هەڵڕوانم
داخوا کوێ زێدمە
چ عەشقێک پیرۆزە
سینگت بێنە
سەری وێکەم
داخوا ئەوە ترپەترپی دڵتە
یا نێڵەی ئاگری نەوزۆرە
چاوان بێنە ڕۆچمە ناویان
پڕ لە ئاو و دونیا پانکەم
داخوا عەش لەمندا
چەندە جوانە و
گەردوون بە هەموو
هەسارانیەوە لە باوەشتە
کۆشت بێنە بێمە ناوی

شەپۆلان بدەم
دەریا و ئۆقیانووسان
تێکەڵی یەکدی کەینەوە
هەموو دڵۆپەکانت
لە مندا هەڵڕێژە
توند رامگوشە
دەستت بە بەژنمدا بگێڕە
وا بزانە کوردستانی گەورەت
بە بێ سنوور لە ئامێزە.

شوورەیی دڵ ....

بە قوربانی ئەو دڵە بچکۆلانەت بم
هەموو رۆژێک کە سەر دەخەمە سەر دڵت
گوێم لە ترپە ترپ و لێدانی دڵت دەبێت
هەست بەو دڵۆپە خوێنانە دەکەم
کە لەناو دڵتدا مەیون و
بە سەختی گۆڕان دەکەن
بەستێک دەڕووخێنم و لافاوی ئەشک بەرپا دەکەم
جاران کە بژوێلکەکانم تێکەڵ بە
بژوێلکەکانت دەکرد
شوورەی زیندانێکی ئەبەدی مەرگیان دروست دەکەن
تۆ لەدایکبووی دوای هەرەسی دین و مرۆڤەکانی
بۆیە کە دڵ دەخەمە نێو دڵت
زەوی و ئاسمان لەیەک ئاستدا بەدی دەکەم

ئێستاش کە ڕەشێنەی چاوەکانم
دەخەمە نێو مەندی چاوەکانت
دنیا ڕاستەقینەکان بەدی دەکەم.

١٩٩٥/٩/٢٣

کۆترە ژن

ژن ئەو کۆترە جوانکیلانەن
هەموو دەمێ دەگمینن
تا لە ئاسمانی پیاودا بفڕن
ماندوو نابن
بە هێوری لەسەر گەڵاو دار و
گوێ سوانەی پیاو هەڵدەنیشن
ئێواران درەنگانێ پەنجەکانت دەهێنان و
کەمانچەکەی پشت ملمت لێدەدا
شێتییەکانمت هەموو سڕ دەکردن
لەسەر کەمەرم نۆتەکانت دابەش کردن
کەمانچەی هەمو دەمێ
سەرم لە بنانگی گوێی دەنای
پەنجەکانت لەسەر تیغارەی پشتم
هەڵدەنان و ڕۆدەنان
کۆترەکانمت لە خەو دەخستن

کەژاڵ ئیسماعیل

شەوەکانی ئەو ژوورە

لەو ژوورەدا
نە هەناسەیەکی چاوەڕوانی
نە خۆزگەیەک بۆ تەمەن،
نە زەردەیەک
بە لێواری عومرێکی تووڕە و خەماوی،
نە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشی و
نە هەناوێکی ساردەوە بوو
نە بزەیەکی ئۆخژناوی
بە رووخساری جێژوانی ئەوینەوە.

ئەو شەوە ساردانەی
غەم ئەبێ بە کاڵای ئەشک و
لەپێ دەستە تەزیوەکان ئەخوێنێتەوە،
رابردوو
ئەنرێتە تابووتەوە و
کفن بۆ داهاتوو ئەدروێت
تەنها
سەمای گڕی مۆمێکی هەڵقرچاوە
تارمایی جەستەیەکی نامۆ
ئەنێتە سەر دیواری
ئەو ژوورە چۆڵەی
بۆنی مەرگ
زەمەنێکە

بە لاجانگی تەنهاییدا هەڵپڕژاوە

ئەو ژوورە
خانمێکە
هەموو مێژووەکانی خوێندۆتەوە،
تەنها مێژوویەک
لەسەر رەفەکانی ئۆقرەیان نەگرت
ئەو ژوورە
سیمفۆنیایەکە
پەنجە نەما
سێبەر بە سەر دێڕەکانیدا
نەکێشێت،
چرا نەما
دووکەڵ بە سیمای
زەردهەڵگەڕاویدا نەپژێنێت!
ئەو ژوورە ساردە
پڕە لە یادوەری و
نامۆیی ناوەتە ژێر
باڵە ماندووەکانی هەموو بەیانییەک،
کە هالاوی
سەر پەنجەرەکانی حەزی
پێ دەسڕێت،
هەر کە شەو دێت
ئەیکاتە تابلۆیەکی بێ گیان و

لە ژوور تارماییەکانەوە
هەڵیدەواسێت

هۆڵەندا ٢٠٠٥/١١/٢٠

ئەو دەریا شینە ....

کەناری ئەمشەو
بە سۆزەوە
لەسەر شانی شەپۆلەکان پشوو ئەدات.
بڵاو ئەبێتەوە
هەر شەپۆلە و باوەش بە لما ئەکات،
پەردەکان بە پەنجە ئەگرێت و
یاری لەگەڵ پێماندا ئەکات،
بە ئەسپایی بەرەو دەریا ئەگەڕێتەوە
لە سۆزی ئەو سۆز ئەپچڕێن.
ئێمە هاوڕێی دەریاین
ئێوارانی مانگەشەوە نەرمەکانی
کاتێ سێبەرمان روو لە ونبوون ئەکات،
روخسارمان دیار نامێنێ
دەریا لە ناخمدا جێگیر بووە
شەپۆلەکانی چیرۆکێکی تازەن
لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە برۆین،
کۆچ بکەین و
لە سینەماندا یادەوەری ئەو ساتە هەڵگرین.
ئەو دەریا شینە
وەک ئەوینی ئێمە دڵی نەرمە

هەمیشە چاوەڕێمانە.
حەز لە بینینمان ئەکات
بە سەر شەپۆلەکانیدا بفڕین
بەرەو ئاسۆی بێ کۆتایی!

هۆلەندا ٢٠٠٥/٦/٢٥

چیرۆکی کات

چیرۆکی کات
تەواو نابێت
رۆژگاری پڕ لە بەختەوەری
ناگەڕێتەوە،
کات ئەڕوات و
چرکە چرکە
جێگا هەر خۆیەتی
ناگۆڕێت و جوولە ناکات
سالانێکە نە چرپەیەک
لەسەر لێوەکان چرۆ ئەکەن
نە خەندەیەک.
بێدەنگییەک
لە ناخمدا شین بووە
کات ئەڕوات و لەگەڵ خۆیدا
پەڕەکانی عومر پێوە ئەدات
روخسار جوانی
لاویمان ئەبات
کاتێ دلمان لاو بوو

پڕ لە نەشەی خۆشی
ڕەنگی گوڵاڵە و
بۆنی بەهار
ئەپرژانە سەر خەندەکانی
بەرائەت و
پێکی کامەڕانیمان ئەنۆشی؟
ئێستا
گۆنا لە شەونم زیزە و
هەڵوەرین
بۆتە ئافاتی چرۆکان،
بایەکی بۆن سارد
باوەش ئەکات
بەو یادەوەرییانەی
هەرگیز نەگەینە تاوێک
کە لە ناویاندا خەیاڵ
مەستمان کات!

کات ئەڕوات
وەک شەمەندەفەرێکی
سەر لێشێواو
مولگە مولگە
جێمان دیڵێت
چەند هانای بۆ ئەبەین
لەگەڵ خۆی هەڵمان ناگرێت

چرکە مردووەکان
فڕێ ئەداتە
ئەوبەری شەقام و
ئێمەش لەمبەر جێ دەهێڵێت.
چیرۆکی کات تەواو نابێت
ڕۆژگاری پڕ لە بەختەوەری
ناگەڕێتەوە
کەنارەکان چۆڵ و ساردن
ئینجانەکان بێ گوڵ و
پەپوولەن
ئەوەی لە دوای ڕۆینی کات
جێ دەمێنێت
ئەلبۆمی پڕ لە وێنەن و
یادەوەرییەکان!
کەسێ نییە
مەملەکەتی سەرهەڵگرتووی
کات ڕێ پێ ببات
تاسەر لەنوێ
چرکەچرکە
بیانهۆنێتەوە و
بیانکاتەوە گەردەنمان
بە خەڵات!

سلێمانی، سالی ٢٠٠٠

هەندرێن

لە هەولێر هاتۆتە دونیاوەو لە ١٩٨١دا بە هۆی ئاشكرا بوونی پێوەندی لە گەڵ كۆمەڵەی رەنجەدەرانی كوردستان، دایرەی ئەمنی بەعس راوەدووی دەنێن؛ ناچار هەڵدێ و روو لە شاخ دەكاو چەكی پێشمەرگایەتی دەكاتە شان. لە ١٩٩١ تووشی گەلێك ئازارو رەنج و زیندان دەبێ و بە هەر جۆرێ كە بێ دەتوانێ خۆی بگەێنێتە هەندەران و لە ولاتی سوید ببێتە پەنابەر.



ئێستا ماستەری لە مێژووی هزردا هەیەو سەرقاڵی خوێندنی تیۆری پەروەردەیە بۆ دەرس گوتنەوە لە زانكۆ.

تا ئێستا ئەم بەرهەمانەشی لە چاپ داوە:

- لە سێبەری كێوەكان ونت دەكەم، لە پێدەشتێك دەتبینمەوە-شیعر، ساڵی ١٩٨٦، لە بڵاوكراوەكانی پێشمەرگە.
- دوا نوێژەكانی چیا و سەفەری مەحاڵ
- شیعر، ساڵی ١٩٩٣، سوید.
- سكاندیناڤیا: دوورگەیەكی تر لە بخوور – شیعر، ساڵی ١٩٩٦ سوید.
- نامەكانی مەرگ و نامەكانی روانینوانێك – ئامادەكردن و وەرگێرانی كۆمەڵی نامەی شاعیری فەرەنسی: ئارتور رایمبۆ، ساڵی ١٩٩٧، سوید . چاپی دووەم ٢٠٠٧ هەولێر.
- سكاندیناڤیا دوررگەیەكی تر لە بخوور، كراوەتە سویدی و ساڵی ٢٠٠٤ چاپخانەی Tranan بڵاوی كردۆتەوە.

- مەهاباد لە ئۆلۆپیادەکانی خوادا، وەرگێرانی کۆمەلە شیعرو چاوپێکەوتنی سەلیم بەرەکاتە، سالی ٢٠٠٤ لە سلێمانی، چاپخانەی سەردەم بلاوی کردۆتەوە.
- فەلسەفەی کۆچەری، وەرگێرانی لە سویدی/دانمارکییەوە، سەنتەری ئەدەب و فیکری نما، هەولێر، سالی ٢٠٠٥ چاپی کردووە.
- ویرای چەندان کتێب و کۆوتاری ئەدەبی و فیکری تر، کە بۆ چاپکردن ئامادە کراون.

لە سوورگە بریندارەکانی تەنیاییدا

لە سوورگە بریندارەکانی تەنیاییدا خول دەخۆی و
گەردوون هێلنجە لە چاوان
ونبوونی خولگەکان، تەقینەوەی ماوەکان
زەناکان بەسەر پێستی دەنگە دوورەکانەوە دەنووشتێنەوە
لەشی سێبەرەکان دەجمێن و بینایییە ترازاوەکان دەتەنن
لەگەڵ سێبەردا بۆنی کەزیە وەنەوشەییەکانت،
لە رەنگی برژانگەکانی نامۆییمدا دەنیشێ و
پەرۆشی ئەم شەوەم دەخوێنێ
ساڵ رێدەکا
سێبەر تەمەن دەنووشێتەوە و
تۆش لەسەر پردی وشەکانەوە تێمدەڕوانی
وەک پیرێژنە کۆچکردووەکەی گەڕەک،
مەرگ ساڵی لە کۆڵ ناوە و
ئەستێرەیەک لە پەیژەی هەورەکانەوە دادەچۆڕێ
مەسیحیش لە میحرابی کاتدا بە دیار ماسی چاوەڕوانییەوە باوێشک دەدا
کات لە ئێستگەی شەودا میلەکانی هەراسانی دەوەرێ و
سەعاتیش لە خەودا دەمەیێ
ساڵ رێدەکا و ساڵێکی تر بەڕێوە دێ
فاڵ ئاسا بە هەموو رابردووی رێکردوو خدوو دەگرین
دیمەنەکان خۆیان لە رووخسارم دەسوون،
شپرزەیی نیگاکان پەردەی پەنجەرەکەم لادەدا،
ژنێک لەسەر تارمەکەدا، گەڵای فرمێسکەکانی کازاخ دەکا و
پێڵاوە کۆنەکانی ساڵیش لە کۆڵانەکەماندا کەوتووە

لە شلغەوە تا شۆڕ

سبەی لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنگا،
منداڵان دەیبەن بۆ گۆڕەپانێ،
منیش چیتر نایبینمەوە
دەستەکان گوڵ و میهر، بە دەستەکانی تر دەبەخشن
لە لاڕوومەتەکان ماچ دەڕوێن
پێکەنین میوانی لێوەکان دەبێ
کاتیش شەمەندەفەری رازی ساڵ لێدەخوڕێ و
گەڵای فرمێسکی سەر ئەو تارمەیەش
تا پشت ئەم پەردەیە دەرسکێ
گوڵەکان، لەسەر مێزەکان پیر دەبن
ماچەکان، تامی ئاسوودەییان دەوەرێ؛
پێکەنین لە گۆڕی لێوەکان خۆی دەنێژێ.
نیگاش پەردەکە جێدێڵێ و بەسەر سێبەرە بۆنگرەکەدا هەڵدەترووشکێ!
...
...
...
مۆم لە مۆمدانی روح دەسووتێ
نیگا لە باوەشی پەنجەرەدا تەون دەچنێ و
درەختی دووکەڵی جگەرەکان بە سیماتەوە دەئاڵێ.
کە گۆرانی یادە دوورەکانت دەبیستم،
لێرە گەرووی تەنیایی تەڕ دەبێ
ساڵەکان، کاتەکان رەنگی یەکتر دەگرن،
دەنگەکان لێکدەئاڵێن و
بۆشاییەکان دەلەرنەوە

لە شلفە وەئاشر

له مۆمدانی ژووردا رۆح دەسووتێ
با له دەرێ یادی ناو سێبەرە مردووەکان گەسک دەدا و
چرای سەر کۆسپەکان قەدی تەمەکە رەنگدەکا،
شەو بەسەر کات و دیمەنەکاندا دەنیشێ
یادەکان له خەونی «با»دا زیکری گومانیان گرتووەو
پێلاوەکانی سالیش له کۆلانەکەمان کەوتووە
تەمی قەلەمیش لەسەر دەفتەری تەنیاییدا
تا دێ چلوورە دەبەستێ!
له کۆشیعری «دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحال»ەوە
شەپۆلێکی له مێگەل راپسکاو
پێناسەی گەردوونی دەروونێکی هەدادانە
زایەلەی تەنیابیت.
پرسیارێکی بێهوودەیە:
ناسینی ئەو منە!

تەنیایی ....

ئاسمانێک لەناو چاومدا شۆڕ دەبێتەوە
بارانێک له زمانمدا گۆدەکا و
هێشتا گەوالەی رۆشناییت داناکا
وەک هەور بەناومدا هەلدەزنێ
رامانی ئەو زەوییە.

سەهەندەیی ....

مەرگ رۆلی بەهاکان دەلیزێ

لە ڕێک کەوتنێک لەگەڵ مەکری دووڕوویبیەک لە ئاوێنەدا بترازێ،
هیچی تری نییە داستانی ئەم ڕۆژگارە
جادووگەرییەک لە تۆدا
منێک لە جادووگەرییەکدا
منێک لە تۆدا:
کامەمان ڕاستینەین؟

***

خوێنێکی کوڵاو،
شێتییەکی پیرۆز،
وێکچواندنێکی هەرزان لە نێوان دوو سەهەندەدا،
لەهەڕاج کردنی بەهاکاندایە
خەمساردی ئەم بوونە.

پەژارەیی

ڕۆژانە قەقنەسێک دێتە ناو دڵمەوە
لە بوولێڵێکدا دۆستە کۆنەکان،ماڵی چیایەکان،
بێدەنگ یادەوەریم دەلەرێننەوە
درەنگە و منێکی میوانیش دەمێکە لێرەمە
ڕۆژەکان، ژمارەی سەعاتەکان، وەک زرینگانەوەیەک لە کانییەکان،
پێکڤە ئاوازێکن
لە ژەنینی پەژارەیی من



نەسرین شاکەلی

ئەم ئاگرە دەمێکە دایساوە،
نە دەکوژێتەوە، نە کەسێکیش ڕێی دەکەوێتە ئێرۆکانێ
لە پەنایدا خۆی گەرم بکاتەوە
هونەرمەندا!
وەک شەو وای،
لە تاریکیتدا بزر دەبم
هەر ئێژی تەمی، بۆم ناگیرێی و
دەستم بەر دەستت ناکەوێ
گەرەکمە نیگارت بکێشم،
وەک ئاو وای نازانم ڕەنگت چۆنە
چوارچێوە و
پالێتی ڕەنگەکانم تووڕ دەدەم
خۆمم لێ دەبێتە نیگارکێشێکی دەستەپاچە
ئاگر و ئاو
ئەم ئاگرە دەمێکە دایساوە،
نە دەکوژێتەوە، نە کەسێکیش ڕێی دەکەوێتە ئێرۆکانێ
لە پەنایدا خۆی گەرم بکاتەوە
ئەم جامە دەمێکە پڕبووەو لێی دەڕژێ
نە کەس قومێکی لێدەخواتەوە،
نە خێرەومەندێ ئاوی شێرەکە دەبەستێ
ئەم دڵەی من لە مێژە عەودالێ تۆیە، نە پێت دەڵێ
تا بزانی کە تۆی، نەیش ئەڤینت لە خۆیدا دەکوژێ و بەجێت دیلێ

ئارەزوویەکی تەماحکارانە

سەد ساڵ دوای ئەمساتە
تۆ لە تەک چوار منداڵ لە سەر چیمەنی ژێر دارتوویەک،
گوڵە نێرگز دەچنیتەوە
سەدساڵ دوای ئەمساتە،
سەد کۆتر لە سەر سەد گومەزی گمە دەکەن
سەد منداڵ لەباتی سەد بەردی نێو سەد بەردەقانی،
سەد پەپوولە بەرەو ئاسمان بەڕێ دەکەن
سەد ساڵ دوای ئەمساتە،
سەدێ لە سەدهەزار خەونەکانی منیش دێنە دی

لەباتی چەپکێ نێرگز

میوان
بەیانییان کە خۆر هەڵدێ، بە گمەی کۆترێک وەخەبەر دێم
ئێواران پەرییەک دەمخاتە سەر باڵەکانی، دەمباتە سەر ڕۆخی ڕووباری،
پرچم دەشوا
شەو تۆ دێیت و لێم دەبیتە پەپوولەیەکی خەواڵو،
دەخوازی ببمە گەڵایەکی شێدار و بتخەوێنم لە باوەشما
ناوێرم باوەشمت بۆ بکەمەوە،
دەترسم، ئیدی سبەینێ، کۆترێک هەڵمنەسێنێ
پەرییەک نەمبا بۆ گەشتی سەر ڕۆخی ڕووبارەکان
کەچی نە دەتوانم دەستبەرداری تۆ بم و
نە هی ئەوان

بۆیە گشت سبەینانێ پێش خۆرهەڵات، پەپوولەیەک لە پەنجەرەکەمەوە
بە ئەسپایی
هەڵدەفڕێ بەرەو شینایی ئاسمان.

ئیلهامبەخشێ ....

چ خۆشە چاوەڕوانی تۆ
چ خۆشە هەم بوونت، هەم نەبوونت
تۆ هەردەم گۆرانییە نەگوتراوەکەی منی
تۆ هەردەم تابلۆ نەکێشراوەکەی منی
تۆ هەردەم ڕازە ئاشکراکەی منی
تۆ نەبی،
خەون نابینم.
تۆ ببی
خەون بە کێوە ببینم؟

ئاوێنە ....

جار جار دێیت و وەک کۆترەکێویلەیەک بە سەر داری ڕۆحمدا هەڵدەنیشیی
بێ مۆڵەتخواستن دەکەویتە گمە،
لە جامی تەڕی چاوەکانما بەژنی شینکەڵانەی خۆت دەبینی
لە باتی بسلەمیتەوە
داری خەونەکانت چەکەرە دەکەن

پرسیار ....

گوێم لە ترپەی دڵتە

سرتەکانت دەناسمەوە
گەرەکتە ببیتە میوانم
مەخابن!
داری بەر پەنجەرەکەم هێشتا بێگەڵایە
ناکرێ من ببمە میوانی تۆ؟

رێگای هات و نەهات ....

بیرتە وتم ئەم دارستانە زۆر چڕە
سەری لێ دەرناکەین
ئەم ڕێگایە زۆر درێژە ، هەموویمان پێ تەی ناکرێ.
دڵم وتی
لە سەر پانتاییەکی سەوز سەردەردەکەین
وتم
لە نێو گلێنەی چاومانا ئەوە ڕەنگی گەڵای
هەمان دارستانە!
دڵم وتی
بە گمەی جووتێ کۆتر بەخەبەر دێین
وتم
نا ئەوە دەنگی نمەی بارانە

پلەکانە ....

من دەڵێم با دەوارێ هەڵدەین
ئێرە بکەینە نیشتمان.
دڵم دەڵێ

با لێرەوە پلەکانەیە سازبکەین
بەرەو قوولایی ئاسمان
شنەی با، رامانژێنێ
وەرە با لای ئەستێرەکان
چێبکەین سەرزەوینێ
پەلکەزێرینە لێکەینەوە
بیکەینە پۆپەشمینێ
بۆبالشتی ژێر سەرمان
سازکەین، لەمانگ
سەرینێ
لایەلایە
لاولاوێک دەکەمە پەیژە
بە رێوەم بەرەو سەریانێکی لە رەیحانە چێکراو
ئاو عەتری خۆی بە سەردا دەپرژێنێ
چاوم تینووی دیتنی ئاسمانێکی ئەفسانەییە
لەوێ پەپوولە مامۆستایە
کۆتر دادوەرە
منداڵ هاولاتییە

***

بەرێوەم، زۆر لەمێژە
جوتێ کەوشم لە پێدایە لە پەرەی گوڵ
قەیتانەکانی لاسکی دوو تۆلەکەی سەوزن
کراسێکم لە بەردایە لە خەرمانەی مانگ
دلساردم مەکە

تۆ لەوێ بە
سەرم لە سەرڕانت دانێ و
گۆرانییەکم بۆ بێژە
کۆلانێکی نازهەلگر
بەرەبەیانێ بمبە پیاسەی کۆلانێکی تازە ئاوپرژێنکراو
لەوێندەرێ
تۆپ و بووکەڵەی منداڵانی دوێنێ
لە بن سێبەری دارچنارەکانیدا مابێتنەوە
هێشتا بەنازەوە خەویان لێکەوتبێ...

هیوار قادر

که مەرگ دێت ژیان لەوێ نییە

ژیان کۆلانێکە پڕە لەهاتووهاواری
ژنانی بنێشت لەدەم،
قوقەی کەڵەشێر،
بانگی دەستگێڕو
تکە تکی ژێر مەرکانە.
ژیان کۆلانێکە،
فەنتازیا، بە پێی پەتی خەریکی ماڵەبەجێنەیە لەگەڵ منداڵاندا
ژیان دەستخستنە سەرچاوە لەبەردەم تینی خۆرا،
بۆ بینینی لەنجەی جلی سەر تەناف
لەسەر رووی پەنجەرەی ماڵە دراوسێ.
ژیان، تەقولبایە لەدڵی بەختەوەری
قاقای پێکەنینە بەدەنگی بەرز.

ئاھـ! مەرگیش،
تەنها شەقاوەی کۆلانە
تەنها مەرگ شەڕ بە هەمووان دەفرۆشێت،
لافیتەی ڕەش لەسەر سیلەی کۆلان هەڵدەواسێ،
بنێشتی دەمی ژنەکان دەخاتەوە ناو گرێی فەقیانەکان،
کەڵەشێر سەردەبڕێ،
شەرم دەخاتە ناو بانگی دەستگێڕ
مەرکانە پڕ دەکات لەدەستی چلکن بۆ خواردنەوەی ئاو لەدوای فاتیحا،
فەنتازیا لە منداڵ دەستێنێتەوەو بێدەنگی دەکات،
مەرگ جلەکانی سەر تەناف بەتەڕی دادەگرێت.

دەستەخاتە سەرچاو بۆ نەبینینی فرمێسک لەپەنجەرەی دراوسێوە.
مەرگ خێرا، بەپرتاو، ناوادە،
وەک فڕینی پۆلێک چۆلەکە لەسنگی دارتوویەکی کۆلانداو
نیشتنەوەی واشەیەک. ئاوا دێت.

ژیان پرسیارێکە بەبەردەوامی ڕەنگەکانی دەگۆڕێت
بەلام مەرگ تەنها یەک ڕەنگ
یەک هەناسەی سارد و تەواو.
ئاهـ هـ هـ!
ژیان چەند پرسیارێکی بەردەوامە
مەرگ چ بێدەنگییەکی ئەبەدی.

نەورۆزی ٢٠٠٧

ژیان لە کۆلانەکەی ئێمەیە

مەرگیش لەچەند کۆلانێک لەولاتر

ئەی مانگ!
من کوڕی تۆم،
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە
خالخالۆکەکان لە برینەکانمەوە ئەفڕن،
لەگەل بالکردنەوەی پەڕەسێلکەکانی ژێر سنگمدا
پالتاوە ڕەشەکەم و ملپێچە سوورەکەم با ئەیانبات،
ڕوتوقووت وەک سەر ڕووی پەنجەرەیەک

هەڵم لەجەستەم هەڵئەستێ و ئەڵێم:
ئەی مانگ،
من کوڕی تۆم،
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

بین بە جامۆلکەیەک ئاوەوە ئەنێم و
سنگم پڕ ئەبێت لە شینایی ئاسمان،
وەک ئاوێنەیەکی لەدەستکەوتووی کچێکی عاشق
کە خەیاڵی ماچێک لەگەڵ خۆی ئەبیات و نایهێنێتەوە
من ئاوا شل شل ئەکەومە سەر هەرێزێکی تەڕ.
لێدانی بە پەلەی دڵی پۆلێک چۆلەکە دێتە ناو سنگمەوە،
دەمم پڕئەبێت لە جیکە جیک،
ئیدی تێدەگەم ماڵی خودا لەناو وشەدایەو
ماڵی تەنهایی من لەسەر زەوی.

تۆ لەناو خۆمدا دائەنیشێنم
بۆ ئەوەی بەلاتا تێپەڕیم بانگم کەیت،
نەبادا تەنهایی
بمکات بە بەچکە پشیلەی بەر پەنجەرەیەک،
تا ئەبەد بەڕووی وجوودا بمیاوێنم و کەس گوێی لێ نەبێت.
تۆ لەناو خۆمدا دائەنیشێنم
تا بەتاریکی نەچمە سەر گۆمێک
کەمەرگ تیایدا نووستووە.

تا بەتەنیا ئێواران لەدەریادا مەلەنەکەم
کاتێک کە مانگ بەئاسمانەوە سەیری تەنهایی من ئەکات
و
من هەر بانگی ئەکەم و ئەو گوێی لێ نییە.
ئەی مانگ!
مەنفا ڕاکردنە بەپێی خۆت بۆسەر خاچ
بۆ ئەوەی لەسەر هیچ زەوییەک نەمرێت
کە نیشتمان جارێکی تر هی تۆ نییە.
من لە نێوان نیشتمان و مەنفادا
مالی وشە هەڵئەبژێرم بۆ مردن،
بۆ ئەوەی هەمیشە قەبرێکم هەبێت لە کتێبێکدا لێی نووسرابێت:
ئەی مانگ
من کوڕی تۆم
من کوڕی بەتەنها جێماوی تۆم
لەسەر زەوی.

کەریم حیکمەتی

سووتان ....

له بەفرییەتی خۆرا

گومانێک نییە

هەروەک زەریا

لەبادا پیاسە دەکات

یا گەزیزە

بێزار لە هەنگاوی هاوین

گوڵەکان دەگرین

ئەو دەمەی

مەڵەغانێ دەڵەوەڕێ

هەستەکان دەدڕێن

ئەو کاتەی

تۆپەکان دەقریشکێنن

وەچاو جۆبار

ئەو چرکەی،

دەنگی هیوا دەسووتێنن

ئاوێنە ....

قەنارییەک

خۆی بە میلەی قەفەس‌دا دا

...

ئاوێنەکان،

شێتی دیمانەی

گوێرێژن

خاک

گەر لە شاری غوربەت مردم
لە بۆنی خاکی زێدەکەم
مشتێکم لەگەڵ بنێژن
با جارجارە
تاسەی دووریم
بشواتەوە

پردی تاسەیەک دەفرم

دا
دەڕژێت
بەسەر دڵما.
مەنگەشەوێک
شنەی نەرمی،
غەریبانەی ڕێبوارانێک
هەر دێت و سەوزتر دەچێ
لە حەوشەیەک بزەدا
قەتیسە خولیام
لە باخچەیەک تیشکا،
هێلانەیە چاوم
گۆنەی سەوزی پەپوولەیەک،
دەهۆنمەوە
ئەگەر،

مەعریفەتی باڵەکانی هەڵمچنێ
پردی تاسەیەک دەفڕم
ئەگەر،
باڵەکانم شین بینەوە.

سەفەر

لەگەڵ هۆزێکی نامۆدا
دەڕۆم
چاوەکانم
دڵداری پۆلێ گەوهەرن
ئای کە چاوم
دڵ
ڕەویەکە لە ژان و
سەرلەچڕژان
توامەوە
بەر لە بوونم
بە تاوی کۆچ و
نێزەی با
بەرەو هەرێمێکی
دەڕۆم
بەرەو شوێنێ
مرۆکانی
شیعر بە شمشاڵ بنووسن
ژیان لە چاو

حەیران بە با
نە ڕەنگی خەم بناسن و
نە «نیل»ی کۆچ

هەی لە کۆچی چەپکێ پەمە ....
واوە مەیگێڕ
ڕاوڕاوێنی
هەسێرەترین تاسەمە
چەپکێ هیوا
دەبزوێت و
شینی سووری
جووتێ کۆتر
هەڵدەوەرن
ئەسرین
خولیا
چەم سوور دەفڕێ
ئاسمان هەورێکی غەوارە
دادەڕێژێ
خەمم لە ئامێز دەگرم و
چۆکم هەنسک
چیای گوڵ ڕەش
بزەی وەریو
شێعری زەرد
شاری نامۆ

هەلمدەچنێ
سۆزی شمشالێکی ونبوو
بە بارتەقای
حەڵەبجەدا
شۆڕ دەبمەوە
نەورۆزی رەش
چیای گوڵ . . .
توانەوە دەهۆنمەوە
کۆچستانی ئەندێشەمە
شاری مەلوول
گوندی ژاکاو
رووباری رۆ
باخستانی بەهێیمە
ئایەتی بێرەنگی گۆنەم
لە ناخمدا . . .

نامۆ

نامۆم
نامۆ
نامۆتر لەو چیرۆکانەی
هەتاو
بۆ شاری خوێندەوە
لەو بزانەی
بەم رۆژگارە

رەنگالەیەکی غەوارەن
ئاواتم
پۆلە هەورێکە
هەر نەبێ
دلۆپە ئاوێک بنووسێ

راڤە

من لە کەژاوەی
شۆخێکا
شاخم ناسی
لە بەلەمی ئەوینێکا
بوومە شێعر
لە چارداخی هەنسکێکا
خەمم نووسی و
لە ئامێزی دوورییەکدا
تامی مەرگ
ژیان
لە خونچەوە دەپشکوێ و
لە خەزاندا
دەکوژێتەوە

خەمی نان

شەو بوو
خەڵک،

لە ژێر شۆقی چرای نیئۆن
یا لانی کەم
لێفەشڕێکا
نوستبوون
تووتکێکیش
لە ژێر حەریری کرێوە و
لە سەر دۆشەکی سەهۆلین
بیری لە نان
دەکردەوە
لە ڕەنگی مان

ڕەنگ ....

هەموو جیهانم پشکنی
زۆر خۆرم دی
تامی سێبەر
بەبر
مەزەی بێچووە پشیلە
شێر
بۆنی مشک
دەمامک
ڕەنگی مرۆڤ و
شێعری بێڕەنگ

ڕاسان ....

تا کەی بۆ ماچێکی سێوی خۆرین
بتلێمەوە و
گوڵاڵە سوورە بڕسکێم
من
کۆترێک دەبێژم
سپیتر
شنەیەک دەمکێشێتەوە
ڕۆژینتر
خرۆشاوم
تا سەوزتر
دابباریێم
«کە وایە هەم»

بەختیار عەلی

لە سلێمانی لە دایک بووەو هەر لەوێ خوێندوویەتی. لە زانکۆی هەولێر بەشی جیۆلۆجی خوێندکار بووە. لە ١٩٨٣دا لە خۆپیشاندانی زانکۆدا بریندار دەبێ و ناچار هەڵدێ و واز لە خوێندن دێنێ. هەر لەو ساڵەدا تەواوی کاتی خۆی بۆ کاری ئەدەبی تەرخان دەکاو «قەسیدەی نیشتمان» دەنووسێت.

لە ١٩٨٨دا رۆمانی ئێوارەی پەپوولە دەنووسێت. لە ١٩٩٤دا لە سۆنگەی شەڕی براکوژییەوە کوردستان بەجێ دێڵێ و دەگاتە ئەڵمانیا. لەوێ دەگەڵ تاقمێک لە هاوڕێیانی گۆڤاری «رەهەند» دەردەکەن.



بەرهەمەکانی ئەمانەن:

-کۆی بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-١٩٩٨.

- دواهەمین هەناری دونیا -رۆمان.
- بوهیمی و ئەستێرەکان-شیعر.
- ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا-شیعر.
- ولام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا- سێزدە چاوپێکەوتن لە گەڵ بەختیار عەلی.

- ئیمان و جەنگاوەری- فیکری سەلەفی و دەرکەوتە نوێکانی لە رۆشنبیری کوردیدا.
- خوێنەری کوشندە- کۆمەڵە وتار.
- شاری مۆسیقارە سپییەکان- رۆمان.
- تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە- کۆی بەرهەمە شیعریەکان.

بێجگە لە مانەش دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لە کۆفارو رۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

لە شلغە وە تا شار

پیاوکوژەکان بۆ تەنهان؟

چونکە کوشتن سێوێکە لەگەڵ کەسدا بەش ناکرێت
چونکە پیاوکوژان بەبێ تەنهایی، بێزاری ئەستێرەیان لێ دیار نییە
هەموو هاورێیەک خوێنی نێچیرەکان حەرامتر دەکات
هەموو دۆستێک نەورەسێک زیاتر دەتۆرێنێت
هەموو دەستگیرانێک پشکۆیەک زیاتر دەکوژێنێتەوە
پیاوکوژەکان تەنهان
چونکە تەنیا پیاوانی تەنها دەرەقەتی گوڵەباغ دێن
بە شیری ناو ئەم پیاڵەی خودایە دەوێرن
بە بۆنی ئەم فرۆیەی خەیاڵ نامرن
تەنیا پیاوانی تەنها خۆرهەڵاتی گوڵاڵە دەبینن
تەنیا مەلەوانی تەنها چاویان لە باکووری ئاوە
تەنیا خوێنەوانی تەنها باشووری رۆحیان لێ دیارە
هەر ئەوان
گوڵاوی شەوی ئاشت بوونەوەی کوکوختی و مانگ بۆن دەکەن عەتری خاڵی
بوونەوەی خەنجەر لە گومان
عەتری پربوونی چەقۆ لە ئەفسووس
بۆنی زیادبوونی دڵنیایی نیچیرەکان
دەڵێن:
کوشتن، بەربوونەوەی شووشەیەکە لە دەستی ساقییەک
بەربوونەوەی بەهارە لە دەستی درەختەکان

پاڕانەوەی دووهەم

ئەی خودایە!

بە کۆتر بڵێ بمبووریێت
با گەردنم ئازاکات ئەو
عەفووم کەن هەور و ئەستێرە
عەفووم کەن خۆر و مانگەشەو
ئەی خودایە!
با دەرچم لە جوانی و لە دەریا
با دەرچم لە پەپوولە و خەیاڵ
با دەرچم لە غەمی حەقیقەت
با بگەم بە شکۆفەی مەحاڵ
ئەی خودایە!
بمبورن ئەوەی لێیان بووم
بمبورن ئەوەی لە من بوون
بمبورن ئەوەی لێیان چووم
بمبورن ئەوەی لە من چوون

جەلاد

جەلادەکان بەشێکن لە من و تۆ
بەشێکن لە موعجیزەکانی خودا، دەچنە بەهەشت
ئەوان پەشیمانی شەوێکن لە دەرگا رۆشنەکانی خۆی
پەشیمانی گوڵێکن لە رەونەقی بەیانیانی خۆی
دەچنە بەهەشت
کەسیش نییە پێیان بڵێت
بەهار بەهاری تۆ نییە
باران بارانی تۆ نییە

گەمەی تۆ لە دەرەوەی ماڵی ئینسانە
شەوی خۆت تێکەڵ بە ئێوارەکانی ئێمە مەکە
بەیانی خۆت مەبەستە بە باڵی پەپوولەکانی ئێمەوە
دەچنە بەهەشت
ئەگەرچی مەرگی من ترازانی دەستی ئەوە لە شمشێرەکان
بەڵام ئێمە لێرەدا لە چاوەڕوانی قافڵەکاندا دەوەستین و
ئەو دەچێتە بەهەشت

ئەی ئەوەی من گوناهبار دەکەیت!

ئەی گەمژە گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت یاقووت ڕاو بکەیت
گوناهی من نییە تۆ لە جنسی خشۆکەکانیت و من بە ڕەگەزی تۆڤان
من لە جنسی خوداکانم و تۆ لە جنسی مێرووڵە خووساوەکانی ژێر باران
من سەر بە خێڵی ئەستێرەناسەکانم، تۆ کرمفرۆشێکی بیمار
تۆ پاسەوانی کەلاوەیت، من ئەندازیاری یۆتۆپیام
تۆ لقی درەختێکی کرمێیت، من نوور و گڕ و ڕەشەبام
گوناهی من نییە تۆ ناتوانیت گوڵ بگریت
گوناهی من نییە، سەری تۆ لە دڕک زیاتر هیچ ناگرێت
ئەوەی من دەینێرم بۆ ئەبەدییەت بە تۆ ناگەڕێتەوە
ئەو خاک و زەریایانەی من دروستیان دەکەم، بە گەزی پەڕپوتی تۆ ناپێورێن
تۆ ئەی کڕیاری کۆنی زبڵخانەی ژیان!
دانی تۆ لەوە پیرترە، گوێزی پڕ حیکمەتی من بشکێنێت
لووتی تۆ لەوە زەلیلترە، بۆنی باغی من بکات

بەشکردن

کە جیهانمان بەشکرد
سبەینێی پۆلا بۆ تۆ
دڵی ناسکی بەیانیانیش بۆ من
گیای قەتارچییە خەیاڵییەکانی ئەمشەو بۆ تۆ
حەشیشی شێداری ئێواران بۆ من
عەتری سەماکان بۆ تۆ
خوێنی درەختەکان بۆ تۆ
کەروێشکی سەراسیمەی ناو دەغڵەکان بۆ تۆ
چۆلەکەی بچوکی ژێر تەپکەکان بۆ من
نا هاورێیم، نا
نیشتمان بۆ تۆ، شەرەف بۆ تۆ، شەراب بۆ تۆ، یار بۆ تۆ
بۆ منیش خۆم.
گیا بۆ تۆ، دەغڵ بۆ تۆ، ترێ بۆ تۆ، چرا بۆ تۆ
بۆ منیش، خۆم.
تفەنگ بۆ تۆ، جەنگ بۆ تۆ، خۆر بۆ تۆ، خودا بۆ تۆ
بۆ منیش، خۆم.

مەهاباد قەرەداغی

راوێژکاری سەرۆک وەزیران کوردستان لە کارو باری ژنان و نووسەرو شاعیرو رەخنەگری کۆمەڵایەتییە. یەکێک لەو چالاکانەی مافی ژنانە کە لە تەمەنیدا لە هیچ تەقالایەک بۆ داکۆکی لە مافی ژنان کوڵی نەداوە.

لە پانزدە سالاندا خەباتی سیاسی خۆی دەست پێکردووەو هەر لەو تەمەنەشدا بۆ ماوەی یەک ساڵ لە زیندانی بەعسدا بووە. بە هۆی ئەو بەرژەوەندیەی کە بوویەو ئەو ڕێبازەی کە گرتوویە بەر، ناچار وڵاتیان پێ تەنگ کردوەو بەرەو هەندەران ئاوارەیان کردوە.

بێگومان مەهاباد کاریگەریەکی ئەوتۆی بە سەر بزاڤی ژنانی کورددا هەم دژبە بەعس و هەم سیستەمی پیاوسالاردا هەبووە.

هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- نەخشەی دوارۆژی کرێکار، شیعر، کوردستان، ١٩٩٢.
- پانۆراما، شیعر، سوید، ١٩٩٣.
- شاخ کێلگەی گەنمە شامییە، شیعر، سوید، ١٩٩٤.
- میدالیا، شیعر، سوید، ١٩٩٥.
- Sno Fagler (بە زمانی سوێدی)، شیعر، سوید، ١٩٩٧.
- هاژەی رۆح، شیعر، کوردستان، ١٩٩٩.
- کۆچ، چیرۆک، سوید، ١٩٩٤.

-لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا، لێکۆڵینەوە،سوێد، ١٩٩٥.
-دانپیانانێکی پیاوانە، وەرگێڕان (چیرۆک)، نووسینی: د.نەوال سەعداوی، سوێد ١٩٩٤.
-نانی ژەهراوی، شانۆگەری بوبەرری، نووسیی ڤیسیلین هانچێف، سوێد ١٩٩٤.
-شیعر هەناسەی گەردوونە، هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان، سوێد، ١٩٩٤.
-فەنتازیا، کورتە چیرۆک.
-ژن لە پەراوێزی مێژوودا، لێکۆڵینەوە.

وەکوو هەناسەم و زریان
وەک خوڕەی چاوم و تاڤگە
شەوان
سێبەری دڵێکی سۆزناک
دەکەم بە سەرینی دڵم
سێبەری چاوێکی خۆر ڕەنگی دەکەم بە چاویلکە و
رابردووی پێ دەخوێنمەوە
هەبوو... نەبوو
کەس لە تۆ عاشق‌تر و
کەس لە من شێت‌تر نەبوو

شام- ١٩٩٢/١٠/٨

خۆشم دەوێی کە واتە من هەم
ئەم جەستە رووبارەم لەم چەقە ڕێیەدا نوێژ دەکات
ماسی لە ئاو دەپاڕێتەوە
ماسی خزمی رۆحمە
ئەم بۆشاییانە پڕن لە بوونت
تامەزرۆی بینینی شتە پڕ مانا و نەبینراوەکان دەکەم
رۆح
وزە
تۆ
لە ناو ڕووناکیدا بۆ نهێنی نیوەشەو دەگەڕێم
لە ناو بازنەکاندا بۆ پەیام
لە ناو خۆمدا بۆ
تۆ

رۆح

وزە

تاڵە پرچێک پردێک دەنووسێتەوە

پۆلێک دەریا لە ئاسۆدا وێنەی کۆتر هەڵدەفڕن

کازیوە کۆرپەی کام تیشکی لە خۆر تۆراوە؟

بە چاوی قەڵەم سەیری هۆش دەکەم

لە سەرتا بە دوای شتە بێڕەنگ و نەبینراوەکان دەگەڕێم

خۆم

وزە

رۆح

١٩٩٤/٤/١٠

ژیانەوە

لە چاوەکانت داستانێ دەخوێنمەوە

سوورە وەک ڕەنگی گوڵاڵەو

گەورەیە وەک فراوانی ئاسۆی هیوا

لە قەڵاچەی گلێنەتا ژانێ سپی دەهۆنمەوە

چەسپاوە وەک واژۆی بڕوا

کە دەروازەی ناسۆرەکانت واڵا کرد

روانیم ژانە ئاڵەکانت ئاوێتەن و

خۆمیان تیا دەدۆزمەوە

دوێنێ پێم دەگوتی هاوڕێ

ئەمڕۆ لە زیندانی ژانە سەختەکانی خۆم و تۆوە تێت دەڕوانم

دەڵێم هاوبیرو هاوژانم

دەمێ بوو خامەی ژان گرتووم وشەی قەتیسماوی دەجوو

دەمێک بوو هەوری سەرشێتی هونراوەم
وەک پەیکەرێکی مانگرتوو
چاوی بڕیبووە بەستەڵەکی سەختی زستانی ئەوینی ماندووم
ئێستا لە جیهانی دڵما ڤیستیڤاڵی هۆنراوەی ئاگرین و
شیعری ئەوین
سەرچۆپییان دابەستووە
من چیم جگە لە شاعیریێ؟ پێناسەکەم لە گیرفانی ئاوارەکانی سەرکەژەو
ناو نیشانم
شاعیرێکی شێتەو دڵدارە شەیداکەی لێ ون بووە
عاشقی رووناکی خۆرەو لە زیندانی تاریکیدا رەشماڵیان بۆ هەڵبەستووە.

ژیلا حوسێنی

سالی ۱۳٤۳ لە سەقز لە بنەماڵەیەکی ئایینی و هونەردۆستدا چاوی بە سەر دونیا دەکاتەوە. هەر لە منداڵییەوە ژیانی بە هۆی کاری بابیەوە بە گەڕان بە شارو گوندەکانی کوردستاندا دەست پێدەکا. حەزێکی نەناسراو لە دەروونیدا هانی دەدا بۆ لای شیعرو ئەدەب. لە ۱۹ ساڵاندا پاش ئەوەی کە کوسپێک لە ژیانی هاوبەشیدا پێک دێت، زۆرتر هۆگری شیعرو ئەدەب دەبێ و ئەزموونی شیعری خۆی دەست پێدەکات.

پاش ئەوەی لە خوێندن دەبێتەوە لە بەشی کوردی رادیۆ سنە وەردەگیرێ. کار لە رادیۆ سنە هەلێکی باشی بۆ ژیلا رەخساند تا دەگەڵ زۆر لە مامۆستایانی زمانی کوردی وەکوو حەقیقی، هەردی، ئاوات و ... ئاشنا بێ و ئەم ئاشنایەتییە کارێکی زۆری کردە سەر شیعرەکانی؛ هەر چەن دەستی ئەجەل ماوەی پێ نەدا بگات بە دوندی ئاواتەکاتی، بەڵام لەو ماوە کورتەشدا توانی چێژی زۆر وەربگرێ و بگات بە ئاستێکی شیاو.

بە داخەوە سالی ۱۳۷٥ ک.هـ لە کاتێکدا کە تەنیا ۳۲ بەهار لە ژیانی تێپەڕیبوو، دەستی ئەجەل گوڵی ژینی چنی و بۆ دیاری خامۆشانی بەڕێ کرد.

بەرهەمەکانی ژیلا ئەمانەن:

- گەشەی ئەوین، شیعر، چاپی سنە، ۱۳۷٤.
- قەلای زار، شیعر، چاپی تاران، ۱۳۷۷.

ئەمانەش چەن بەرهەمی ناتەواوین:

١) کومەڵێک شێعر بو منداڵان .

٢) وەرگێڕانی چەند شێعرێکی فروغ فەروخزاد بە کوردی.

٣) وەرگێڕانی کومەڵە شێعری بیژەنی جەلی بە کوردی بە ناوی «روزنەها».

٤) چیرۆکێکی فارسی بەناوی «بر باد رفته».

٥) وەرگێڕانی چیروکی «طلب مغفرت» لە سادیق هدایەت بە ناوی «داوای لێبوردن».

٦) «دەروناسی منداڵ» وەرگێڕاو لە فارسیەوە بو کوردی.

لە شلفەوە تا شار

قەلای راز

بەسیە ئیتر بزە و کەنین تیلەی نیگا
سەد ئەوەندە نازداربیت و
ریک و پێکی بەژن و بالا
دلم بیا
هەرچەندە بێیت
هەر چەن برۆیت
چەن سەیرم کەی
بە وشەی جوان دلم بیەی
تەنیا درزێک چکۆلانەش
ناکەیتە نێو قەلای رازی
بە کلیلی کەسێکیکە داخراوم
قەد ئەم رازە نادرکێنم
پێت نالێم چەند خۆشتم ئەوێ
ناتوانم... نا
هەرچەن دلم
هێندەی نەماوە شەق بیا
ئەی شۆرەسوار
بەیانی دێیت
بە باوەشی خۆشەویستی
دارستانێکی نیگاوە
دێیتەوە بۆ دۆزینەوەی
ئەو مەلە پڕ لە ئەوینەی
لە ژوورەکەما جێ ماوە

کاریشت بەو دڵە شێتەی
لەگەڵ سیگار و شەمچەکەت
لە گیرفانی کۆتەکەتت خست
نەداوە

٧٤/١/٢٤

گەشەی ئەوین

لە خۆرەتاوی گەش وایە
دڵی ئاسمان بە تەمایە
لەبەر ئەوە بەر بەیانان
کە پێڵووی چاوی هەڵدێنێ
بەرەو ئامێزی شەو گرتووی ئاسمان ئەفڕێ
گەورە ئەبێ و
باڵا ئەکات
بەربەرۆژەی عاشق بە تاو
چاوی بڕیوەتە هەتاو
بە چوار دەوریا سەما ئەکات.
کێو سەربەری هەڵۆکانە
بۆیە لەبەر باو بۆراندا چۆک دانادات.
ئەی خۆرەتاو، زەریا، کەژان
لەو کاتەوە دڵم ئەوینی ناسیون
چاوی هیوای تێبڕیون
بۆ لاتان دێ و هاوار ئەکات
چۆک بۆ خەفەت دانادات و
هەڵۆکانی لە خۆی ناکات.

سەمای مەرگ

باوەشم کرد بە باڵای خەمەکانداو
توندتوند بە خۆمەوە نووساندن
یەکە یەکەی ئەو خەمانە باسی تۆیان بۆ ئەکردم.
ئەوەی کە باسی کوێر بوونی چاوی کردی
ئەوەی کە باسی تینوویەتی ئاوی کردی
ئەوە وتی:
سووتای، سووتای، رەش هەڵگەڕاو
لە مێژوودا وەک تانە، وای
بە نێو چاوی جەلادەوە
بۆ ئەو کەسە خاوەن بیرە
ئالای... ئالای
دوایین کاتی هەڵقرچان و هەڵلەرزین و سووتان گەیشت
باوەشم توندتر کردەوە خۆشم سووتاند.
خەمەکانم بەسەر کلۆ خەڵووزی لەشما
سەمای مەرگ و کۆڕی شیوەنیان ئەگێڕا
بڵێسەیان ئەخستە نێو دارستان و
لەو دەمەدا -ئەرێ ئەرێ- لەو دەمەشدا
خێرا خێرا مژدەی بەیانیان ئەهێنا
بۆ حەڵەبجە

ئامۆژگاری

لەو کاتەدا شۆخە کچێکی نازدارت
کرد بە بووکی ناو ژوورەکەت

دەخیلت بم، ئاگات لێ بێ
بۆنی پەنجەکانم نەکات، لە گوڵدان و لەسەر تاق و
پەنجەرەکەت.
کە پێی وتی:
«بۆنی گوڵێکی هەڵوەریو دێتە لووتم»
بڵێ: «گیانە! دڵنیابە جگە لە تۆ،
گوڵێک نیە لەم جیهانە».
نەکەی ناوی من بهێنی
بەختەوەری لە ژوورەکەت بتۆرێنی
ئەگەر هاتوو ژنێکت دی
بەژنی بەخەم داپۆشیوە
چاوانی کز و خەمبار
لێوەکانی وشک هەڵگەڕاو
بەشێوەیا یادت کردن
دانەچڵەکی
نەڵێی وێنەی ئەم هەژارە
لە ئەلبۆمی رابردووما یادگارە.

سێ تار

دڵی تەنگم سێ تارێکە
کاتێ پەنجەی خۆشەویستیت
تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ
لەو ساتەدا، یادی دووریت
دڵی ماندووی ئەلەرزێنێ

کێ ئەزانێ؟

کە خەو بە تووە ئەبینم

-١-

خەو ئەبینم
دەستم ئەگری و لە تۆفانی سەرسامیدا
بەرەو کەنار ئەمرفێنی
بۆ بەیانی
خۆت تۆفانی

-٢-

لە خەوما تۆ
کوردە بالا بەرزەکەیت و
دەس هەلئەبری
لە باخەکەی دراوسێشتان
سێویک ئەدزی و ئەیدەی بە من
دائەچلەکێم
باخەوانێکی تووڕەیت و
سێوەکەت لێ دائەشارم

-٣-

هەرچی شەوە تۆ پالەوانی خەوەکان
تۆ ئەستێرە و شاخ و ئاسمان
جوانی و بزە و میهرەبانی
بۆ بەیانی...؟

دەمێک بوو هەوری سەرشێتی هونراوەم
وەک پەیکەرێکی مانگرتوو
چاوی بڕیبووە بەستەڵەکی سەختی زستانی ... ی ماند ور
ئێستا لە جیهانی دڵما فیستیڤاڵی هۆنراوەی ئاگرین و
شیعری ئەوین
سەرچۆپییان دابەستووە
من چیم جگە لە شاعیرێ؟ پێناسەکەم لە گیرفانی ئاوارە ... ِکەژەو
ناو نیشانم
شاعیرێکی شێتەو دڵدارە شەیداکەی لێ ون بوو
عاشقی ڕووناکی خۆرەو لە زیندانی تاریکیدا ڕە ... هەڵبەستووە.

د. ناسیح قەرەداخی

جادووی حەنین

گەرچی رۆژم لە بان سەکۆی مالەکانی نیشتمانم
تەمەنێکە لە چاوەچاو
زیندانێکە لە خەونی سەوز
ژوانێکە لەگەڵ حەزو تاسەی ڕاماو

گەرچی شەوم لە کۆلانی شارەکانی نیشتمانم
ئاسمانێکە رەش داگەڕاو
شەرمن بە ماچی ئەستێرە
نامۆ بە خەرمانەی مانگ و تیشکی هەتاو

گەرچی زەمان لەسەر کولمی کێوەکای نیشتمانم
فرمێسکێکی قەتیس ماوە
نیگایەکە ئەسیری چاو
رووبارێکی راوەستاوە

گەرچی مێژوو لە بن دارو بەردەکانی نیشتمانم
جۆگەی ئارەقە و خوێن و نان
رێچکەیەکە تونا و تون وێڵ
یاداشتێکە پڕ لە گومان

گەرچی، گەرچی، گەرچی بەلام
تروسکەیەک لە نیگاما
چەخماخەیەک لە ناو دلی بەهیواما

بۆنیک لە ئەشق لە ناو باخچەی تەمەنناما
بانگم ئەکەن بۆ باوەشی ئەم دۆزەخەی بەهەشتی من
لوولم ئەدەن بۆ گێژەنی خەیاڵی ون
بە گوڵاوی ئەشقی شیرین
مەستم ئەکەن
بە زنجیری جادووی حەنین
دیلم ئەکەن
وێڵم ئەکەن
بە سەرابی خەونی رەنگین،
ئەم جادووەی ئەشق و حەنین
جادووی حەنین
گەرچی رۆژم لە بان سەکۆی ماڵەکانی نیشتمانم
تەمەنێکە لە چاوەچاو
زیندانێکە لە خەونی سەوز

چۆمان هەردی

چۆمان هەردی لە باشووری کوردستان چاوی بە سەر دونیا کردۆتەوەو تا تەمەنی ١٤ سالان هەر لەوێ ژیاوە. بە هۆی کیمیابارانی کوردستان بنەماڵەکەی هەڵدێن بۆ ئێران و پاشان دەڕۆن بۆ تورکیاو ماوەیەکیش لەوێ دەبن. لە ١٩٩٣دا بارگەی ئاوارەییان لە بەریتانیا هەڵدەدەن.

پاش ڕۆیشتن بۆ بریتانیا لە کولیژی کوێسی ئۆکسفورد، فەلسەفەو دەروونناسی دەخوێنێ. لە زانکۆی لەندن ماستەری (فوق لیسانس) فەلسەفە وەردەگرێ. چۆمان کە وەکوو خاتوونێکی کورد دەردو ئازاری ژنانی کوردی بە دڵ و گیان هەست پێکردووەو هەردەم لە بیری سارێژی ئەم دەردەدا بووە، نامیلکەی دوکتوراکەی لە سەر «گیرو گرفتە دەروونییەکانی ژنانی کورد» لە زانکۆی کینتدا نووسیوە.

هەندێ لە بەرهەم و چالاکییەکانی ئەمانەن:

- دوو کۆمەڵە شیعر بە ناوی «گەڕانەوەی بێ بیرەوەری» دانیمارک ١٩٩٦، رووناکی «سێبەرەکان» سوید ١٩٨٨.
- دیوانە شیعرێک بە زمانی ئینگلیزی ٢٠٠٤.
- ماموستای پەروەردەی شیعری رێکخراوی «جیروود-نارڤن» لە سالی ٢٠٠٣.
- سازدانی کورسی راهێنانی شیعر بۆ بریتیش کاتسل.
- سەرۆکی کومیتەی نووسەرانی مەنفا (Exiled Writer's Ink).
- چۆمان لە سالی ٢٠٠٢ دا بۆ خەلاتی «ئارت فاوندیشین» ناوزەد کرا.

پەسەند کردن

بیرمان نەچێ بۆ گوڵەکان
بڕیاریان دا ئەو بارانە نەخۆنەوە و
لە باتی، پیر بوونی خۆیان هەڵبژارد
بیرمان نەچێ ئەستێرەیەک بۆ ئاسمانی بە بریقەی نیوە شەوی
بەجێهێشت و لە تەنیایی و بێدەنگیا ڕۆحی سپارد
بیرمان نەچێ خۆر و مانگ بۆ لێک عاجز بوون،
شەو و ڕۆژیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد.

بەردەکان تاوانبار نەکەین بۆ بێدەنگی و مەتینیان
جۆگەکان تاوانبار نەکەین بۆ بێ سەبری و شێتێتیان.
بیرمان نەچێ دڵخۆشی شاخ بدەینەوە کە بە دوای هەورێکدا دەگری.
دەبێ فێر بین ڕەنگە جیاکانمان خۆشبوێ.

مەستبوون

ئەی ڕووناکتر لە خۆرەتاو
بە تریفەتر لە مانگەشەو
دڵم دەخەمە دەستمەوە و
دەستم دەخەمە دەستتەوە و
لەگەڵتا دێم
ئەی شەراب و ساقی هەموو پێکەکانم
تۆ پێم بڵێ
بەم حەیرانی و بەدەمەستیە بو کوێم دەبەی؟
ئەی هاودەمی گۆشە تاریکەکانی ڕۆح

ئاشناتر بە مەیلە شێتەکانی دڵ
دڵم دەخەمە دەستتەوە
ئەی ڕووناکتر لە خورەتاو
بە تریفەتر لە مانگەشەو
دەستم دەخەمە دەستتەوەو
بۆ کوێ بڕۆی لەگەڵتا دێم.

بێدەنگی

بۆنی کۆتاییەکان دەکەم
بۆنی سستی وشەکان و
تەواو بوونی گفتوگۆکان
بۆنی مەرگ
مەرگی پەپوولە شینەکان
بۆنی کۆتاییەکان دەکەم.
تەمەن ڕەنگە شوێنێک بێ بۆ قسەکردن
تەمەن ڕەنگە شوێنێک بێ بۆ
بەکارهێنانی وشەکان
گوێ ڕاگرتن لە وشەکان
تێکەڵاو بوون بە وشەکان
تەمەن ڕەنگە
کوشتنی بێدەنگیەکان بێ.
بێدەنگیەکان
ڕەنگە مەرگی ژیانمان بن.
بۆنی کۆتاییەکان دەکەم

لەشلێرە تا شار

بۆ قەبر
بۆنی نەبوونی بەهەشت و
بێدەنگی جەهەنەمەکان
بۆنی تەنیاییەکان دەکەم.

ئاشنا بوون

لە رووناکی چراکەدا
سێبەرەکانی شێوەی ئەو
چ نووریکیان لێدەباریٚ!
دنیا چییە
جگە لە ئاشنابوونی دوو بێگانە و
بێگانە بوونی دوو ئاشنا!
ئەی بێگانە!
سێبەرەکانی سەر شێوەت،
وشەکانت، جگەرەکەت
ئاشناییان لێدەتکێ
ئەی ئاشنا!
نامۆبوونمان لە یەکتری،
بێگانە بوونی ئەبەدی،
هەر زۆر زوو دەسپێدەکا.
دنیا چییە
جگە لە نەهاتنەدی
یان بەسەقەتی هاتنەدی
خەونەکانم؟

خەڵکی شاری سلێمانی و نیشتەجێی سویدە. تا ئێستا توانیوە بە نووسین لە بواری جۆراوجۆری وەکوو رەخنە، وتار، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان (لە فارسی، سویدی و عارەبییەوە)و شیعر خزمەتی کتێبخانەی کوردی بکاو کوڵی دڵی خۆی دامرکێنێ.

دلاوەر یەکێک لەو نووسەرانەیە کە لە بواری جۆراوجۆردا خاوەنی گەلێک بەرهەمی بەرچاوو بە نرخە. ئەمانەش هەندێ لە بەرهەمەکانی دلاوەرن:

- هەشتەمین سەفەری سەندیباد،
- زستانە خەون،
- گورگە خان،
- دوو دنیا (وەرگێڕان)،
- جێگایەکی تر،
- شەڕ، شانۆنامە (وەرگێڕان)،
- گەمەی پاکیزە، شانۆنامە (وەرگێڕان)،
- ژووری ژمارە شەش، نووسینی چێخۆفە و دلاوەر کردوویە بە شانۆنامە،
- کوێرەکان، شانۆنامە (وەرگێڕان)،
- رەنگی خۆڵ، شیعر،
- تەیرەکانی ئیسماعیل، شیعر،
- و ... .

لە چاو تروکانێکا سەری ولاتم سپی بوو

ئەو ئێوارەیە
میلی کاتژمێر بیست و پێج جار
بە نێو تەمتومانی شپرزەیی رۆحی ئەوا فڕی
ساڵ بووە پێنج وەرز
بەهار، هاوین، پایز، هەڵەبجە، زستان
خۆر سەری ئاوابوونی لێ هاتەوە یەک
لە چاوتروکانێکا سەری ولاتم سپی بوو
ئەی تاسەی تەڕوبڕی یەکەمین ویساڵ
ئەی قاسیدی بەویقاری سەرەتا!
خۆت لەوێ بووی
کە بادی خۆشمرووڕ هەڵیکرد و
ئەو سیروانی سیاچەمانەیەمی
بۆ هیجرەتی دیاری غەریبی هەڵپێچا
بە باڵی هەنگاوت هەڵمگرە ئەی پەیکی شارەزا
توند توند لە مەوجی تەڕوبڕی روانینتم بپێچە
تا لەسەر لەپی ئیشتیاقت سەوزبم
هەڵمگرە ئەی بادی سەبا
لەسەر لەرەی دەنگت
تا لە شوێن پێی سەرابی هیجرەتتا
باڵ بگرم
هیجرەتە... هیجرەتە... هیجرەت
هیجرەتی شار و شیعر و شنروێ
هیجرەتی هەڵەبجە

ئەوەتاین، بمانبە
لەسەر شابالی هیجرەتت هەلمانگرە
هێند هاتووینەوەیەک
لە جانتای مەکتەبی منالێکا جێی هەموومان دەبێتەوە
ئێمە ئەمێستا خەمێکین سالخوردە سپی سپی ئەچینەوە
ریز ریز بەو رێیەوە
ئەلێی بەفرین لە کاتی بارینا
ئەلێی چاوین لە کاتی روانینا
ئەلێی بالین لە کاتی فرینا
ئەلێی پەلکە سەوزەکانی کانی ئاشقانین
لە کاتی ژاکان و وەرینا
بڕوانە ئەی پەیکی شارەزا
ولاتم چنگێکی ماوەتەوە
بمانبە سوودی نیە نامە
تەشریحی زەعیفی من و
غەمی ردین سپی هەلەبجە نایەتە تەحریر
هەلمانگرە نەرم نەرم لەسەر بالی هاژەت
ریزریز لە گولدانی بەر پەنجەرەی نەخۆشخانەکانی
تاراندا
بمانڕوێنە
توندتوند لە خوڕڕەی جاری «فیراق»مان بپێچە
تا لەسەر لەپی ئیشتیاقت سەوزبین
لەوا بوویت ئەی پەیکی شارەزا
ئەو رۆژەی جێ کەلبەی ژەهراوی گورگ

بە جەستەی کارئاسکەکەی سەحرای
هەڵەبجەمەوە بەجێما؟
ئەو ڕۆژەی «گوڵان» دڵی تێکەڵهات و
«سیروان» لە پێ کەوت و
مێژوو ڕشایەوە؟
لەوا بوویت ئەی پەیکی شارەزا
ئەو بەهارەی نێرگز
چلە چلە سنگی خۆی دادڕی و
«دیوان»م پەڕەپەڕە خۆی کوشت و
«قەسیدە»م بەیت بەیت سەری هەڵگرت
ئەو ڕۆژەی شاخ گریا و
کانی قوڵپ قوڵپ زریکانی و
گوڵان هێشو هێشوو وەرین
تەنانەت تۆیش ئەی بادی خۆشمروور
فریای خوێندنەوەی ئەو چامە سەوزەی
هیجرەت نەکەوتیت.
چنگێ هەناسە- ئەی بادی سەبا!-
بۆ هەنگ بۆ هەڵەبجە بۆ هێرۆ
تۆزێ جریوە ئەی بادی سەبا!
بۆ گەڵا بۆ گوڵ بۆ گڕە گاڵ
هێندەی سەردەرزییەک نیگا ئەی بادی سەبا
بۆ هیجرەتی ناوەختی ئاوێنە و چرا
لە جانتاکەتا جێمانکەرە و
توندتوند لەسەر هەناسەو هەوارو هەور دامانخە

پەلک پەلک روانینمان
لە ئاسمان و زەوی و کتێبەکان هەڵکێشە
تاڵ تاڵ رەگمان
لە گۆرانی و حیکایەت و تابلۆکان بکەرەوە
ئێمە قەبیلەیەکی گوناهـ بووین... گوناهـ

منالێ کە لەوێ هاتەوە وای وت ....
ئەنفال لەرێی چوونە ژواندا رای گرتین
گیرفانەکانمان گەڕا نامەکانی دڕاند وێنەکانی
سووتاند
گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کلۆم دا
ئەنفال *بەیانی باشی* مەکتەب و
ئێوارە باشی گەڕەک و
شەوباشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی
ئەنفال سلاوی لە لێوی عاشقان رفاند
گوڵی بەر یەخەی گۆرانییەکانی ماملێی ژاکاند
سیاچەمانەی نێو گەرووی کاکەمەمی تاساند
ماڵە باجێنەی ژیکەڵەی خاتوو زینەکانی رووخاند
ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بە ژوورا
ئێمە نانمان ئەخوارد
خوانێک لە خۆشەویستی کۆی کردبووینەوە
ئێوارانێک لە دڵنیایی خۆی هەڵئەسوو
لە برینەکانی دوێنێ
شەوانێک لە میهر لەودیو پەنجەرەکانەوە

فیکەی ئەکێشا
ناکاو چراکان کوژانەوە
ئێوارە دای لە شەقەی باڵ و فڕی
شەو زریکاندی و
خۆر دوامالْ ئاوایی لە سنەوبەرە سەوزەکانی
بنار گوند کرد
وای ئەنفال داری بەسەر بەرد و
منالی بەسەر گڕ و گاڵ و
درەختی بەسەر جریوە و
ئاسمانی بەسەر ئەستێرە و
گوندی بەسەر شاخ و
رووباری بەسەرهاژەوە نەهێشت
وای ئەنفال درەختەکانی فریودا
خۆی بۆ راوکردنی مانگ نایەوە
هەنگەکانی ژەهرەخوارد کرد
رێ و بانەکانی بە مین کێلا
دەستی نایە بینی گوڵەگەنم
ئەنفال وتی چ نیە منالینە
سەفەرێکە و دێنەوە
ئەنفال وتی: ئەچین بۆ سەیران
هەر بەرێوە دوو گوندی بە سەوزی داکرماند
هەر بەرێوە نامەکانی دڕاند
هەر بەرێوە وێنەکانی سووتاند
سلاوی لە لێوی منالان رفاند

ئەنفال درۆی کرد، سەیران نەبوو
تاریکستان بوو تاریکستان
١٨٢ هەزار نیگا هیچمان ئەوی ترمان نەئەدی
بەلام گوێمان لە ترپەی دلی یەکتر بوو
ئەنفال هەموومانی ئەدی و
ترپەی دلی هیچ کاممانی نە ئەبیست.
ئەنفال چاوی بە پەڕۆیەکی رەش بەستین
بە بزەیەکی گالتەجارییانەوە وتی:
منالینە چی ئەبینن؟
وتمان: هیچ، جگە لە تاریکستان هیچ.
ئەنفال ئاسمانی لەسەر داخستین
زەوی لە ژێر پێمان پێچایەوە
ئەنفال جیای کردینەوە ریزی کردین
وتی: دەستتان بگرنەوە منالینە
بە دارحەیزەرانێک ١٨٢ هەزار داری
لە دەستمان سرەواند
پەنجەکانمان وەرین
ئەنفال چاو و هەناسەمانی پڕ کرد لە خۆل
داری بەسەر بەرد و هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت
ئەنفال وتی: منالینە سەیر کەن چی ئەبینن؟
وتمان: جگە لە سەحرا هیچ.
ئەنفال درۆی کرد جگە لە سەحرا هیچمان نەدی
تەنها گوێمان لە ترپەی دلی خۆمان بوو
کە مردین.

ئەمین گەردیگلانی

شاعیرو نووسەرو وەرگێڕ لە سالی ١٣٤٩ لە گەردیگلانی سەر بە شاری بۆکان هاتۆتە دونیاوە. دەبێ بخرێتە ریزی ئەو نووسەرانی پڕکارەوە. تا ئێستا توانیویە چەندین بەرهەم پێشکەش بە قوتابخانەی کوردی بکات و ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ پەرای زمانی کوردی دریخی نەکردووە. لە بەرهەمەکانی ئەمین دەتوانین ئامازە بەم کتێبانە بکەین:



-تاپۆی وەرزیکی سەوز، کۆمەلە شیعر.

-شەوە ژانی ئەستێرەیەک، دیوانی شیعر.

-مەرگە خەون، شیعر.

-برایانی کارمازۆف، وەرگێڕان، رۆمان.

-جێگـــای بەتالـــی سلووچ، وەرگێڕان، رۆمان.

-دیسان لەو شەقامانەوە، وەرگێڕان، رۆمان.

-تەپلی ئاور، وەرگێڕان، کۆمەلە چیرۆک.

-... و چەندان بەرهەم و دیمانە و وتاری تر.

نیو نیگا

ئەی شاکچی نازەنینی
شاری حەز و خەونەکانم
کە پەنجەی گەرمی نیو نیگات
پەردەی پرتووکاوی لەسەر
گلێنەی پەنجەرەی دلم هەلدایەوە
بە تیشکی زەردەخەنەیەک
زوقم و شەختەی خەمەکانم توایەوە.

بەهاری ١٣٧٣

ترس

کانییەکی چاوشینم دی
خۆی لە چنگی زبری خاک
رادەپسکاند و
بە سلۆکی ریی دەپێوا،
دوای چەن هەنگاو
کە خۆر نوقورچکێکی دەگرت
لە رانە رووتەلەکانی،
هەلمی شەرمێک دایدەگرت و
خۆی دەخزاندەوە ئامێزی
خۆل و بەرد و خیزەلانی

زستانی ١٣٨٠

مینی تەماتەیی

بلێیی هەتاو سیلەی چاوێ بە سەر ئێمەشدا بگێڕێ
خوێنی سەوزی هەناسەی ژین

به جۆگەی لەشدا بگێڕێ؟
لە نێو تەوژمی دووکەڵا پشووی سوارە پیرە ئاسمان
کوا دەتوانێ زەویی کرمۆڵ لە نێو باوەشدا بگێڕێ؟
تاکوو ژیانەوەی پشوو
تاکوو روانەوەی ئاور
شەماڵ رۆحی بە شوێن شنەی بووژانەوەشدا بگێڕێ.
هێشتا هەناسەی خنکاوی ئەم خاکە رەق هەڵاتووە
ناتوانێ جارێکی تر چاو بە رۆژی گەشدا
بگێڕێ.

***

مینی تەماتەیی ویستی بە پریشکە شەونمی خوێن
روخساری بۆر و دزیوی خۆی ئاڵ و گەش دابگێڕێ.
ئامێزی دووکەڵینی بۆ هەنگاوی ژین ئاوەڵا کرد
تا دنیایە دەبێ گرمەی بە دوای تەرکەشدا بگێڕێ.
تاکوو کۆیان بکاتەوە و دەسنوێژێکی سوور هەڵگرێ
سوجدەی رەشی بە دووی رووگەی
خوێنی دیکەشدا بگێڕێ

***

خوێن بپشکوێ، خۆر دەپشکوێ.
باران و بەفر دەپشکوێن
با دووکەڵ بۆنی باڕووتی
بە شوێن بارەشدا بگێڕێ
گوڵ ئەستێرەی خوێنی هەڵۆ
چاوی وە شەوارە دەخا،

شەوی چڵکەسوو بیهەوێ زەردەپەڕ ڕەش دابگێڕێ.

زستانی ١٣٨١- بۆکان

ڕێگا

پشتی ڕێگا
هەرەسی هەزارەی خوێن و
گڕی بەسەردا ڕووخاوە
پەنجەی تۆزاوی گەردەلوول
-لە سەر تاری دڵی زەوی-
هەڵدەپەڕێ بە تەوژمی ڕەشەباوە
بەیانی شار:
لەش داتەپیو
هەناسە سوار،
ئەژنۆ لەرزۆک
سەری کاسی داخستووەو
باڵتەی تەم و دووکەڵێکی
خەستی بە شانیدا داوە.
مێشکی بۆتە کەڕەسیسە و
هەڵ
دە
وە
ڕێ
چاوی پرووش و بێ سۆمای
لەسەر سنگی
چەن ساتێکی

بۆگەنیو و
قورماوی لیٚ بەجیٚماوە.
چزووی ماری شەقامی شار
شەوکویٚرانە
لەگەڵ هەموو چرکەیەکی
تەمەنی شەرماوی شەودا
بە گلیٚنەی کانی چیا و
مەمکی شلکی
گولە گەنمیەوە داوە.
ریٚگا
ریٚگا
لەو کاتەوە زەوی هەیە
خەو لە چاوانی
زڕاوە.
ریٚگا
ریٚگا
لە نیٚو جەرگی
سڕی هیچ شەوەزەنگیٚکا
دڕکی وەنەوز
لە بیلبیلەی سەوز و گەشی
نەچەقاوە.

سیمین چایچی

لە شاری سنە هاتۆتە دنیا، یەکێک لەو ئافرەتانەیە کە لەو دەمەیرا خۆی ناسیوە هۆگری شیعرو ئەدەب بووە. شیعر لە لای سیمین نەک هەر بۆ دامرکاندنی کولی دل، بەڵکوو شیعر ئامرازێکە کە دەتوانێ تێیدا خۆی و هەموو ژنانی کوردستان بناسێتەوە.

سیمینی چایچی یەکێک لە چالاکانی مافی ژنانە لە کوردستانی ئێراندا و لەم رێگایەدا گەلێک هەولی داوە و دەیان وتار و نووسراوەی لە رۆژنامە و کۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا چاپ کراوە.

پارادۆکس ....

گەرچی دەمێکە بێ بڕوام
بە هەرچی عێشقی خاوێن و رومانتیکە و
پێئەکەنم بەم قسانە
بەڵام جارجار
دێ بە سەرمدا
وشەی سیمین بکەمە شیرین
فەرهادێ لە شیعرەکانما بخولقێنم و
سەرشێتانە بیخەمە ناو
بازنەی ئەوین
ئینجا
جوان جوان
وەک هەمیشە
خۆم فریو دەم
سەرخۆشانە بزریکێنم :
خۆشەویستی ڕاستە
ڕاستە
ئەرێ ڕاستە.
گەرچی دەمێکە بێ بڕوام
بە قوربان قوربان و قسە
بەڵام هەر هیچ نەبێ ژنم
ژنێکی رووت
لە جنسی با
سەردم

گەرمم
سەختم
نەرمم
گاه شەرمنتر
لە کچێکی لادێی و
گاه
تا ڕاهاتن بە جورمی
خۆسپاردن
سەیرو بێ شەرم .
ساڵهایە
سەودای خۆشەویستیەکی
هەتاهەتاییم لە سەرە
اممم
ئەی بۆم نابێ؟
ئەوە هات و ...
لە دووی گەڕام .
ئەوە هات و
لە ژێر چەقوی تیژی سانسۆر
خۆم دەرباز کرد .
ئەوە هات و
کەسایەتیە دەستکردەکەم
یەکسەر رووخاند .
ئەی دڵەکەم چی؟
چی لێ بکەم ئەو

زمان نەزانە؟
بە خورپەخورپ
واز ناهێنێ
وەڕەسم ئەکا و
تا خولیای عێشق
ئەمگەوجێنی
دەڵێم لە جێ
هەموو ژنێک
ئاشق بم و
بە بە ژن وباڵای پیاوێکا
هە ڵبەستێنم
جنێوی پێبەم
پەرەستێشی کەم
بیکەم بە خودا و ئەهریمەن
بە زمان بڵێم :
بڕۆبڕۆ
بە چاو ئاماژە
وەرەوە.
دەڵێم
لە جیاتی هەمویان
ژنانە بازی دەربێنم
پیلانی ناسک داڕێژم
ئێڤەی داوین پاکی بکەمە
مانیفێستێ بۆ دلبەری .

له جیاتیان
بڕوێنم
بڕۆخێنم
بخولقێنم
بەڵکوو
دڵە نەفامەکەم لە روو بچێ.
دی واز بێنێ
نەک جارێ تر
بمگەوجێنێ.

٢٠٠٧/٤/ ١٥

غوربەت

ئەبمە دڵۆپێ حەسرەتی ئازار
لە وەرزی چاوی غوربەت دێمە خوار
ئەبمە ناسنامەی ژنێکی عاشق
بێزووی بە خاکی وڵاتەو دیدار
ئەبمە هاوکۆچی پەڕەسێلکەکان
ئەگەڕێمەوە بەرەو کوردستان
لە چوارڕێیانەی مان و نەمانا
ئەبمە خاڵێ سوور لە نەخشەی جیهان
پێکەرەی پاکی ئەوین ئەنێژم
فرمێسکی تاڵی تاوان ئەڕێژم
گەر خۆشەویستی تاوانباریە
لێوانلێوی تۆم لە تۆ سەرڕێژم
من دارەوەنی ئاشنای کوێستان

ریشەم جێ ناگرێ لە غەریبستان
ڕۆژێکم ماوێ لەسەر دنیاوە
ئەگەڕێمەوە بۆ ناو دارستان

پاییزی ٢٠٠٠

هاوسەفەر

وەک هەناسەم لێم نزیکی
بەڵام دووری وێنەی ئاوات
وەکوو عەشقە باڵا ئەکەم
لە دەوری نەمامی باڵات
هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوڕێم!
کام نەیارێ بوو بە یارت؟ کێ نیشتە جێم؟
هەستت ئەکەم تا شاری بوون
لێم نزیکی هەر وەکوو خۆم
گەر ناتبینم هەستت ئەکەم
ئەتۆ منی، منیش هەر تۆم
هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوڕێم!
کام نەیارێ بوو بە یارت؟ کێ نیشتە جێم؟
ئادەی ئادەی بیشکێنین
قەڵای شەرم و لۆمە و یاسا
با تێکەڵ بێ هەناسەمان
ئازاد بین لە داوی دنیا
هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوسەفەر، هاوڕێم!
کام نەیارێ بوو بە یارت؟ کێ نیشتە جێم؟

سلێمانی- بەهاری ٢٠٠١

شارەکەم ....

باوەڕت بێ دوور لە تۆ دوورم لە خۆ
دوور لە تۆ، دەردی گرانم دێتە سۆ
باوەڕت بێ، بێ تۆ لێڵە چاوەکەم
ناوەکەت ناسنامەیە بۆ ناوەکەم
هۆ سنە هۆ شاری سەوز و بەرزەناو
تۆزەکەت ئەمباتە بەرماڵی هەتاو
دوور لە تۆ دوورم لە یار و ئاشنا
کێو و کۆڵان بۆنی مۆنی خاک ئەدا
دوور لە تۆ بێڕەنگە شێوەی شادی یار
ناسرەوێ هەستم لە هەورازی بەهار
هۆ سنە هۆ شاری سەوز و بەرزەناو
تۆزەکەت ئەمباتە بەرماڵی هەتاو
کۆنە ئەلبوومی ژیانم، کۆنە یار
وێنە هەڵگری غەمی یار و نەیار
ئەوەڵین ئێستگەی ئەوەڵ هەنگاوەکەم
ئاخرین وێستگەی دڵە بێتاوەکەم
تۆزەکەت ئەمباتە بەر ماڵی هەتاو

سنە- بەهاری ۲۰۰۱

یاخی ....

من ئەو گوڵە نیم کە ریشەم لە خاک گیر بێ
سەرم سەرسەوز و گەش، پام بەندی زنجیر بێ
لە قاپی پەنجەرە دڵ بەرم لە ڕێبوار
بەڵام دڵەکەی خۆم، لە ژووری ئەسیر بێ

ئەگەر رۆژێ دەستێ نەبێ تێرئاوم کا
گەلا گەلای لەشم بژاکێ و پیر بێ
من ئەو گوڵە زیزەم کە گوڵدان ئەشکێنم
بێ پەنجەرە و شووشە باڵای خوم ئەنوێنم
من ئەو گوڵە نیم کە رازی بم بە گوڵدان
بە ژینێکی سادە، ئارام ئارام گیان دان
رازی نابم هەرگیز لە سێبەرا بمرم
دوور لە هەوای تازە، بێ عەشقی سەرهەڵدان
بێزارم لەم ماڵە، لە پەنجەرە و شووشە
سەفەرە ئاکامم، سەفەر بەرەو باران
من ئەو گوڵە زیزەم کە گوڵدان ئەشکێنم
بێ پەنجەرە و شووشە باڵای خۆم ئەنوێنم

سنە- پاییزی ٢٠٠٣

کەژاڵ ئەحمەد

ساڵی ١٩٦٧ لە شاری کەرکووک چاوی بە سەر دونیا کردۆتەوە. ساڵی ١٩٨٦ یەکەم شیعری خۆی بڵاو دەکاتەوەو لەو کاتەوە خولیای شیعرو نووسین دەبێ. لە بوارە جۆاوجۆرەکانی نووسیندا وەکوو وەرگێڕان، لێکۆڵینەوەو پەخشان و .. ئەسپی قەڵەمی دەهاژوێ. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەڕواتە بواری رۆژنامەگەری و لەم بوارەشدا وەکوو هەموو جارەکانی تر سەربەرزانە لەم ئەزموونەشدا دەردێ و ئێستا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا سکرتێری نووسینە.

خاوەنی ٦ بەرهەمی چاپکراوە کە ئەمانەن:

١-بەندەری بەرمۆدا، کۆمەڵە شیعر-١٩٩٩، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی زاموا وچاپی دووەم چاپخانەی دلێر.

٢-وتەکانی وتن، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٩، رێکخراوی لاوانی میدیا TDC.

٣-قاوەیەک لەگەڵ ئەودا، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠١، وەزارەتی رۆشنبیریی بەرێوبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوە.

٤-ئاوێنەم شکاند، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٤ ، وەزارەتی رۆشنبیریی بەرێوبەرێتی چاپ وبڵاوکردنەوە.

٥-کتێبی ژن، کۆمەڵە وتار ولێکۆڵینەوە، ١٩٩٩ ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

٦-ناسنامە بکوژەکان، چەند خوێندنەوەیەک بۆ ئینتیما و بەجیهانی بوون، (وەرگێڕان) نووسینی ئەمین مەعلوف، ٢٠٠٣ خانەی وەرگێرانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

من دەبێ خۆم بسمیل بکەم

من دەبێت ساڵێک ئاوی ڕوون
لەسەر قاچ و قوڵم بڕوات
بۆئەوەی پاک ببێتەوە لە چڵپاوی
خاکێکی بێ مروەت.

من دەبێ خۆم بسمیل بکەم
بە گوڵەسوورەی لادێیەکی دوور لەشار
بەئاوی کانییەکی سازگار
بەشیعری ئەی ڕەقیبی دڵدار.

خۆزگە بتوانم بەقوڵفی گۆزەیەکدا تێبپەڕم
بەڵکو پیسی ڕیاکاران لە پێستم داماڵرێت.

ئەوەی ماوە لە تەمەنم
بەشی ڕاوەستانم ناکات
لەبەر جوڕنەی حەمامێکی پڕ لەهەڵمی ژیاندا
تا دوا وسڵی بێنوێژی سیاسەت لەخۆم دەرکەم.

ئەوەی ماوە لە ژیانا
بەشی پاڕانەوەم ناکات لە خودا
تاکوو لە گوناهم خۆش بێ دەرهەق بە خۆم
ئەو کاتانەی
ئاوی دەریاکان دەڕێژم بەسەر خۆما و

دەڵێم خوایە
وسڵی نیشتمانپەروەریم دەردەکەم!

خۆزگە بتوانم ١٤ ساڵ لە گومڕایی
بە ڕیشە سپییەکەی باوکم
یان بە فەقیانەکەی دایکم بسڕمەوە!
وەک تەختەڕەشی بێباکی قوتابخانە
لە بەری دەستم بنووسم
وانەی یەکەم.

چۆن ئەم زمانە شیرینە
لەناو جانتاکەی شانمدا بشارمەوە
بۆئەوەی تاڵ نەبێت؟
گوێچکەم بەمۆم سواغ بدەم
بۆ ئەوەی گوێم
لە دەنگی کەڵەشێرێکی نەزۆک نەبێت
کە پێی وایە ئەو نەبێت ڕۆژ نابێتەوە؟

من دەبێ خۆم بسمیل بکەم
بە گەڕاوەکەی ئەحماوا،
هەر وەک ئەوەی کە شوێنێکم
بەر شوێنی تۆپیوێک کەوتبێ
بەبێ خواستی خۆم دەڵێم: یاع

هەروەها بە چەشنی منالی
خۆم خۆڵ و خوێ و تاکەنەعلێکم دەهێنم
بۆ پیریژنی بچکۆلەی، مێخەک لەملی هاوسێمان
پێی دەڵێم: نەنە گیان! دایکم سەلامت لێ دەکا و
دەڵێت دەمی بکوتەرەوە
ماوەیەکە زۆر سەری کردۆتە گریان
بەڵکو ئیدی عاقڵ ببێت

لەئێستاشدا
تەرمی رابردوو دەشۆم و
وسڵی مردوو لە گیانم دەردەکەم.
لەبەر بارانی ئەویندا
فڕینم تەڕ دەبێ و
بەهێمنی دەنیشمەوە،
بۆئەوەی بەزەمەن بڵێم:
ئایندەم خۆشدەوێت.

٩ ی ٢٠٠٧ سلێمانی

دڵم لەشوێنێ داناوە

ببورە! من دڵم
لەسینەمدا نییە
لەشوێنێ دامناوە
نازانم لەکوێ !
تۆ دەچی
کتێبخانەی گشتی شاری بۆ دەگەڕێی

دەبینی خوێنەرێ
دەبیات و نایهێنێتەوە.
ببورە! من وێنەم
لەسەر شۆستە و
لەسەر دیواری چێشتخانەکان و
لەچاوی کوڕاندا هەیە.
هێندە ڕەگی ناوبانگم ڕۆشتووە
زەحمەتە ملوانکەی پچڕاوی تەمەنم
تازە نەک تۆ
بەهیچ کەس بهۆنرێتەوە .
ناتوانی بیبڕیت زمانی درێژی
قسە و باس
مێژوو خولقێنێ بگۆڕی
بەدایکێ بۆ منداڵ
بووکی خەیاڵی بەسەدانیش بکەیتە
نیوەی خۆت و
هەرگیزیش پەشێمان نەبی
لەوەی کەشەرابی عیشقم دەخۆیتەوە.
ببورە! من چاوم
پڕە لەدابڕان
کەشەوان بەتەنیا دەنووم.
شیعرم تەزییە لە ژوان
بۆ کەسانێ نایانناسم
لێم گەڕێ

دڵنیام ناتوانی
بەبێ ئەوەی، خۆت لێ ون بێت.
ونبوونم بدۆزیتەوە.

۲۰۰۷-سلێمانی

مانگی شکاو

هەشتەمین ڕۆژی تۆ
ئەی مانگی شکاو
مانگی غەزەل
مانگی مارت
هەشتەمەمین ترپەی بە پەلەی
دڵی تۆ ئەی مانگی هیلال
مانگی چواردەی
هەر سەر لە ئێوارە گیراو.

مانگی تۆ
ئەی مانگی مات
مانگی لار
مانگی مارت
یادێکە بۆ کوژرانم.
لە ئەوسای پڕ
لە بۆنکرووزی سووتانی ژنانی کرێکارەوە
تا ئەو نێرگزەی کە ئەمڕۆ
بۆ ئەم یادە و بەسۆزەوە
گوڵەکان ئەیدەنە دەستم

هەمیشە لە هەشتی مارتا
هەشت چرکەم لە گیانەلا
هەشت فرمێسکم
لە چاوی خوا
برینم مەکولێنەوە مانگی ئادار
مانگی گریاو
مانگی تەنیا

حیکایەتم
لەو پەیڤە دەستبەسەرانەدا تاساوە
کە پڕن لە وشەی جوانی ئازادی و
باڵی ڕەنگاڵەیی فڕین
ئازارم لە ناو ڕووکەشی
ئەوانەدا هەڵکورماوە
کە میهرەبانی ئەڵێن و
کە قەڵەمیان
گوایە سەنگەر و قەڵغان و ئومێدمانە و
خۆیان تابووتی ژنانن
بە تەنیا هەر لەسەر کاغەز
یان لەسەر ژن
ئینسانن
دەنا گەڵێ لە سمیولە نێرەکانی
ڕێگەی دووری پڕ لە گوڵاڵەی قوربانی
ئیمەی وناو

قەسیدەیەکن لە درۆ
هەمان خوێنی باوک و مێرد و
برا و یاری
ئەم ڕۆژهەڵاتە حەقیرە
بەگیانی خۆپەرستیاندا لرفەئەکات.

هەمان حەسار
خەونەکانیان لە گەڵ لەدایکبوونیاندا
بە توندی گەمارۆ ئەدات
بە خۆشیان هەر هەمان حەسار
بۆ ژنانی حەرەمسەرا
خونچەی ئایندەی مێینە
بەرزتر لە دیواری بەرلین و
دیواری بەرزتر لە دیواری دۆزەخ
بۆ حەسارەکانی عومر و
تەمەنمان هەڵئەچنن

حەساری زۆر بەرزتر لە باڵای ئازارمان
بۆ ئازارمان دروست ئەکەن
لەسەربانی حەسارەوە دەتبینین، ئەی دیمەنی جوان!
ڕۆژی هەشتەمی مانگی ساڵ
مانگی شکار
مانگی غەزەل
مانگی مارت.

گولی سوور

گولی سوور بووم لەهاتنتا
بەهاری خۆرهەلات
گولی سوور
بەلام ئەورەنگە شەیدایەم
لە پایزی ئاوابوونتا داکەندووە و
ناپێۆشمەوە
تا وەرزی ئایندە و
تا گەڕانەوەی بەهاری بینینەوەت
ناتوانم ئێوارەیەکی ناوەختی تر
هێندەی رەنگی خوێنی رژاوی عاشقێک
سوور بچمەوە.

دلم نایەت
چی ترگولالە سوورەکەی
دوێنێ و سبەینێ و ئەمڕۆ بم

دلم نایەت
بۆ لەمەودا خۆشم بوویێت
شەونمی سپێدەی مەحاڵ
هەناسەی خۆرهەلات
ئومێدی دوور.

ئەیلوولی ۲۰۰۲

تۆ

لە نێوان تۆ و
وێنەکەی ڕەش و سپی کۆنتدا
سپی بوونی مووی سمێڵ و
ماش و برنج بوونی قژ و
زۆر گۆڕشانی بێ دڵی‌تر ڕوویانداوە
کەچی خەندە و سەرنجت هەروەک خۆیانن
ئەزانی بۆ؟
چونکە دوو شت
هەرگیز پیربوونیان بۆ نییە
پێکەنین و
سیحری نیگایەکی عاشق.

بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە

مۆدیلێک ئەهێنمەوە
کۆن بووە
لە سەردەمی دایکم و دایکتدا بووە،
مۆدیلی جوانی تەنوورە کورتەکان
لەو وێنە ڕەش و سپیانە دەرئەهێنم
کە لە ئەلبومی خەیاڵی
هەمووماڵەکانا هەیە

نازانم بۆ
ئێستا شەرم

لە رابردووی خۆی ئەکات
دنیا درۆزنتر بووە

شیعرم بە شەونم خۆی ئەشوێ
ئینجا بە تەنوورەیەکی
کورتی سوورەوە ئەگەڕێ
با ویقاری جلی سەردەم
کەمێ تەریق بێتەوە.

شیعرم قۆڵی دەرئەخات و
قاچ رووت ئەکاو
لاسایی نێرگز و گوڵاڵە و گوڵەباخ ئەکاتەوە.
بە تەنوورەیەکی زۆر کورتی سوورەوە
تۆ شەرم لە ناسینەوەی
خۆم و شیعر و دڵم ئەکەیت
من پێکی نەمری وا بە دەستمەوە
هێندە مەستم
نەمردنت لە پێناوما
لە تاریکیدا ئەبینم و
نە رەتکرنەوەی ناسینیشم لەبەردەم
رووناکیدا
پێت سەیرە بە گوناهێکی
ئەورەی وەکوو نووسینەوە و
بە تەنوورەیەکی کورتی:

جارێک سوور
جارێکیش گوڵ گولینەوە
دڵم لاسایی فریشتە و دۆغدۆقەکان ئەکاتەوە.
باوەڕناکەیت، چەند لە ژیانی خۆم رازیم
وەختە بڵێم
شیعرم لاسایی ژیانم ئەکاتەوە!
باوەڕناکەیت چەند دۆستی ژیانم
مەرگ وەختە
بۆ ماچێکم سوێی بێتەوە.
ئەو چاوانەی بیلبیلەیان شڵەژاوە
پێت ئەڵێن لە کوێوە
بەرەو کوێوە چووم
ئەو ئاخ و ئۆفانەی
لەو کۆڵان و شەقامانەن
بەدوامدا رژاون
پێیان وایە
تازە شێت بووم.
بە تەنوورەیەکی سووری کورتەوە
هاوار ئەکەم:
بەهار هات
پەنجەرە زووبکەنەوە
لەبەر ئەوەی زوو ئەڕوات
زارم لاسایی هەنگوین و شەکر و شیلە ئەکاتەوە
کەچی بە ژەهری دڵڕەقیی زەمانە ئەمرم و

لە وێنەی زستانێکی سەرد
ڕۆژمێری ژوورەکەمدا
ڕۆژێکیان ڕەق ئەبمەوە
تەواو ئەبم و
ئیتر بەهارێکی زۆر هار
بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە
دێت لاسایم ئەکاتەوە.

سۆران حوسێنی

کوڕی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنیەو لە ٨ ی خەزەڵوەری ١٣٤٧دا لە گوندی چیچۆڕانی شاری بانە لە دایک بووە.

لە سالی ٦٨وە خولیای شیعرو ئەدەب دەبێ و لە سالی ١٣٧٠وە دەڕاتە نێو ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بانەوەو تا ئێستا لە دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەم ئەنجومەنەیە.

بەرهەمەکانی کە تا ئێستا چاپ کراون ئەمانەن:

- هەساو، کومەڵە شیعر.
- تا ئاربابای خۆشەویست، کۆمەڵە شیعری تاقمێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی بانەیە کە سۆرانیش یەکێکیانە.

- گازە، کۆمەڵە شیعری تاقمێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی بانەیە کە سۆرانیش یەکێکیانە.
- سێ دڵۆپ خوێن، کۆمەڵە چیرۆک سادیق هیدایەت، سۆران حسێنی کردوویە بە کوردی.
- وتوویژ، شانۆنامە. نووسینی محەمەدرەحمانیان، وەرگێڕ سۆران حسێنی.
- بازنەی گڕ، شیعر.
- پەرەژاڵ، شیعر.

کۆچ

هەر کە شیعر
نەیتوانی بە لانەی وشەی
پەرسێلکەی خۆشەویستی
دالدە بدات
کۆچ ئەقەومێ
هەر کە وشەم
نەیتوانی ئارامت وەکات
کۆچ ئەقەومێ
کۆچ بێزاری تۆ لە شیعرە
کۆچ دوور کەوتنەوەم لە مانە
کۆچ وە پشت گوێ هاویشتنی
هەرچییەکی برێک شەنگ و
برێک شیعر و
برێک جوانە.

درۆ

درۆ دەکەن
دەزانین و دەنگ ناکەین کە
درۆ دەکەن:
«لووتی بزووتی سەر وەجاخ سارد و سڕە
شەمچەی سەر تاق و رەفحەمان خووساو و خاو
بێ سۆلە لەنتەر و
چلۆسکی ئەم بەرهەیوانە

بێ بڵێسە و تیشک و گڕە»
چی لێ بکەین
لە ئارەزووی محاڵ؟
چی لێ دەکەین
لە چاوە چاوی بەردەوان
لە گوێی بە زۆر کلۆری بێ بەر و بەتاڵ؟
ئەی ئێوە چی؟
چی لە بڵقی سەر ئاو ئەکەن
چی لە قولینەی دڕاو
چی لە نەقەڵی ڕزیوی
پینە و پەڕۆی کڵاو ئەکەن؟
دڵمان بە خوێن
لەشمان بە زام
لە هەیوانمان چرا ئەدزن
لە بەر هەیوانمان تاریکی پیادە دەکەن
نە لە دڵمان
ئەتوانن ئەوین بسێنن
نە لە لەشمان
ئەتوانن هیوا دەربێنن
نە دڵ بە چڵۆسک ئەدەین
نە بە لەنتەری خۆش ئەکەین
شەو بشکێنێ.
شەو خۆی خەریکی کز بوونە و
خۆی لە دۆخی مردنایە

خۆ دەرەقەتی مانەوەی خۆی هەر نایە
لەیلا!
زانایی ژەکی تۆ ئەمژێ
دەسەلات فرچک لە تۆ وەر ئەگرێ
لەبەر ئەم هەیوانە
بە هەنیسک و گریانەوە
بۆ دەق گرتووی؟
بەم حەسرەتە تاقانەوە بۆ دامردووی؟
هاکا سبەی
یەکێک بە پشت مالاندا هات
قولە مشتی پری دەسمال
هاکا سبەی بە بن میچی
ئەم هەیوانەوە زرینگا
بۆ گۆوەندی کۆنە شمشال.

رەزا عەلی پوور

من ئەمرم

لە گۆشەی حەرفێکا ماتڵم
پێم ئەڵێ
کە رەزام شکڵێکە تا ئەبەد راکێشراو
ئەخوازم لە ناخیا نوغرۆ بم.

***

گەلاوێژ
- پێم وابێ بیناسن-
لە حافزەی پەنجەرەکاندا
لازمە
ئەوەندەیە
تەمایەرە
حەوسەڵەی گەلاوێژ لە دەستما تا ئەڕوا
گەلاوێژ کڵاوێ خارجی لەسەرما
گەلاوێژ لیباسێ سەربازی لەبەرما
لە خەیاڵتا
شەوێک ئەبم بە بیابان
وەکوو شۆستە سەر ئەکەمە سەر خیابان
خیابان، بە هەڵە رۆشت
پارک، بە هەڵە راوەستا
پەرت ئەکرێمە ناو خۆمەوە
ژنەکەم نایەوێ باوەڕ کا
من پڕم لە رەنگی لێزایی
ئەو چۆڵە لە دوو سێ سەرەو ژوورکە

دایە!
بە کۆڵوانەکەتەوە گوڵ ئەڕوێ
من ئەگریم
کاروانچی بە دنیاوە ئەشەلێ
یان ڕوو ئەدا،
من ئەترسم
ئێوارەیەک لێوە بئاڵێنە
خوا گەورەیە یان عەکسی تاقەکە سەیر ئەکەم
عەکسێ پڕە لە تۆ
قاپێ پڕە لە من
من لە تاقەکەدا دانێ
کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا
باوکم بە دەم ترسەکانییەوە
دەستی خۆی قورئانێک دەگرێ
کەسێک ئەیوت
کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا
دایکم دنیا دەزریکێنێ
کۆڵوانەکەی پڕە لە کۆڵ
پشتوێنەکەی پڕ لە پاییز
قژەکانی لەئاوا ئەگریا
ژنێک من ماچ ئەکا
پرسەکان ڕائەخرێن!

٢٠٠٤

[illegible]

چەشنی خەونێکی سەرلێشێواوە

لە مێژ ساڵە
لە باغچەی حەوشەکەماندا
گەڵا وەریوەکانی پاییز
قەتیس ماون.
هیچ درەختێک
دالدەی ئەم پەرەسێلکە هەڵکورماوەی
ڕۆحم نادا.
چەشنی خەونێکی سەرلێشێواوە
ئارام ناگرم
لە تۆی هیچ هەناسەیەکدا.
ئەڕۆم
ئەڕۆم
لە حەسرەت ماچێکی دەریا
ئەبم بە دڵۆپێک فرمێسک و
ئەتکێمە داوێنی دایکمەوە
لە مێژ ساڵە
لە جەغزی ئەم مێژووە تەماویەمدا
بەژانی عەشقێکەوە
ئەتلێمەوە
باڵی ئۆقرەم هەڵوەری
ئەی شەپۆلە هەڵچووەکانی
گرکانی سەرم
کەی ئەمگەیەننە

بەردەژانەکەی مریەمی مەسیح؟

١٣٧٥

یەکەم کەس ....

یەکەم کەس بووم
رازی ئاسمان و تەهێنی بارانم
بۆ پەنجەرە داخراوەکان درکاند.
یەکەم کەس بووم
لە پەرستگەیەکی پڕ خوادا
کڕنۆشم بۆ زاتی خۆم برد و
کۆترەکانی ناخم
بوون بە ژێر هەڕەسی تاوانەوە.
تاوانم کرد!
تاسەی دارستانێکی بێ بەهارم
لە سەوزایی خوێنی گوناهەکانمدا شوت
لە دۆزەخی ئەم تاوانەدا دەسووتێم
بێگوناهتر لە فرمێسکی گوڵەبەفر
تێنووتر لە سەرابی عەشق
دەسووتێم
شەیداتر لە وشەی نامە بێ ئادرەسەکان
لە سەفەری جادە تەنگەکانی رووناکیدا
یەکەم کەس بووم
نائومێدی باڵی لە رۆحم وەردا و
پەنجە بۆشەکانی مەرگم زیارەت کرد

زستانی ١٣٧٦

قادر فەرامەرزی

خەوالووترین

خەوالووترین
پەنجەی ئارامش،
منی رابردوو ... و
خەیالانی شێواوت
درۆ!
بالەخانەی دۆڕاو و
دەلەسەی سەپاوی
من و
حەز و
تۆ
خەوالووترین راستی
راستترین درۆ.

ڕێگا هەوراز

ڕێگا هەوراز و
ڕێبوار هەورازتر.
بیر لە چی دەکەیتەوە؟
من خەوالوو
تۆ خەوالووتر
ئێمەی بەرەو نوێنی نەرم و تازە.

فەرەیدوون ئەرشەدی

ئیمپراتوور ....

لە تەک ئاو بپەیڤی یا ئاگر
لە تان و پۆی بووندا گەمەیەکی سادەی
بە پەنجەی منالانەی مردن دەکرییتەوە .
پێش ئەم شیعرەش دەتزانی
با، چ بە دەواری شوێن و
پەرژینی کات دەکات
ئیتر چ چارە
چ چارە
چ چارە؟
بە نێوان شتەکاندا دەگوزەری
نە رەنگیان وەردەگری
نەش فامیان دەکەی .
لە تەک هەڵمی بوون و
کزەی نەماندا
گەمەیەک دەکەی سەیر
سەیر .
سەراسیمە بەرەو کۆتایی دەچی
وچانێک،
وچانێک تا بزانی
ڕێگا فریویکی قەشەنگە
بۆ لە بیر چوونەوە
شەرابیش خەیاڵێکی سوور باو
بۆ لە بیر بردنەوە
نە تێکەڵ بوونە
بە هاودەستی ئەستێرە

دەگەڵ شەو سەما کردن
نە ژیانە.
ئمپراتوورتر لە من کێ؟
کێ؟
کێ؟
هێورتر بیەیڤە
هەور ماندوون،
بێ دەرەتانن گەڵا
لە سەر خۆ بە،
دەبێ ئاوێتەی شتەکان بێت
مانەوەت بەندە بەم شتە سادانەوە.
چی تر لە ماناکان ئاکۆلمەوە
بە درەوشانەوەی هیچ شتێک سەرسام نیم
گرینگ تێگەیشتن لە زمانێک بوو
بێ دەلالەت،
چ دەلالەتێک لە بێ دەلالەتی
بێ ماناتر؟
چ دەلالەتێک لە ماناکانی خۆم
خەوفناکتر؟
ڕێگا تا دێت کورتتر دەبێتەوە
چارەیەک،
لێدەگەڕێم ڕێگایەک
بە بناریکێم بسپێرێ

جەمال نەجاڕی

سالی ١٩٧٩ لە شاری مەهابادلە لە دایک بووە.لە شاری بۆکان خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە. ئێستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، خوێندکارە.



هەروەها سەرقالی نوسین و وەرگێرانە لە بوارەکانی ئەدەب و رۆشنبیری . ئێستا سەرنووسەری سایتی دەنگی کوردستانە

.

www.kurdistanrad
io.net

دوو کەس بووین ....

تۆ لە نێوان من و ئەم شەقامە بێ عەشقەدا سەفەر دەکەی،
هێشتا مەرگمان نەبینیوە،
هێشتا مەرگمان نەناسیوە،
ژین بۆ تاکسی و
پارە بۆ نان و
ئەوەندەی موسافیر بۆ گەیشتن،
هیچ ڕێگەیەک ئاوەها دوور نەبوو.
****

ئێمە لە مێژووی بێ سەر و شوێنی باران و
هەناسە ماندووەکانی ژێر بەفر دەگەڕێینەوە.
تەمای چیم بێ لە چەتر
کەتەنیا جێی تۆ دەبێتەوەو بەس.
****

ئێمە لە چوارڕێیانی پێکەوەبوون،
بەیەکەوە پیکەنین،
چی ئەنفال و هەڵەبجە بوو لە بیرمان کرد.
سبەی ژیان چی بەسەر ئەم شارە دەهێنێ؟ مەڕۆ!
تۆ کە حەزت دەکرد ڕەنگی تاکسییەکان «سەوز» بێ و
نارنجی تەنیا لای تۆ پرتەقاڵ بوو.
من کچێ دەناسم،
نارنجەکانی سەرسینگی بە مانتۆ دەشارێتەوە،
تەمای چیم بێ!
کە تەنیا خۆی لە بینینیان تێر دەخواو

بیر ناکاتەوە ئەم ڕێیە تا کوێی سەفەر دەڕوات.
نە بە من دەگەڕێتەوەو
نە ئەویش دەمانگەڕێنێتەوە رابردوو

***

تۆ وتت هەمیشە دەریا بکە بەرت،
تا بە شینی ئەم عەشقە شاعیر بم.
ئەرێ ئەم شارە لە دووکەڵدا خنکا
یان هەواڵنێرەکان درۆیان کرد؟

***

ئیمە هێشتا گەرمای مەرگمان نەچێشتووە،
-دوو کەس بووین-
لە باوەشی شەقامێکدا فێربووین
بە زووترین کات ژمارە تەلەفۆنەکان لەبیر بکەین،
تا سبەی لە هەراسی «٥٠٠٠» و «١٨٢٠٠٠» ژمارە نەترسین.
ئیمە لەگەڵ ڕۆحی خۆمان،
لە ژێر باراندا سەمامان کرد.
تەمای چیم بێ کە چەترێک نەبوو تا ئێوارە لە ژێریا بحەسێمەوە.

***

من پێم وتی: بهێڵە با پەپوولە بیاریێ و پاییز هەڵوەرێ،
ئەمانەم لە ڕەشنووسی دوایین شیعری دەفتەرەکەم هەڵبژارد
کە خەریک بوو لەبیر دەچوونەوە

***

دەچۆن ئارام بگرم،
من دەمێکە لە تارمایی ئەم شەقامەدا وێڵم،

-دوو کەس بووین-
بووکە شانۆی سەرشەقام و خەڵک قاقاپێمان پێدەکەنن.
منالانی هەڵەبجەو ئەنفالیش
بۆنی باروووت و خۆڵەمێشیان لێدەهات.
مەڕۆ!
ئەم سەوزانە تا دارستان سەفەر ناکەن،
پیاوکوژن
ئەم شۆفێرانە دەمێکە جەستەی هەتاویان ناشتووە.
کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان و شارە رووخاوەکان
هەموویان بی ئادریس و بی ژمارە تەلەفۆنن.
***

ئیمە ئەمجار لە تراژیدیاییەکی نوێتر دەگەڕیینەوە لاتان.
-دوو کەس بووین-
هەرخۆمان، خۆمان فریوداو
هەر خۆمان، خۆمان ئاشق کرد و
هەر خۆشمان، خۆمان کوشت!
***

هیشتا چاومان بە باران تەڕ نەبوو
بەفر دایکرد.
هیشتا سەیری نارنجەکانم نەکردبوو،
تاکسییەک هەواڵی دارستانی لێمان دەپرسی.
***

تۆ پێت وتم:
دەست لە ناو دەستی ئەشق نێ با تەنیا نەبم

پەپوولە دەوەری و
پاییز دەباری بە سەرماندا

***

ئیمە خۆمان بە خۆمان وت:
قەت لەسەفەردا شیعر نەخوێنینەوەو
گەمە بە وشەکان نەکەین،
شەقامەکان بنووسین و
هەواڵی ئێوارەیەکی دووکەڵی بخەینە ناو ڕۆژنامەیەکی
بەیانییەوە.

***

من هەمیشە دەریا دەپۆشم،
تۆ لە چاوما پۆل پۆل باران هەڵفڕێنە و
شەپۆل شەپۆل وشەی تازە ببارێنە بەسەر سینگ و نارنجەکانا
تەمای چیم بێ،
کە گاڵتە بە خۆم بکەم و بە تاکسییەکانیش،
تۆ قاقا پێبکەنی بەم شیعرە.

***

هێشتا لە ڕەشنووسی ئەم سەفەرەدا،
تۆ لەنێوان من و ئەم شەقامە بێ ئەشقەدا موسافیری
بحەسێوە،
لە ژێر چەتری بێ باراندا،
نەفرەت لەوانەی حەزیان لە نارنجەکانی سەر سینگتە!
ئاگادار بە
ئەم شۆفیرانە دەمێکە جەستەی هەتاویان ناشتووە.

بە شلفەوە تاشر

***

من پێم وتی بۆنی عەتر و باران جێ مەهێڵە،
ژمارەکان مەدە دەست ڕەشەبا،
بیاندڕێنە نامەکانی سەفەرو
دارەکانی دارستان و
هیچ ڕێگەیەک ئاوەها دوور نەبوو.

***

تاوێک لە ژێر ئەم چەترەدا بحەسێوە،
باران دەمێکە نابارێ و
شار لە دووکەڵی ئێوارەدا
هەر دوور و دوور و دوورتر دەبێتەوە لێمان
وەک گەڵای پەپوولە و
ڕۆحی سەوز هەڵگەڕاوی پاییز.
-ئێمە دوو کەس بووین-
من و
خۆم و
سێبەرەکەم.

کەریم دافیمی
(ک.د.ئازاد)

ساڵی ۱۳۳۹ لە ناوچەی سەردەشت لە دایک بووە. خوێندنی لە شارەکانی سەردەشت و بانە درێژە پێ داوە؛ تا ساڵی ۱۳٦۳ لە زانکۆی تەوریز لە خوێندن بۆتەوەو لیسانسی وەرگرتووە. بڕوانامەکەی لەسەر کوردانی سۆران نووسیوە.

لە ساڵی ۱۳۵۵ەوە هۆگری شیعرو ئەدەب بووەو لەو کاتەوە تا ئێستا خەریکی چالاکی ئەدەبییە.



ساڵی ۱۳٦۸ لە گەڵ تاقمێ لە هاوالانی، ئەنجومەنی ئەدەبی شاری بانە دادەمەزرێنن.

تا ئێستا زۆربەی شیعرەکانی لە کۆڤارو ڕۆژنامەکاندا چاپ کراون.

بۆ جودایی

زۆرم پێ وت:
ئەگەر مەیلی هەتاوت کرد
پێدەکەنم
پڕ بە کوێستان و دەشت و دەر
ئەگەر تاسەی بارانت کرد
تێر تێر دەگریم
وەک بارانی بە بێ لەمپەر
ئەگەر مەرگی منیشت ویست
ئەوە سەر و ئەوەش خەنجەر
بەڵام هەرگیز رازی دڵم
مەڵێ بەوانەی بێ خەبەر.

***

زۆرم پێ وت:
سوێندم دا سەد سوێندی خوایی
بەڵام داخم
رازی دڵمی وت لە هەر جێ
بۆ هەر کەسێکی ئاسایی
هەر ئەو کارەش منی هان دا
بۆ جودایی،
بۆ تەنیایی.

شەیدایی

دەستەکانم،

به ئاسمانی ئەوینی تۆ نەگەیشتن
لە جومگەوە لێم کردنەوە و
لە ئاسمانم هەڵاویشتن!
چاوەکانم،
رووی دیتنی تۆیان نەبوو
ماچی سەرنێزەم پێ کردن
تا مەحرەمی بەژنی تۆ بن
هەتا مردن.
قاچەکانم،
رێیان نەبردە جێ ژوانت
بە تیغی جەللادم بەخشین
تا فڕینم بەرەو لای تۆ
مسۆگەرکا
باڵی ئەوین.

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)